# گوڵان

سالی بیست و هەشتەم (۱۲۹۵)- (۲۹)ی تشرینی دووەمی ۲۰۲۱


## لە (۱۰۷)ـەمین ساڵیادی لە سێدارەدانیدا

# شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکەمین ڕابەر بووە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە






www.gulan-media.com

www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

(چراکانی نیشتمان) کتێبێکی کلتووریی بیۆگرافییە لەلایەن نووسەری بەتوانا (خەلیل عەبدوڵڵا) لە بەرگێکی ناوازەو چاپێکی جوان کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە بیۆگرافی کەسایەتییە کلتوورییەکان و هەندێ بابەتی دیکەی پەیوەندیداری لەخۆ گرتووە، لەم کتێبەدا نووسەر تیشکی خستووەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتییانەی کە هەر یەکەیان لە بوارێکدا خزمەتیان بە کاروانی کلتووریی کوردستان کردووەو شوێن پەنجەی ڕەنگینیان دیارە.

هەروەها نووسەر خۆی دەڵێت کە زانیارییەکانی ئەم کتێبەی لە چەند سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووەو پاش شەن و کەوکردن و لێکۆڵینەوە، ڕێکی خستووە و دایڕشتووە و بابەتەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە.

چراکانی نیشتمان بە شێوەی ئینسکلۆپیدیا و بە پێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی ڕێکخراوە، لە ساڵی ٢٠١٧ بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە چاپکراوە، کە (١٨٣) چرای لەخۆ گرتبوو، ئەم جارە بەرگی یەکەم و دووەمی بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا تێهەڵکێش کراوەو کۆی هەموویان (٣٥٤) چرایە.

نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم کتێبە بەرهەمی شەش ساڵ گەڕان و کارکردن و ماندووبوون و شەونخونییە، بۆ نووسینی بیۆگرافی ئەو کەسایەتییانەی لە قۆناغە جیا جیاکاندا خزمەتیان بە کاروانی ڕۆشنبیری و هونەری کوردستان کردووە.

پیرۆزبایی لە نووسەری بەتوانا مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا دەکەین کە بەم بەرهەمەی چرا داگیرساوەکانی گەلەکەی بەسەر کردووەتەوە.. خەرمان بەرەکەت.






## پ.د. شێرزاد نەجار :



**کاتێک کۆمەڵگە خۆی دژی دەوڵەت دەبێت**
**بیرکردنەوە لەگەڵ حاڵەتی نادەوڵەتی..**
**دژی حاڵەتی نادەوڵەتی**

## هەڵگورد شێخ نەجیب :



**خەڵکی دەڤەری سۆران**
**لە ئیدارەی سەربەخۆ**
**سوودمەند دەبن و کەرتی**
**بازرگانی و گەشتیارییش**
**دەبووژێنینەوە**

## دکتۆر کەمال تەیب :

**داهاتی باج لە کوردستان**
**بۆ خزمەتگوزارییەکان و مووچە**
**بەکار دەهێندرێتەوە**



## یانیس ستیڤاچتیس :



**ئەمریکا کەمتر**
**بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی**
**ناوەڕاست دەدات**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر محەمەد ئیحسان:



## عێراق لە قۆناغێکی ڕاگوزەریدایە و کێشەی بنەڕەتییش تێیدا نەبوونی ناسنامەی هاوولاتیبوونە



چیمەن فەیزوڵا

## سیستمی حوکمڕانی و چەند و چۆنیی حکومەت لەگەڵ پرسی ژنان، ڕۆڵی بەرچاوی لە بەرهەمهێنانی ژنانی بەتوانا دەبێت

## یەکەم مۆبایلی زیرەک ڕامەکەی ٢٠ گیگابایتە



## ڤاکسینی کۆڤید بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە بێ مەترسییە






بەهرە یاسین :

## یاریزانی بیانی دەبێ تەنیا بۆ ئەزموون سوودی لێ وەربگیرێت

ئایە حەسەن:

## شانازییە بۆ من لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کار بکەم





له (١٠٧) ەمین ساڵیادی لەسێدارەدانیدا

# شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکەمین ڕابەر بووە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە



میژوونووس عەبدولمونعیم ئەلغولامی کاتێ وەسفی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەکات، دەڵێت: «زۆر بوێر و دلێر و بەسام و خواپەرست و زاهید بوو»، هەروەها سدیق دەمەلووجی کە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ژیاوە و، لە ساڵی ١٩٠٧دا لە ئامێدی چاوی پێی کەوتووە، بەوە وەسفی دەکات کە «شێخ دەیویست لە هەموو شت بگات، تابڵێی زیرەك و بیرتیژ بووە».

بۆیە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەکەی شێخ عەبدولسەلام یەکەم بزووتنەوەی چەکداری بووە کە ئامانجگەلی ڕوون و دیاری سیاسی و نەتەوەیی هەبووە، داواکارییەکانی بزووتنەوەکەی گەیاندووەتە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها شێخیش یەکەم کەس بووە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بە هۆکارگەلی سیاسی لە سێدارە دراوە.

هەموو ئەوانەی بەدواداچوونیان لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کردووە، ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە زۆربەی ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینانەی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەرکەوتوون، نەیانتوانیوە لە بەردەم هێرشی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، خۆڕاگر بن، سەرەنجامیش ئەو بزووتنەوە و ڕاپەرینانە بە دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان، یان خۆبەدەستەوەدانیان، یانیش کوشتنی ئەو سەرکردانە کۆتاییان هاتووە، بەڵام تەنیا ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینە چەکدارییانەی لە دەڤەری بارزان، کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەریان هەڵداوە، بەو ئاکامە کۆتاییان نەهاتووە و تەنانەت بە گرتنی شێخ عەبدولسەلام (١٨٧٤ تا ١ی ١٢ی ١٩١٤)* کە دواتر لە مووسڵ لە سێدارە دراوە، بڵێسەی شۆڕش نەکوژایەوە، یان کاتێك تورکیا لە ساڵی ١٩٣٢ شێخ ئەحمەد بارزانی (١٨٩٢-١٩٦٩) ڕادەستی عێراق کردەوە و ناچاری کرد لە مووسڵ نیشتەجێ بێت، بەمەش نەوەستا و بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دووری خستەوە، یان بە نسکۆی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥

**هۆکارێکی خودی کاریگەریی هەبووە بۆ سەر بەردەوامبوونی زیاتری ئەو بزووتنەوانەی لە دەڤەری بارزان سەریان هەڵداوە، هەر ئەو بزووتنەوانەش کاریگەرییان زۆرتر بووە بەراورد بەو بزووتنەوانەی پێش ئەوان سەریان هەڵداوە**



**پ. د. عەبدولفەتاح بۆتانی**
سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی- هەولێر

بۆ گوڵان نووسیویەتی



نووسەر لە سەر مەزاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ

کە لە ئاکامی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ ڕووی دا، یانیش بە ماڵئاوایی سەرکردە و ڕابەری شۆڕشی هاوچەرخی کورد لە یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٩ نەیانتوانی کۆتایی بە شۆڕش بهێنن.

● **پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، هۆکار و فاکتەرەکان بۆ بەردەوامبوون و درێژەپێدانی شۆڕشەکان لە دەڤەری بارزان چین؟**

لێرەدا لەسەر خاڵێك دەوەستم و جەختی لێ دەکەمەوە، من لەو باوەڕەدام کە ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە کە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەم دیاردە مێژووییەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە هۆکارێکی خودی کاریگەریی هەبووە بۆ سەر بەردەوامبوونی زیاتری ئەو بزووتنەوانەی لە دەڤەری بارزان سەریان هەڵداوە، هەر ئەو بزووتنەوانەش کاریگەرییان زۆرتر بووە بەراورد بەو بزووتنەوانەی پێش ئەوان سەریان هەڵداوە، یان لەو سەردەمەی ئەوان هەبوون، یانیش دوای ئەوان بەرپا بوون، ئەم فاکتەش پەیوەستە بە سرووشتی یەکگرتوویی بارزانی کە شێخانی بارزان دایانمەزراندووە و، خۆی لەو ڕایەڵە بەهێز و پتەوەی نێوان ئەندامانی ئەو عەشیرەتەدا دەبینێتەوە، هەروەها لەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە بە تەریقەتی شێخانی بارزان (تەریقەتی نەقشبەندی) دەبەستێتەوە، کە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە ڕێکخست، ئەمەش توانای ئەوەی پێ بەخشی کە بەرەوڕووی هەموو پەرەسەندنە سیاسییەکان بوەستێتەوە، کە لە باشووری کوردستان هاتنە کایەوە.

لەگەڵ ڕۆژگاردا، بارزانییەکان بوون بە چەقی جەمسەری پتەو و دڵسۆز و جێ متمانە و ڕەهای وەلا و هەواداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە باشووری کوردستان، هاوکات بارزان بوو بە چەقێکی سەرەکیی بەرگریی نەتەوایەتیی کورد، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی بارزانییەکان هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمینەوە کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد هەبووە، لەم بارەوە نووسەر کەریم یلدز دەڵێت: «شێخەکانی بارزان ڕۆڵێکی بەرچاو و گەورەیان لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و پەرەسەندنی لە عێراقدا هەبووە»، یان بە قسەی ئەدکار ئۆبلانس کە دەڵێت: «بارزان بەردی بناغەی یەکەمی بزووتنەوەی کوردی و پەرەسەندنی ئەو بزووتنەوەیان داناوە، ئەمەش بوو بە هێمایەك بۆ هەموو بزووتنەوەکانی کورد».

**لەگەڵ ڕۆژگاردا، بارزانییەکان بوون بە چەقی جەمسەری پتەو و دڵسۆز و جێ متمانە و ڕەهای وەلا و هەواداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە باشووری کوردستان، هاوکات بارزان بوو بە چەقێکی سەرەکیی بەرگریی نەتەوایەتیی کورد**



شوێنەواری بۆمباباران لە دەوری مەزاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ

شێخ عەبدولسەلام بارزانی تەوەری فاکتەری خودی و بابەتی بوو، شێخ کۆمەڵێك چاکسازیی لە ناوچەکەدا ئەنجام داوە، لەوانە: لابردنی جەور و ستەم، هەوڵدان بۆ لابردنی سیستمی ئاغایەتی بەو پێیەی بەربەستە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و، بووە بە کوتکی دەستی دوژمنانی کورد، هەروەها دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا، پێکهێنانی لیژنە لە گوندەکان، جا بۆ پارێزگاریکردن لەم دەستکەوتانە، فەرمانی دا لە هەر گوندێکدا هێزێکی چەکدار دروست بکرێت، تاکو لە کاتی پێویستدا ئامادە بێت.

دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلام کاروباری ناوچەکەی ڕێکخست، ئینجا دەستی بە چالاکیی سیاسی کرد و پەیوەندییەکی زۆری بە سەرکردەکانی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردی و ڕۆشنخوازانی تورکەوە کرد، لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئەوە بوو کە شێخ توانی بێتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بۆیە دەبینین کە لە ساڵی ١٩١١دا داوای کرد سەردانی بەریتانیا بکات و، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بخاتە بەردەم پاشای ئەو وڵاتە. ئەو لێدوانەی شێخ لەو کاتەدا تا بڵێی مەترسیدار بوو، بە تایبەتی لەلایەن پیاوێکی ئایینی لە ناو دەوڵەتێکی (ئیسلامی)دا، بەڵام کە ئەو لێدوانەی دا، چونکە سیاسەتمەدارە و هەوڵ دەدات گەلەکەی ڕزگاربکات و ستەمی لەسەر لاببات، شێخ عەبدولسەلام پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، چونکە ئەو کاتە زۆر چاك لە سیاسەتی ئەمری واقیع گەیشتبوو، خاوەن بیر و دید و ڕوانینێکی کراوە بوو، دوور لە چەقبەستنی ئایینی و دەمارگیریی بێزەوری مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی نەتەوەیی و دوور لە چوارچێوەگەلی تەسکی ئایینی، ڕەنگە ئەمەیان مێژوونووس عەبدولمونعم ئەلغولامی کە لە ڕووداوەکان نزیك بوو، زیاتر بۆمان ڕوون بکاتەوە، کاتێك وەسفی شێخ دەکات و دەڵێت: «زۆر بوێر و دلێر و بە سام و خواپەرست و زاهید بوو»، هەروەها سدیق دەمەلووجی کە لە سەردەمی شێخدا ژیاوە و، لە ساڵی ١٩٠٧دا لە ئامێدی چاوی پێی کەوتووە، بەوە وەسفی دەکات کە «شێخ دەیویست لە هەموو شت بگات، تا بڵێی زیرەك و بیرتیژ بووە.»

بۆیە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەکەی شێخ عەبدولسەلام یەکەم بزووتنەوەی چەکداری بووە کە ئامانجگەلی ڕوون و دیاری سیاسی و نەتەوەیی هەبووە، داواکارییەکانی بزووتنەوەکەی

**ڕۆڵی بارزانییەکان هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمینەوە کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد هەبووە**

گەیاندووەتە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها شێخیش یەکەم کەس بووە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بە هۆکارگەلی سیاسی لە سێدارە دراوە.

جێی سەرنجە شێخ عەبدولسەلام بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی پەنای بۆ چەك نەبردووە، مەگەر هەموو دەروویەکی ئاشتییانە و دیپلۆماسیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لێ گیرابێت، بۆیە بزووتنەوەکەی شێخ بە پێشەنگی تێکۆشانی کورد دەژمێردرێت لە هەردوو بواری سیاسی و سەربازیدا.

دەگەڕێمەوە سەر باسکردنی مەسەلەی هۆکارەکانی بەردەوامبوونی بزووتنەوە چەکدارییەکانی نیشتمانی لە بارزان، لێرەدا نموونە بە قسەی شێخ عەبدولسەلام دەهێنمەوە، کاتێ بردیانە بەردەم پەتی سێدارە کە هۆشداریی بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی دا، لە هەوڵ و ئەنجامەکانی لەسێدارەدانی، بۆیە پێی گوتن: «ژیان و مردن لای من هاوشێوەن، بەڵام مردنم بەو شێوەیە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدا نییە»، کە مەبەستی لەسێدارەدانی بوو بەو شێوە ئاشکرایە، دواتر دەمەلووجی باس لەم شێوەی لەسێدارەدانی دەکات کە دەڵێت: بە ئاشکرا لە سێدارەدانی شێخ سۆزی کوردانی هێنایە جۆش.

هەروەها قسەی (عەلی محەمەد ئەمین ئاغا مزووری) کە گەنجێکی هاوڕێی شێخ بوو، کە بە دلێری و بوێرییەوە چووە بەردەم پەتی سێدارە، بە کوردی هاواری کرد و گوتی: «قوڕ بەسەر حکومەت. بارزانییەکان بە لەسێدارەدان لەناو ناچن. بارزانییەکان قەد نامرن».

لە ئێوارەی ڕۆژی ٥ی موحەڕەمی **١٣٣٣** ك، بەرانبەر ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٣٣٠ی ڕۆمی، کە دەکاتە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩١٤، شێخ و هەر سێ هاوڕێی لەسێدارە دران، پێش ئەوەی بە خاك بسپێردرێن، وێنەیەکی شێخیان گرت، کە هێشتا لەگەڵ هاوڕێکانی بە پەتی سێدارەوە بوون، ئەو کاتە والی (سلێمان نەزیف) زۆر بە لەخۆباییبوون و شانازییەوە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سێدارە وەستابوو، دەستەی دیوانی عورفی کە حوکمەکەیان دەرکرد، دەوریان دابوو، ئەو وێنەیەی لەسەر کارتی پۆستال دانا و بە جیهان و لە نێو بارزانییەکاندا بڵاوی کردەوە، دەمەلووجی پێی وایە ئەم هەڵسوکەوتە هەڵەیەك بوو، کە دواتر باجێکی گەورەی لێ کەوتەوە.

قسەکەی شێخ و هاوڕێ گەنجەکەی، ئەو پەڕی وردی و دووربینی و دیدگا فراوانیی تێدا بوو، بارزانییەکانیش درێژەیان بە خەبات دا و لەسەر ڕێبازی شێخ بەردەوام بوون، ئەوان دەستەوەسان نەبوون و ئۆقرەیان نەگرت، بەڵکو بزووتنەوە نیشتمانییەکانیان هەر بەردەوام بوون، لە ئەنجامیشدا زۆر بەگران لەسەر حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کەوتەوە.

بە ڕاستی ئەو قسەیەی دەمەلووجی هاتە جێ، کاتێ نووسیبووی: لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام ڕووداوگەلی مەترسیداری بەدوای خۆیدا هێنا، سۆزی کوردانی هێنایە جۆش، چونکە لەسێدارەدانی ئەو، داخ و خەم بوو لە دڵ و دەروونی هەموو کورداندا، چ ئەوانەی لایەنگر و پەیڕەوکاری بوون یان نا، لەسێدارەدانی شێخ بووە هۆی ئەوەی کە بارزانییەکان بۆ هەمیشە لە گوێڕایەڵی دەربچن، بە شێوەیەك نیگەران و خەمباری کردن کە بۆ ساڵانێکی زۆر لەبیریان نەچووەوە.

دەسەڵاتداران تەرمی شێخ و هاوڕێکانیان ڕادەستی کەسوکاریان نەکردنەوە، بەڵکو لە ڕق و تۆڵەدا لە گۆڕستانی (غەریبان) بە خاکیان سپاردن، ئەو گۆڕستانەی کە دەکەوێتە بەرانبەر مەرقەد و مزگەوتی ئەلمەولا لە گەڕەکی سابوونچی، گۆڕەکانیان تەخت کردن و گلکۆیان سڕینەوە، تا کەس کێلی گۆڕەکانیان نەبینێت، ئەو گۆڕستانە دواتر بە گۆڕستانی (ئەلبو بەدران) ناو نرا.

سەدیق دەمەلووجی مێژوونووس کە ڕووداوەکەی بینیوە، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی والیی مووسڵ کۆمێنت دەنووسێت و دەڵێت: باشە سلێمان نەزیف چ زیانێکی دەکرد، ئەگەر گۆڕەکەی شێخی بهێشتبایەوە و تێکی نەدابایە؟ ئایا کە ئەمەی کرد لە ترسی ئەوە بوو نەبادا خەڵکی مووسڵ بیکەن بە مەزار و بیپەرستن؟ یان بارزانییەکان بێن و بیبەنەوە، ئایا لە ترسی مردووەکان بوو، یان لە ڕق و تۆڵەدا بوو؟ یانیش بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەییان بوو؟ یان مەبەست سووکایەتی بوو بە هەستی نەتەوەی کورد و شکاندنی کەرامەتی ئەو میللەتە؟

**شێخ عەبدولسەلام بارزانی تەوەری فاکتەری خودی و بابەتی بوو، شێخ کۆمەڵێک چاکسازیی لە ناوچەکەدا ئەنجام داوە، لەوانە: لابردنی جەور و ستەم، هەوڵدان بۆ لابردنی سیستمی ئاغایەتی بەو پێیەی بەربەستە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و، بووە بە کوتکی دەستی دوژمنانی کورد**

**شێخ عەبدولسەلام پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، چونکە ئەو کاتە زۆر چاک لە سیاسەتی ئەمری واقیع گەیشتبوو، خاوەن بیر و دید و ڕوانینێکی کراوە بوو، دوور لە چەقبەستنی ئایینی و دەمارگیریی بێزەوری مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی نەتەوەیی و دوور لە چوارچێوەگەلی تەسکی ئایینی**

**شێخ عەبدولسەلام بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی پەنای بۆ چەک نەبردووە، مەگەر هەموو دەروویەکی ئاشتییانە و دیپلۆماسیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لێ گیرابێت، بۆیە بزووتنەوەکەی شێخ بە پێشەنگی تێکۆشانی کورد دەژمێردرێت لە هەردوو بواری سیاسی و سەربازیدا.**

ڕاستییەکەی، مەبەستی دەسەڵاتی دواکەوتووی عوسمانی ئەوە بوو کە کەرامەتی کورد بشکێنێت و سووکایەتی بە هەستی کورد بکات، بەڵام ئەوان نەسڵەمینەوە و ملیان نەدا، بەڵکو کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی تەپوتۆزی سەرشۆڕی و سووکایەتی لەخۆیان داتەکێنن، لەسێدارەدانی شێخیش گەورەترین پاڵنەر بوو، چونکە دۆزی کورد بە لەسێدارەدانی شێخ لەناو نەچوو.

دەمەلووجی پێی وایە کە هەندێ لەوانەی هاوسۆز بوون لەگەڵ شێخانی بارزان، ویستیان بێنە سەر گۆڕی شێخ عەبدولسەلام، کە تەخت کرابوو، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان بەدی نەکرد، مووسڵاوییەکان ئەوانەی هاوسۆزی کوردن، هێمایان بۆ ئەو شوێنە دەکرد کە شێخ و هاوڕێکانی تێدا نێژرابوون لە گەڕەکی سابوونچی، لەو گەڕەکە کە کوردی تێدابووە، دەوڵەتی عوسمانی لێرە لەسێدارەی داون، ئەو کاتە ئێمە منداڵ بووین، هەر کاتێك بەو شوێنە چۆڵەوانییەدا ڕەت بووباینایە، گوێمان بەو قسەیە دەزرنگایەوە، ئەو چۆڵەوانییە کە لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە هۆتێلێك هەبوو، ناوەکەیم بیر نەماوە، لەلای باکووریشەوە شوێنێك بوو کە دواتر کرا بە خواردنگەیەك، کە دەرگای پشتەوەی ڕووی لە گۆڕستانەکە بوو، بەڵام لە لای باشوورەوە کۆڵانێکی تەنگەبەر هەبوو، ئەو شوێنەی لە خواردنگەی نەهرەین جیا دەکردەوە کە لە ڕۆژئاواوە ڕوو لە گۆڕستانەکە بوو، ئەمە لە ناوەڕاستی شەستەکان لابرا و، دواتر بوو بە گۆڕەپانی وەستانی پاسەکانی هێڵی ناوخۆی شار.

زۆر دیدار و چاوپێکەوتنم لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ناوداری مووسڵ خودا لێی خۆش بێت عەبدولباسیت یونس ئەلبەدرانی (١٩٢٨-٢٠٠٠) ئەنجام دا، ئەو پێش هەمووشت قسەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی ئەوە بوو، شانازی بەوەوە دەکرد کە گۆڕستانی باب و باپیرانی ئەو تەرمی شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لە ئامێز گرتووە، ئەو گۆڕانە تا ئێستاش هەر ماون و بنەماڵەکەی ئەو (ئەلبو بەدران) و پیاوانی عەشیرەتی ئەلبگارە پاراستوویانن، باسی ئەوەشی بۆ کردم کە کۆمەڵە کەسێك (مەبەستی ماڵباتی بارزانی بوو) دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ واتا دوای دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، گۆڕەکان و گۆڕستانەکەیان نۆژەن کردووەتەوە و، دیوارێکی بەرزیان بۆ دروست کردووە.

## ● دۆخی ئێستای ئەو سێ مەزارە

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر کە نزیکەی ١٠ ساڵ دەبوو، بە هۆکاری ئەمنی سەردانی مووسڵم نەکردبوو، ئەوە بوو لە ٢٨ی تشرینی یەکەم و لە چواری تشرینی دووەمی ٢٠٢١ سەردانی ئەو شارەم کردەوە، یەکێك لە مەبەستەکانی سەردانەکەم بۆ مووسڵ سەردانی مەزاری شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی بوو، ئەو شوێنەی بینیم بە شێوەیەك بوو کە دڵت ژانی دەکرد و بەزەییت پێدا دەهاتەوە، ئەو خانووبەرانەی کە پێشتر لە دەوری گۆڕستانەکە بوون، هەموویان ڕووخا بوون و، بە هۆی ئەو شەڕوشۆڕانەی لە هاوینی ٢٠١٦ لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ڕوویان دابوو، زۆر وێران بوون، بەڵام ساباتە کۆنکریتییەکەی سەر سێ گۆڕەکە وەك خۆی مابووەوە و، ئاسەواری تۆپبارانیشی پێوە دیار بوو، کێلی گۆڕەکان هەموویان شکا بوون، لە ئێستاشدا شوێنی گۆڕستانەکە کراوەیە و، دەکەوێتە بەرانبەر مزگەوتی سابوونچی کە (١٥٠) مەتر لە لای ڕاستی ڕووباری دیجلەوە دوورە، بینایەی سینەمایەکیش دەڕوانێتە گۆڕستانەکە، ئەویش هەر بە تەواوی کاول بووە، ئەو شوێنە شوورەیەکی لە تەنەکە بۆکراوە، کە بە دەوریدا هەڵچنراوە و زۆر قایمیش نییە، من توانیم بچمە ناو ئەو شوێنەوە و، هەر کە گەیشتمە سەر هەر سێ مەزارەکە، چەند وێنەیەکیانم گرت.

داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم گرنگی بەم هێمایەی خەبات و بەم کەلەپوورە نەتەوەییە مێژووییە بدات، گۆڕستانەکە نۆژەن بکاتەوە و شوورەی بۆ دابنێت، تا شایانی ئەو زاتانە بێت کە لەوێدا نێژراون، باشترین شتیش ئەوەیە کە بە ڕێگای نوێی تەکنیکی بگوێزرێنەوە بۆ کوردستان.

---

* لە چەندین سەرچاوەی دیکە ١٩١٤/١٢/١٤ بە ڕۆژی لە سێدارەدانی عەبدولسەلام بارزانی دانراوە. (گوڵان)

**ئەو قسەیەی دەمەلووجی هاتە جێ، کاتێ نووسیبووی: لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام ڕووداوگەلی مەترسیداری بەدوای خۆیدا هێنا، سۆزی کوردانی هێنایە جۆش، چونکە لەسێدارەدانی ئەو، داخ و خەم بوو لە دڵ و دەروونی هەموو کورداندا، چ ئەوانەی لایەنگر و پەیڕەوکاری بوون یان نا**

**مەبەستی دەسەڵاتی دواکەوتووی عوسمانی ئەوە بوو کە کەرامەتی کورد بشکێنێت و سووکایەتی بە هەستی کورد بکات، بەڵام ئەوان نەسڵەمینەوە و ملیان نەدا، بەڵکو کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی تەپوتۆزی سەرشۆڕی و سووکایەتی لەخۆیان داتەکێنن**

**ڕۆژنامەنووسی ناوداری مووسڵ خودا لێی خۆش بێت عەبدولباسیت یونس ئەلبەدرانی (١٩٢٨-٢٠٠٠) ئەنجام دا، ئەو پێش هەمووشت قسەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی ئەوە بوو، شانازی بەوەوە دەکرد کە گۆڕستانی باب و باپیرانی ئەو تەرمی شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لە ئامێز گرتووە**

# کاتێک کۆمەڵگە خۆی دژی دەوڵەت دەبێت

## بیرکردنەوە لەگەڵ حاڵەتی نادەوڵەتی.. دژی حاڵەتی نادەوڵەتی

-١-

**عێراق وەك نموونەیەكی حاڵەتی نادەوڵەتی:**

چەمكی حاڵەتی نادەوڵەتی (اللادولە) ئاماژەیە بۆ جۆرێكی دیاریكراوی دەسەڵات لە ناو دەوڵەتێكی فەرمیدا، هێمایە بۆ جۆرێك لە ڕێكخستن كە ئامانجی ململانێیە و سەرەنجامیش دژایەتیی ڕێكخستنە فەرمییەكانی دەوڵەتە، لە بەر ڕۆشنایی ئەم چەمكە دەكرێت پێناسەی ئەوە بكەین كە ئێستا شپرزەیە، ئەم چەمكەش (حاڵەتی نادەوڵەتی) چەندین ئاماژە و مانا لە خۆی دەگرێت، گرنگترینیان بەكارهێنانی توندوتیژی و پاكانە بۆ كردنە بۆ ئەو ململانێیەی كە ئێستا لە عێراقدا هەیە.

چەمكی حاڵەتی نادەوڵەتی چەمكێكی دینامیكییە لە چوارچێوەی چەمكی دەوڵەتدا و، لە میانەی سەرهەڵدانی كێشە لە نێوان لایەنە سیاسییە پێكناكۆكەكاندا، بارودۆخی دەوڵەت دەگۆڕێت، بۆ حاڵەتێكی ڕاگواستن لە دەوڵەتێكی بەهێزەوە بۆ دەوڵەتێكی لاواز، یان دەوڵەتی پاشاگەردانی.


ئەم چەمكە بەكار دەهێندرێت وەك ئاماژەیەك بەوەی دەوڵەت گەیشتووەتە حاڵەتی لەبەریەكهەڵوەشان و لاواز و هەتا ئاستی پەرتبوون لەم چوارچێوەیەدا، سومالٌ وەك نموونەیەكی بەرچاو، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەكان لەناو حاڵەتی نادەوڵەتی وەك هەیكەل بوونیان هەیە، لە هەمانكاتدا دیاردەی (لاوازیی حوكمی یاسا دەردەكەویت، وەك ماكس ڤیبەر-یش ئاماژەی پێ كردووە، سەرەنجام دەوڵەت ئەو تایبەتمەندییەی خۆی ون دەكات، كە بە بۆچوونی ماكس ڤیبەر بریتییە لە (مۆنۆپۆلكردنی هێز بۆ سەپاندنی شەرعییەت)، لەم حاڵەتەدا دەوڵەت بوونی دەبێت و هەناسە دەدات، بەڵام ئیفلیج بووە و، لە حاڵەتی مردنی كلینیكی نزیك بووەتەوە.

٢

**كۆمەڵگەی دژ بە دەوڵەت**

ئەم حاڵەتەی بە نادەوڵەتی وەسفی دەكەین، جیاوازە لە حاڵەتێكی دیكە كە لە زانستی سیسیۆلۆژی پێی دەگوتریت: «كۆمەڵگەكانی دژی دەوڵەت»، ئەمەش مانای ئەوەیە

**ئەم حاڵەتەی بە نادەوڵەتی وەسفی دەكەین، جیاوازە لە حاڵەتێكی دیكە كە لە زانستی سیسیۆلۆژی پێی دەگوتریت: «كۆمەڵگەكانی دژی دەوڵەت»، ئەمەش مانایەی ئەوەیە كۆمەڵگە هەن، هەر لە بنەڕەتەوە دژی دەوڵەتن، وەک «دامەزراوە»ش دژی دەوڵەتن**



پ.د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کۆمەڵگە هەن، هەر لە بنەڕەتەوە دژی دەوڵەتن، وەك «دامەزراوە»ش دژی دەوڵەتن، لەم بارەیەوە سیسیۆلۆژیستی ناوداری فەرەنسی بیار کلاستەر - Pierre Clastres- 1934-1977 لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆمەڵگە دژی دەوڵەتە - la société contre letat)، هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە دەکات کە لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتن وەك دامەزراوە، ئەمە حاڵەتێکە لە حاڵەتی نادەوڵەتی دەچێت، بەڵام وەك یەکیش نین، بەپێی کلاستەر کۆمەڵگە بە بێ دەوڵەت ئەو کۆمەڵگەیانەن کە دژی دەوڵەتن، بەڵام پرسار لێرەدا ئەوەیە: ئایا جارێکی دیکە چۆن دەوڵەت دەردەکەوێتەوە؟ ئایا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دووبارە دروست دەکرێتەوە؟ چۆن لە دیدگای پەرەسەندنەوە سەیری دەوڵەت دەکرێت؟

«کلاستر» بزربوونی دەوڵەت بە کەموکورتییەك و گەیشتنی ئاستی سیاسەت بە سفر دادەنێت و، هەروەها ناشتوانرێت بە سەر ئەم حاڵەتەدا زاڵ بین، هەتا ئەو کۆمەڵگەیانە بەردەوام بن بە ئاراستەی پەرەپێدانی بەرەو دروستکردنی کێشەی ئاڵۆزی زیاتر و بە توندی بە سیاسیکردنی کۆمەڵگە و، هەتا دەگاتە ئەوەی ئەو وێنایە دروست بێت، کە هەموو کۆمەڵگە سیاسەت پیادە دەکەن.

لە قۆناخی یەکەمدا، وا پێدەچێ کە کۆمەڵێك گریمانە بوونیان هەیە و، هەر یەکەیان بەپێی قوتابخانەیەکی فیکری دارشتنی بۆکراوە و، سەرهەڵدانی کێشەی دەوڵەتیش کۆمەڵێك لایەنی شیکاریی هەمەلایەن دەگرێتەوە، وەك: «ژینگە و دیموگرافیا و تەکنەلۆژیا و بەرهەم و دووبارە دابەشکردنەوەی و بازرگانی و کارگێڕی و ئایدیۆلۆژیا و ململانێ دژی کۆمەڵگەکانی دیکە، یان ئەو ململانێیانەی لە ناو هەمان گرووپدا دروست کراون». لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە تیۆرەکان جەخت لەسەر پێکەوە سازان، یان توندوتیژی بکەنەوە، یان لەوانەیە هۆکارێك چەند هۆکاریکی هەبێت و، دەکرێت لەسەر ئاستی لۆکاڵ و گلۆباڵی پراکتیزە بکرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و بە چاوپۆشین لەم فرەییە ڕووکەشە، ئەوا دیاردەی دەرکەوتنی

کلاستر» بزربوونی دەوڵەت بە کەموکورتییەک و گەیشتنی ئاستی سیاسەت بە سفر دادەنێت و، هەروەها ناشتوانرێت بە سەر ئەم حاڵەتەدا زاڵ بین، هەتا ئەو کۆمەڵگەیانە بەردەوام بن بە ئاراستەی پەرەپێدانی بەرەو دروستکردنی کێشەی ئاڵۆزی زیاتر و بە توندی بە سیاسیکردنی کۆمەڵگە و، هەتا دەگاتە ئەوەی ئەو وێنایە دروست بێت، کە هەموو کۆمەڵگە سیاسەت پیادە دەکەن

**کۆمەڵگەکانی دژی دەوڵەت، ئەو کۆمەڵگەیانەن کە لە سەر بنەمای نزیکی و خزمایەتی ڕێکدەخرێن، ئەم لۆژیکەش ڕێگر دەبێت لە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵام ئەم لۆژیکەش بە شێوەیەکی وەک یەک و ڕێکخراو لە ڕووبەرە دیارینەکراوەکاندا پەرش نابیتەوە**

**لە بواری سیاسەتدا، بواری دەسەڵات بەو شوێنە دادەنرێت کە ژیانی پێکەوەیی و بیرکردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێکدەخات، ئەمەش وەک ئەوەی دەسەڵات لە میانەی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ دەرکەوتبێت، لە هەمانکدا بوونی سیاسەتیش پرسێکی گەوهەرییە بۆ کۆمەڵگە**

**پێوەری سیاسی پەیوەندیدارە بە بناخەیەکی ناچونیەکی ددانپێدانەنراو کە کۆمەڵگە یەکسانەکانی لەسەر دامەزراوە و بریتیە لە خواستی دەوڵەت بۆ ئەوەی هەمووان لە بەردەم یاسا یەکسان بن**

دەوڵەت لە زۆر حاڵەتدا بەو جۆرە سەیر دەکرێت، کە پرۆسەیەکە لەسەرخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت، لەناو ئەم پرۆسەیەدا بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و لە ئاکامی کەڵەکەبوونی زیاتری دەسەڵاتەکاندا، سەرکردە ناحکوومییەکان دەگۆڕدرێن بۆ پادشا بەهێزەکان، ئەمەش وەك ئەوەیە پرسەکە وەرچەرخانێکی نەخشێندراو بێت لە گەوهەری بەردەوامی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکەدا.

لە واقیعیدا ئەگەر شتێك هەبێت، هەموو ئەم گریمانانەی ئێستا سەبارەت بە بنەچەی دەوڵەت پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوەیە کە پرۆسەکە جۆریکە لە پەرەسەندنی هێواش لەسەر شێوازی پەرەسەندنی جینی و، دوای ئەوەی شانەکان دابەش دەبن، دەگۆڕێت بۆ شێوە تەواوەکە، ئەمەش وەك ئەوەیە «تۆ»ی دەوڵەت لە کۆمەڵگەکانی پێشتر چێندرابیت، بۆیە ئەمەش تەنیا مەسەلەی کاتە کە دەوڵەتی تێدا دەترووکێت، یان لەدایك دەبێت.

کۆمەڵگەی پێش دەوڵەت «pre-eta-tique» دەکرێت لە هەمانکاتدا کۆمەڵگەی لایەنگری دەوڵەت بێت، وەك پرۆفیسۆر جۆرج بیردۆ «Burdeau» جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کە تیایدا دەسەڵات لە دەسەڵاتی کەسی و دەستەبژێرەوە بەرەو دەسەڵاتی دامەزراوەی دەوڵەت وەردەچەرخێت، بەڵام دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا یەکێك لە لایەنەکان ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەو لایەنەش ئەوەیە: نە شەڕی داگیرکاری، نە چڕبوونەوەی دانیشتووان، نە پادشای پیرۆز دروست نەبن، کە ئەمانە خۆی لە خۆیدا هۆکاری کاریگەرن بۆ دەرکەوتنی دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت کۆمەڵێك مەرج دابنرێت، بۆ ئەوەی بوار هەبێت بگەینە دەوڵەت.

لوغزی «بنەچەی دەوڵەت» وەك کلاستەر باسی دەکات، ناتوانرێت بە تەواوەتی شی بکرێتەوە. ئەم پرۆسەیە بەردەوام لایەنێکی لابەلایی هەیە و ناتوانرێت بە ڕاشکاوی هیچی لەبارەوە بگوترێت، بەلام لە میانەی دیاریکردنی ئەو زەمینەیەی کە تیایدا دەوڵەتی تیا مومکین دەبێت، ئەوا ئامادەباشیی زیاتری تێدا دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییانەی «کلاستەر» چارەسەر بکات، ئەو جیاوازییانەش بریتی دەبن لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دوڵەت بانگەشە بۆ بەیەکبوون و سەرتاسەری لەناو خۆیدا دەکات.

کۆمەڵگەکانی دژی دەوڵەت، ئەو کۆمەڵگەیانەن کە لە سەر بنەمای نزیکی و خزمایەتی ڕێکدەخرێن، ئەم لۆژیکەش ڕێگر دەبێت لە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵام ئەم لۆژیکەش بە شێوەیەکی وەك یەك و ڕێکخراو لە ڕووبەرە دیارینەکراوەکاندا پەرش نابیتەوە، بە تەئکید، ئاماژەکردن بەو ڕووبەرانەی کە بووەتە هۆکاری دابەشبوونی کۆمەڵگە، ڕۆڵێکی کاریگەر لەو «ڕووداوە گەورە» دەگێڕن، کە کلاستەر باسی دەکات و دەڵێت: «لە ساتێکی ئاڵۆز و لە دیدارێکی ئاڵۆزدا، شتێکی ئاڵۆز بەرهەم دەهێنێت، کە ئەویش «دەوڵەتە»».

## ٣

## فەرمان و ملکەچی

### پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو

لە بواری سیاسەتدا، بواری دەسەڵات بەو شوێنە دادەنرێت کە ژیانی پێکەوەیی و بیرکردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێکدەخات، ئەمەش وەك ئەوەی دەسەڵات لە میانەی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ دەرکەوتبێت، لە هەمانکدا بوونی سیاسەتیش پرسێکی گەوهەرییە بۆ کۆمەڵگە. بەڵام هەڵەکە لێرەدا ئەوەیە کە سیاسەت وەك پێداویستییەکی تاك سەیر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بەو جۆرە سەیر بکرێت، ئەوا هەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سیاسی لە نێوان دوو تاکدا دەبێتە فەرمان و ملکەچکردن. ئەوەی بە لای توێژەرەوە گرنگە، پرسی شەرعییەتی سەرکردە نییە، بەڵکو ئەو بانگەشانەیە بەوەی دەبێت هەقیقەتی ئەو پەیوەندییە سیاسییەی بە ڕاشکاوی لە دیاردەی دابەشبوونەوە دەردەکەوێت، وەك پەیوەندیی ملکەچکردن بێت بۆ فەرمانەکان.

پێوەری سیاسی پەیوەندیدارە بە بناخەیەکی ناچوونیەکی ددانپێدانەنراو کە کۆمەڵگە یەکسانەکانی لەسەر دامەزراوە و بریتیە لە خواستی دەوڵەت بۆ ئەوەی هەمووان لە بەردەم یاسا یەکسان بن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری یەکخستنی هەموو جیاوازییەکان، ئەمە دەکشێ بۆ ئەو ئاستەی پەیوەندیی نێوان ملکەچی و

فەرمان درێژە دەکێشێت، ئەمەش واتە ئێمە لە هەقیقەتدا دەتوانین باسی یەك دەسەڵات بکەین، کە تیایدا یەك کەس فەرمان دەردەکات و، مەزندەی ئەوەش دەکات ملکەچیی ئەو فەرمانە بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا «کلاستر» جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانج لە بیرکردنەوەکانی دەرخستنی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی سەرەتایی (کۆمەڵگەیەکە دژی دەوڵەتە) و ئەمەش کێشەیەك بۆ فەلسەفەی سیاسی دەخاتە ڕوو، کە پەیوەندیدارە بە سرووشتی دەسەڵاتەوە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی سەرەتایی چۆن خراپ ڕەت دەکاتەوە، بە هەمان شێوە دەوڵەتیش ڕەت دەکاتەوە، پێناسەکردنی کەسێك بە خراپ، لەوەوە هاتووە کە متمانەی بە دەسەڵاتی سەنتراڵیی دەوڵەت نییە، لە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە نەستی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە لە کاتێکدا خێری گشتی (Un comme Bien) لە کۆمەڵگەی هاوچەرخەوە سەرچاوە دەگرێت.

« کلاستەر» ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: ئایا دەتوانین بە جددی بە گومان بین لە پێشنیاری دروستکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی؟ ئەم پرسیارەی کلاستەر ڕامانە لە چەمکی هێز، ئایا دەکرێت لە ناو چەمکی هێزدا شتێکی دیکە ببینین، بێجگە لەوەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوا بۆی دیاری کردووە؟ ئایا کارێکی ئاقڵانەیە پرسیاری لەم جۆرە لە کۆمەڵگەکانی دیکە بکرێت و، بپرسین: هێز لەوێ چی دەگەیەنێت؟ «کلاستەر» بە پێویستی دەزانێت، دووبارە ئەو چەمکانە دابڕێژێتەوە کە فەلسەفە بۆ بیرکردنەوە لە کۆمەڵگە بە کاری هێناون و، هەوڵ دەدات هەمەڕەنگیی چەمکەکان لای «ماکس فیبەر» پێش ئەویش «نیچە و هۆبز» تێپەڕێنێت، لەم حاڵەتەشدا پرسیار ئەوەیە: ئایا توندوتیژی پشتی بە هێز بەستووە؟ بە دەربڕینێکی وردتر، ئایا دروستکردنی توندوتژی کە وەك هەژموون سەیر دەکرێت، گەوهەری هەموو هێزێکە؟

کارەکانی «کلاستەر» هەوڵێکە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی لایەنە نەرێنییەکانی دەوڵەت لە پێناوی خستنەڕووی ئەو توندوتیژییەی دەوڵەتی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەمەش لە بەرامبەردا بۆ دەرخستنی مانای ئەرکی سیاسی بۆ توندوتیژی لە کۆمەڵگەی سەرەتایی « دژە دەوڵەت»دا.

«کلاستەر» جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێناسەی ڕۆژئاوا بۆ دەسەڵات، وەك سەپێندراو، پەیوەندیی ملکەچبوون بۆ فەرمان، لە حاڵەتی بیرنەکردنەوە لە یەقین سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەر «سەپاندن» ئەو زاراوەیە بێت، ڕێگەمان پێ بدات، کە بیر لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و توندتیژی بکەینەوە، ئەوا مافی خۆمانە بپرسین: ئایا دەتوانین بەبێ سەپاندن بیر لە دەسەڵات بکەینەوە؟ «سەپاندن» جۆرێك لە هێز دیاری دەکات، کە لە پەیوەندیی هەژموونی سەردار و کۆیلەدا خۆی بەرجستە دەکات، ئەم پەیوەندییەش «تۆی دەوڵەتە»، هەر لەبەر ئەمەش یەکێك لە بیرمەندەکانی یاسای دەستووری کە «لیون زەکی Du-guit» یە بەو جۆرە دەوڵەت پێناسە دەکات کە «جیاکاری سیاسییە لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراودا»، ئەم جیاوازیەش پشت بە هێز دەبەستێت، بەڵام مەرج نییە هێزی سەربازی بێت. لەمەوە «کلاستەر» دەگاتە ئەو ئاکامەی بوار هەیە بیر لە «هێز بەبێ سەپاندن» بکرێتەوە.

لە درێژەی تەواوی تیۆری بۆ چەمکی «کۆمەڵگەی دژی دەوڵەت»، ئامانجی ئەوەیە ئەوە بخاتەڕوو کە چۆن دەکرێت دەسەڵات پەرە بستێنێت لە دژی شێوەیەکی دیاریکراو لە شێوەکانی توندوتیژی، کە ئەمەش پەیوەندیی بە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پەیوەندیدارە بە «کۆنترۆڵکەر و کۆنترۆڵکراو»ـەوە، هەموو شتێك لە میانەی پشتبەستن بەوەی دیکە، «توندوتیژیی خوازراو»، کە هاوپێچە بۆ پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی.

کلاستەر ئاماژە بە پرسێکی زۆر ترسناك دەکات، ئەو پرسەش ئەوەیە کە لە بەرامبەر توندوتیژی لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا (کۆمەڵگەی دژە دەوڵەت)، توندوتیژیی دەوڵەتیش بۆ بێزیزیکردن بە مرۆڤ بوونی هەیە، (ئەمەش وەك لە ڕژێمە دیکتاتۆری

کارەکانی «کلاستەر» هەوڵێکە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی لایەنە نەرێنییەکانی دەوڵەت لە پێناوی خستنەڕووی ئەو توندوتیژییەی دەوڵەتی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەمەش لە بەرامبەردا بۆ دەرخستنی مانای ئەرکی سیاسی بۆ توندوتیژ لە کۆمەڵگەی سەرەتایی « دژە دەوڵەت»دا

کلاستەر» جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێناسەی ڕۆژئاوا بۆ دەسەڵات، وەك سەپێندراو، پەیوەندیی ملکەچبوون بۆ فەرمان، لە حاڵەتی بیرنەکردنەوە لە یەقین سەرچاوەی گرتووە.

وەک یاساناسی فەرەنسی موریس دوفرجیە ئاماژەی پێ کردووە، ململانێ بناخەی سیاسەتە، ئەم ململانێیەش لە پێناوی دەسەڵاتە وەک ڕێکخەرێک بۆ هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەسەڵات وەک دوایین دەستە توانای سەپاندنی بڕیارەکانی هەیە



و تۆتالیتارییەکان بوونی هەیە و ئارندنت دیاری کردووە)، بەمەش دەوڵەت لە ئازادی جیا دەبێتەوە، هەروەها بانگەشەمان دەکات بۆ بیرکردنەوە بۆ لێپرسینەوە لە شوێن، کە تیایدا لێپرسینەوە لە ئازادی دەبێتە شوێنێك بۆ پیادەکردنی توندوتیژی، بەڵام لە سەر کێ ئەم توندوتیژییە پیادە دەکرێت و بە چ ئامانجێك؟

کلاستەر دووبارە پێناسەی پەیوەندیی توندوتیژی بە دەسەڵاتەوە دەکاتەوە، کە ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بیر لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار لەگەڵ توندوتیژی بکەینەوە، کۆمەڵگەکانیش لە ناوخۆیدا هۆکاری گۆڕانکارییان هەڵگرتووە، بە جۆرێك کە دەسەڵاتی سیاسی هاوشانی بوونی کۆمەڵگە دەبێت، لەم حاڵەتەدا دەبێت گەوهەری دەسەڵاتی سیاسی لە بونیادی کۆمەڵگە جیا بکەینەوە، بەڵام وەك یاساناسی فەرەنسی موریس دوفرجیە ئاماژەی پێ کردووە، ململانێ بناخەی سیاسەتە، ئەم ململانێیەش لە پێناوی دەسەڵاتە وەك ڕێکخەرێك بۆ هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەسەڵات وەك دوایین دەستە توانای سەپاندنی بڕیارەکانی هەیە.

ناتوانریت بەبێ بوونی هیزە کۆمەڵایەتییە جیاواز و دابەشبوو و دژبەیەکەکان، بیر لە پرسی ململانێ بکرێتەوە، ئەمەش زۆر بە وردی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕوومالّ دەکات، کە تیایدا هەموو هێزە کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەکان پێکەوە تیکەڵ دەکات و کۆیان دەکاتەوە. ئەم چەمکە لەو چەمکەی (هۆبز)ـەوە هاتووە کە دەڵێت: «شەڕی هەمووان دژی هەمووان»، تەنیا بناغەیە بۆ کۆمەڵگە، بە تایبەتیش کۆمەڵگەی سەرەتایی دژ بە دەوڵەت و حالّەتی نادەوڵەتی لەناو دەوڵەتی فەرمیدا.

بەمجۆرە، دەوڵەت تەنیا چوارچێوەیە کە دەتوانرێت کۆمەڵگە بیری لێ بکاتەوە. دەوڵەت لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە ڕۆژئاوا لەو خالّەوە دامەزراوە، هەتا ئەگەر بە ڕێگەیەکی هەندێك جیاوازیش دەوڵەت دامەزرابێت، وەك هەندێك لە

**ناتوانریت بەبێ بوونی هیزە کۆمەڵایەتییە جیاواز و دابەشبوو و دژبەیەکەکان، بیر لە پرسی ململانێ بکرێتەوە، ئەمەش زۆر بە وردی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕووماڵ دەکات، کە تیایدا هەموو هێزە کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەکان پێکەوە تیکەڵ دەکات و کۆیان دەکاتەوە**



بۆچوونە جیاوازەکان ئاماژەی پێ دەکەن، بەڵام وەك «هۆبز» جەختی لێ دەکاتەوە، دەبێت دەوڵەت وەك هێزیکی دەرەکی بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە یەك بخات، بەمەش پێویستیی بوونی ڕووکاری دەرەوەی بوونی دەوڵەت، بووەتە وروژێنەری ڕامان لە فەلسەفەی سیاسیدا.

بەمجۆرە سیستمی دەوڵەت بەوە دەناسرێتەوە کە بتوانێت پێکەوەگرێدانێکی بەڵگەدار لە پیادەکردن و هەیکەلی دامەزراوەکان دروست بکات، کە لە چوارچێوەی حکومەتدا چڕدەبنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دیسان چەمکی دەوڵەت دێتە پیش، کە کۆمەڵگەکان بە شێوەی جیاواز و لە سەردەمە جیاوازەکان بڕوایان پێیەتی، ئەمەش ناچارمان دەکات لێکۆڵینەوە لەسەر دەوڵەت بکەین، وەك قەوارەیەك، یان پەیوەندییەك لە سەرووی سیستمی دەوڵەت و چەمکی دەوڵەتەوە.

کەواتە دەوڵەت لە چوارچێوەی پیادەکردنی سیاسەتدا دێتە بوون، وەك بونیادێکی زمنی دەست پێ دەکات و، پاشان وەك نوێنەرایەتیی گشتی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەرکی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت، پەل دەکێشێت بۆ ئاستێك کە پارێزگار و ڕادیکاڵییەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی کە پیادەکردنی سیاسەتەکانیان بە ئامانجگرتنی یەکدی نییە، بەڵکو بە ئامانجگرتنی دەوڵەتە، ئەمە وا دەکات، بڵێین: ئەرکی سەرەکیی زانایانی سیسیۆلۆژی و سیاسەت ئەوەیە کە ئەو تەمومژە لەسەر دەوڵەت بڕەوێتەوە و لە حاڵەتی نادەوڵەتی جیای بکەنەوە.

٤

### حاڵەتی نادەوڵەتی مانای نەبوونی دەوڵەت نییە

چەمکی حاڵەتی (نادەوڵەتی)، مانای ئەوە نییە دەوڵەت بوونی نییە، بەڵکو حاڵەتێکی تەمومژاویی ناسرووشتی لە ناو دەوڵەت دێتەئاراوە کە ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە هاوشانی دەسەڵاتە فەرمییەکانی دەوڵەت سەرکردایەتیی ئەو حاڵەتە ناسرووشتییە دەکەن، سەرەنجامیش لە ئاراستەی فەرمیی دەوڵەتەوە دوور دەبێت، ئەم حاڵەتەش (نادەوڵەتی)

**سیستمی دەوڵەت بەوە دەناسرێتەوە کە بتوانێت پێکەوەگرێدانێکی بەڵگەدار لە پیادەکردن و هەیکەلی دامەزراوەکان دروست بکات، کە لە چوارچێوەی حکومەتدا چڕدەبنەوە**

ئەوەی تا ئێستا سەلمێندراوە، ئەوەیە کە لاوازی و کەموکورتیی دەوڵەت لە وڵاتانی هەژار و دواکەوتوودا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئاسۆی پەرەپێدانەکەیدا، ئەمانەش ئەو دەوڵەتانەن کە ناتوانن خزمەتگوزاریی سەرەکی و گشتی بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن

هەتا ئێستا ڕێککەوتنێک لەنێو توێژینەوەکانی زانستی سیاسەت و سیسیۆلۆژی بوونی نییە سەبارەت بەو هۆکارانەی کە وا دەکات، دەوڵەتە لاوازەکان هەڵنەستن بە بەهێزکردنی دەوڵەتەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا سوودی زۆر بەرچاوی هەیە، ئەگەر ئەم کارە بکەن

دامەزراندنی بیرۆکراتەکانی ناو دەوڵەت لە سەر بنەمای پێوەری سیاسی کراون، وەک پاداشتێک بۆ پشتگیری، نەک لەسەر بنەمای لێهاتوویی نیشتمانی، ئەمەش وادەکات دەوڵەتەکە لاواز بێت لە ڕووی کردارییە

ڕەنگدانەوەی ئەو خواستەیە کە کۆمەڵگە لە حاڵەتی بێ دەوڵەتی (Stateless Societies) دەگوازێتەوە بۆ باری دەوڵەتێکی دامەزراو، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانە بە دەست پەرتەوازەیی و دابەشبوونێکی توندەوە دەناڵێنن، هەتا دەگاتە ئەوەی پێی دەڵێن: حاڵەتی (نادەوڵەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا)، سەرەنجامیش دەگاتە ئەو بارەی کە لە حاڵەتی ئەو کۆمەڵگەیانە بچێت کە بە دەست لاوازیی دەوڵەت و مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی بناڵێنن. ئەم حاڵەتە لە بۆشاییەوە دروست نابێت، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەری هاریکار هەن، بۆ دەرکەوتنی.

ئەوەی تا ئێستا سەلمێندراوە، ئەوەیە کە لاوازی و کەموکورتیی دەوڵەت لە وڵاتانی هەژار و دواکەوتوودا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئاسۆی پەرەپێدانەکەیدا، ئەمانەش ئەو دەوڵەتانەن کە ناتوانن خزمەتگوزاریی سەرەکی و گشتی بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن، وەك: (جێبەجێکردنی یاسا و سیستم، خوێندن و بونیادی ژێرخان). زاناکان زاراوەی هەمەجۆر بۆ ئەم پرسە بەکار دەهێنن، هەندێکیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەمە هۆکاری نەبوونی سەنتراڵیەتی سیاسییە، ئەمەش واتە پێداویستییەکانی دەوڵەتێکی سەنتراڵی بوونی نییە و قەوارەی دیکە دەسەڵاتی سیاسی پیادە دەکەن، هەندێکی دیکەی زانایان چەمکی (دەوڵەتی لاواز) بەکار دەهێنن، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بێ توانان، بەشێکی دیکەی زانایانیش پەنا بۆ ئەوە دەبەن، کە دوو ڕەهەند لە یەکدی جیاکەنەوە، یەکەمیان: هێزی بونیادی ژێرخانە، کە توانای دامەزراوەیی دەوڵەتی سەنتراڵییە و دەتوانێت بە شێوەیەکی لۆجستی بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، دووهەمیان: هەیکەلیەتی دەسەڵاتی سەرکوتکار کە ئاماژەیە بۆ (هێزی دابەشبوونی دەستەبژێرەکانی دەوڵەت لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی)، ئەمەش ئاماژەیە بە وەرگرتنی کۆمەڵێك ڕێوشوین کە دەستەبژێری دەوڵەت دەتوانن بە بێ دانوستاندن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی پیادەی بکەن، ئەمەش واتە بزربوونێکی ماددییانەی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

هەتا ئێستا ڕێککەوتنێك لەنێو توێژینەوەکانی زانستی سیاسەت و سیسیۆلۆژی بوونی نییە سەبارەت بەو هۆکارانەی کە وا دەکات، دەوڵەتە لاوازەکان هەڵنەستن بە بەهێزکردنی دەوڵەتەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا سوودی زۆر بەرچاوی هەیە، ئەگەر ئەم کارە بکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا هەندێك سوودی دیاریکراو بۆ ئەوانە هەیە، کە ئێستا دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوەیە و لە ناو بەردەوامیی لاوازیی دەوڵەتدا، بەشێك لە زانایان ئەم پرسە وا دەبینن، وەك بەرەنجامی ستراتیژیەتێکی سیاسی کە بەکار هێنراوە بۆ کڕینی هێزی (پشتگیری و کۆنترۆڵ)، ئەم ستراتیژیەتە بە سرووشتی خۆی دەبێتە ئاستەنگێگی سیاسی لە بەردەم دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێزدا. هەر بۆ نموونە: دامەزراندنی بیرۆکراتەکانی ناو دەوڵەت لەسەر بنەمای پێوەری سیاسی کراون، وەك پاداشتێك بۆ پشتگیری، نەك لەسەر بنەمای لێهاتوویی نیشتمانی، ئەمەش وادەکات دەوڵەتەکە لاواز بێت لە ڕووی کردارییە و سەرنجڕاکێش بیت لە ڕووی سیاسییەوە، ئەمە لە کاتێکدا وا پێوست دەکات دەوڵەت بەهێزتر بێت بۆ گۆڕانکاری لە سرووشتی سیاسەتدا، بەڵام هەندێك لە توێژەرەکان وای دەبینن، ئەم حاڵەتە ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی سیاسی دروست دەکات، ئەم ترسەش ئاستەنگ بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز دروست دەکات.

ئایا دەبێت تەفسیر چی بێت بۆ ئەو جیاوازییە توندەی سەبارەت بە (ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی سیاسی) بوونی هەیە؟

بێگومان بیانووی زۆر بۆ ئەم پرسە خراوەتەڕوو، پێشنیاری ئەوە کراوە، لەو حاڵەتانە بوونی هەڵبژاردنی نیشتمانی گرنگە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام کیشەکە لەوەدایە، لەوانەیە دەستەبژێری دەوڵەت خوازیاری ئەوە نەبن، هێز و توندوتیژی دەوڵەت بسەپێنن و، وای لێ بکەن کە لە ناوچە دوورە دەستەکان هێزی دەوڵەت بەهێز بێت، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە لەو ناوچانە پشتگیری بۆ دەستەبژێرەکانی دەوڵەت کەم ببێتەوە، ئەو پشتگیرییەی لەو دەستەبژێرە لۆکاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەو ناوچانە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگە باڵادەستن. بەمەش دەستەبژێری

نیشتمانی لەوانەیە ڕێگر بن لەوەی کە هێزی دەوڵەت لە هەندیک شوێنی دیاریکراوی وڵات بەکار بهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەوانەیە سوپا و لقە چەکدارەکانی دیکە ببنە ڕکابەری لە داهاتوودا.

## ٥
## لاوازیی دەوڵەت وەك میراتی حوکمڕانیی ناڕاستەخۆی ئیمپریالیزم

لاوازیی دەوڵەتی هاوچەرخ لە وڵاتانی دواکەوتوودا، میراتی جۆرێك لە (حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆیە) کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە کۆلۆنیەکانی ئینگلیزدا پیادە کراوە، (سیستمی ماندێتی بەریتانی لە عێراق ١٩٢١-١٩٣٢)، کە تیایدا هێزە ئیمپریالیستەکان فەرمانڕەوا نەریتییەکان (سەرۆك هۆزەکان)یان هەڵدەبژارد لەسەر ئاستی لۆکاڵ بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی باج بسەپێنن و، یاسا جێبەجێ بکەن و سیستمەکە بپارێزن، هەروەها حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر سرووشتی دامەزراوە سیاسییەکانی ئەفریقیاش بەجێهێشتووە، بیانوو بۆ ئەم شێوازەی حوکمڕانییە ئەوە بووە ئەم جۆرە حوکمڕانییە وادەکات کە سەرۆك هۆزەکان بەرپرسیار بن لە بەرامبەر هێزە ئیمپریالیستەکان لە بری دانیشتووانە لۆکاڵەکان. هەروەها ئەم جۆرە حوکمڕانییە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە شکستی دیموکراتی، دوای ئیمپریالیزم لە ئەفریقیا، هەر لەسەر ئەم پرسە زۆر بەڵگەی پراکتیکی هەن، کە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەردەوامبوونی حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی زۆرە و ئەو دەوڵەتانەش کە بە ڕێگەی حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ دروست کراون، لە چەند ڕوویەکی دیاریکراوەوە زۆر لاوازن.

١. حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی حوکمڕانە نەریتییەکان بووەتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەت نەتوانێت هێزی مۆنۆپۆلیی خۆی بەکار بهێنێت، بەمەش چینێکی لە (لاوازەکان) هێناوەتە ئاراوە کە لە کۆمەڵگە جیابوونەتەوە، هەرئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاراستەی بونیادنانی دەوڵەتی نیشتمانییان خاو کردووە، بە جۆرێك بووە هۆی شێواندنی سیاسەتی لۆکاڵ و بەرتەسککردنەوەی ئاسۆکانی.

٢. فەرمانڕەوا نەریتییەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ملکەچی لێپرسینەوە نابن، سەرەنجامیش توانای کۆکردنەوەی کرێیەکانیان دەبێت و، خزمەتگوزاریی گشتی بە شێوەیەکی کەموکورت دابین دەکرێت، بۆ ئەمەش نەتوانراوە لە لایەن پەرلەمانێکی نیشتمانییەوە قەرەبووی ئەو ملکەچنەکردنە بهێندرێتە ئاراوە، بەشی زۆری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی سەرۆك هۆزەکان لە هەڵبژاردنەکاندا گێڕاویانە.

٣. دامەزراوەکانی لۆکاڵیی دەوڵەت لە سەر بنەمای خێزان و خزمایەتی بونیاد نراون، ئەمەش لە گەوهەردا وەك میراتی لێ هاتووە و بووەتە نابیرۆکراتی، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی لاوازی، هەموو ئەمانە کارلێکیان کردووە لەگەڵ فاکتەری دیکە و بووەتە ئاکامی ئابووریی نەرێنی لە لاوازیی دەوڵەتدا.

لە توێژینەوەکانی پرسی مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژی، یان کۆنترۆڵی هەرێمی بە شێوەیەکی گشتی، لەم چوارچێوەیەدا و لە زۆر لەو توێژینەوانەی سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ کراون، باس لەوە دەکرێت کە داهاتی تاکەکەس هۆکارێکی دیاریکراوی باڵادەستە بۆ هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەت توانای باشکردنی داهاتی تاکەکەسی نەبووە، تازەترین توێژینەوە لە زانستی سیاسەتدا زاراوەی «سەرکوتکاری نانیشتمانی» بە مانای ناوچە هەیە، دەوڵەتی سەنترالی ناتوانێت حوکمڕانی بکات و، لە بەرامبەردا ئەوانەی دەسەڵاتی لۆکاڵی ئەو ناوچانەن، ئەوان حوکمڕانی دەکەن، وەك نموونە: (مەکسیك و ئەرجەنتین).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕەهەندە جیاوازانە، دەتوانین بڵێین: دەوڵەتی لاواز ئەو دەوڵەتەیە کە ناتوانێت مۆنۆپۆلی هێز و توندوتیژی بکات و، بیرۆکراتیەتی هاوچەرخی نییە و، توانای ئەوەی نییە باج لابەرێت، بە تایبەتی باجی ڕاستەوخۆ.

لەسەر ئەم پرانسیپە، لەوانەیە دەوڵەت لە هەندێ ڕەهەندەوە بەهێز بێت و، لە هەندێك ڕەهەندی دیکەوە لاواز بێت،بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ ڕەهەندەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن،

**زۆر بەڵگەی پراکتیکی هەن، کە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەردەوامبوونی حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی زۆرە و ئەو دەوڵەتانەش کە بە ڕێگەی حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ دروست کراون، لە چەند ڕوویەکی دیاریکراوەوە زۆر لاوازن**

**حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی حوکمڕانە نەریتییەکان بووەتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەت نەتوانێت هێزی مۆنۆپۆلیی خۆی بەکار بهێنێت، بەمەش چینێکی لە (لاوازەکان) هێناوەتە ئاراوە کە لە کۆمەڵگە جیابوونەتەوە**

**فەرمانڕەوا نەریتییەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ملکەچی لێپرسینەوە نابن، سەرەنجامیش توانای کۆکردنەوەی کرێیەکانیان دەبێت و، خزمەتگوزاریی گشتی بە شێوەیەکی کەموکورت دابین دەکرێت**

**لە زۆر لەو توێژینەوانەی سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ کراون، باس لەوە دەکرێت کە داهاتی تاکەکەس هۆکارێکی دیاریکراوی بالادەستە بۆ هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەت توانای باشکردنی داهاتی تاکەکەسی نەبووە**

**دەوڵەتی لاواز ئەو دەوڵەتەیە کە ناتوانێت مۆنۆپۆلی هێز و توندوتیژی بکات و، بیرۆکراتیەتی هاوچەرخی نییە و، توانای ئەوەی نییە باج لابەرێت، بە تایبەتی باجی ڕاستەوخۆ**

**ئەگەر دەوڵەت لاواز بێت لەوەی مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی هێز بکات، لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببێتەوە لە وەرگرتنی باجەکان، لانیکەم لەو ناوچانەی دەوڵەت ناتوانێت حوکمڕانی تێدا بکات**

زۆر ئەرێنییە و، ئاماژەیە بۆ جۆری ئەو هێزەی کە وا دەکات دەوڵەت بە لاوازی بمێنێتەوە لە هەر سێ ڕەهەندەکەوە.هەر بۆ نموونە: ئەگەر دەوڵەت لاواز بێت لەوەی مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی هێز بکات، لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببێتەوە لە وەرگرتنی باجەکان، لانیکەم لەو ناوچانەی دەوڵەت ناتوانێت حوکمڕانی تێدا بکات. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو بیرۆکراتیەتەی بە میرات لە حوکمڕانیی ناراستەوخۆ ماوەتەوە، تا ئەو پەڕی لە کۆکردنەوەی باج و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان خراپە.

لەلایەکی دیکەوە کۆدەنگییەکی کەمتر لەوەی پێشوو لەسەر ئەوە هەیە، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە دەوڵەت نابێتە دەوڵەتێکی (ئەقڵانی – یاسایی)، لە کاتێکدا سوودێکی هێجگار زۆری دەبێت، ئەگەر دەوڵەت ئەقڵانی و یاسایی بێت.

سەبارە بەم پرسە ماکس ڤیبەر ڕای وایە کە بەرەوپیشەوەچوونی دەوڵەتەکانی ئەورووپا پەیوەندیدارە بە پرۆسەی تازەکردنەوەی پەیوەندیدار بە سەرمایەداریی ئەو ڕیفۆرمەی لە پرۆتستان ئەنجام دراوە و، لەناو ئەم پرۆسەیەدا گەشەی کردووە، ئەمەش هەتا گەیشتووەتە ئەوەی کە بەشەکانی دیکەی جیهان ملکەچی هەمان پرۆسە نەبوون و، مرۆڤ ناتوانێت مەزندەی ئەوە بکات، بەبێ ئەو پرۆسەیە دەوڵەتی لەو شێوەیە دەربکەوێت.

توێژینەوە تازەکان جەخت لەسەر چەندین میکانیزم دەکەنەوە کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەرەوپێشەوەچوونی دەوڵەتی ئەقڵانی و یاسایی لە وڵاتانی دواکەوتوودا، چەمکی زۆر باو لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە دەرکەوتنی دەوڵەتی بەهێز لە ئاکامی شەڕی نێوان دەوڵەتەکان بووە، بەلام لە ناوچەکانی دیکەی جیهان شەڕ کەمتر بووە لە نێوان دەوڵەتەکاندا، بۆیە دەوڵەتی شەرعییش دەرنەکەوتووە.

لە ساڵی ١٩٩٨ میجدال Megdal وەك توێژەرێکی سیسیۆلۆژی پەرەی بە چەمکی دەوڵەت دا و دەڵێت: لەوانەیە دەوڵەت لاواز بێت، لە بەر ئەوەی کۆمەڵگە زۆر باش ڕێکخراوە و ڕەتی دەکاتەوە کە تەنازول لە دەسەڵات بکات، بۆ دەوڵەت، یان لەبەر هۆکاری دیکە بێت، هەر بۆ نموونە لە لوبنان باجی داهات بوونی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لوبنان دابەش بووە بۆ چەند کۆمەڵگەیەك، کە زۆر بەهێز ڕێکخراون، هەمووشیان نیگەران لەوەی کە لەوانەیە دەوڵەت بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گرووپێکی دیکەوە، هەر بۆیەشە لە ساڵی ١٩٣٢ـەوە هەتا ئێستا ئاماری دانیشتووان لەو وڵاتە ئەنجام نەدراوە. ئەمە لە کاتێکدا ئاماری دانیشتووان بەو جۆرە سەیر دەکریت، کە ئەرکی بنەڕەتیی دەوڵەتە، بەلام لە لوبنان کۆمەڵگە هەمووی دەترسێت، کە گۆڕانکاری لە پشکەکاندا ببێتە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگییەکە تێکبچێت، هەر بۆ نموونە لە میانەی سیستمی پەرلەمان و کورسیی پەرلەمانەوە، بۆیە سەرەنجام هیچ لایەك ناتوانێت هەنگاو بۆ ئامار هەڵبگرێت. ئەمەش لە ڕوانگەی توێژەر «سکوت»ـەوە بەو جۆرەیە کە خەڵك بە ئاسانی و سادەیی نایەوێت ملکەچی سەپاندنی دەوڵەت و نەمانی ئازادییەکانی بێت، کە پەیوەندیدارە بە گەیشتن بە دەوڵەتێکی بەهێز، هەروەها دەشێت دەستەبژێری لۆکالیش هۆکارێك بن و بە توندی دژایەتیی دەسەلاتی دەوڵەتی سەنتراڵی بکەن، بۆ پاراستنی دەستکەوتە تایبەتییەکانیان.

هەندێك توێژەری دیکە بۆچوونەکان لە سەر میراتێکی مێژوویی – کۆمەلایەتی چڕدەکەنەوە، بۆ ئەوەی شرۆڤەی ئەو دیاردەیە بکەن: «بۆچی کۆمەڵگە وەرناچەرخێت بۆ حاڵەتیکی یاسایی و ئەقلانی و بەردەوام جەخت لەسەر چەمکی پەترياریکی دەکەنەوە، وەك ئەسڵ و شێوازێك بۆ ڕێکخستنی دەسەلات و پیادەکردنی لە سەر کۆمەڵگە؟» لە هەر کۆمەڵگەیەکدا فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو هەن، بەلام شێوازی پیادەکردنی حوکمڕانی لەوانەیە شێوازی جۆراوجۆر وەربگرێت. وەك ئاستی سەربەخۆیی فەرمانڕەواکان و ئاستی بەشداریی فەرمانپێکراوەکان لە دروستکردنی بڕیاردا.

ئەم ئیشکالیەتە ئاکامی زۆر خراپی لە سەر پەرەپێدانی ئابووری دەبێت، ئەگەر کۆمەڵگە لە سەر بنەمای میراتگری ڕێکخرابێت، ئەوا فەرمانڕەواکان دەبنە شوانکارە و فەرمانپێکراوەکان دەبنە کرێگرتەی ئەو شوانکارانە، ئەوانەشی لەو بارودۆخە سوودمەند دەبن، تەحەکوم بە



سەرچاوە دەگمەنەکانەوە دەکەن کە تایبەتن بە خۆیان، بەپێی مەزندەکانیان بۆ کرێگرتەکانیان لە بەرامبەر خزمەتەکانیان بە تایبەتی وەلا و پشتگیری. هەر بۆیە ئەگەر کرێگرتەکە توانی بگاتە سەرچاوەیەك بۆ نموونە کارێك، یان شوێنێك بۆ خوێندنی منداڵەکانی، یان چارەسەرێکی سەرەکیی پزیشکی، ئەوا ئەمە هەندێك پێوەری دیاریکراوی باش دروست ناکات، بەڵکو ئەم پێوەرە ڕوو دەدات، لە بەر ئەوەی سوودمەند بووە کە مافی ئەوەی هەیە بگاتە ئەو سەرچاوانە وەك پاداشتیك بۆ وەفاداری.

کاری شرۆڤەکاری پێشنیاری زیاتر لەم بوارە دەکات و، ئاماژە بەوە دەکات، میکانیزمی جیاواز تەفسیری ئەوە دەکات، هۆکاری بەردەوامبوونی دەوڵەتە لاوازەکان چین، هەر بۆ نموونە، لە بونیادنانی هیزی دەوڵەت لە بوارەکانی دارایی و یاسایی هۆکاری زۆر سەرنجڕاکیش هەن، وەك: کاتێك فەرمانبەرێك لەوە ناترسێت دەسەڵاتەکەی لە دەست بچێت، (لەبەر ئەوەی ئەمە ئەو گریمانەیە کەم دەکاتەوە کە دەوڵەت توانای خۆی دژی ئەو لە داهاتوو بەکار بهێنیت)، یان کاتێك کۆمەڵگە زۆر یەکگرتوو دەبێت، ئەوا نابێت لەدەستدانی هێز کارێکی خراپ بێت، یان کاتێك بەهای شمەکی گشتی بەرز دەبێتەوە (لەوانەیە بە هۆی شەڕی دەرەکییەوە بێت).

ترسی دەستەبژێری سیاسی لە وەرچەرخانی دیموکراتی، دەوڵەتێکی لاوازی میراتگریی دروست دەکات، کە تیایدا بیرۆکراتەکان هاوپەیمانی دەکەن بۆ ئەوەی دژی دووبارە دابەشکردنەوەی نفووز و ئیمتیازەکانیان ڕابوەستن، ئەمە لە کاتێکدا ئەم وەرچەرخانە دەوڵەت ناچار بە ڕیفۆرم و کەمکردنەوەی مووچەی بیرۆکراتەکان دەکات، لەم حاڵەتەدا دەوڵەتی لاواز وا لێ دەکات، کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بکات و هاوپەیمانییەکی دیاریکراو دروست بکات.

توێژینەوەکان لە بواری زانستی سیاسەت و سیسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا جەخت لەسەر چەندین ڕێگە دەکەنەوە، کە دەبنە هۆکاری ئەوەی دەوڵەت لاواز بێت ئەوانەش:

دەوڵەت نەتوانێت مۆنۆپۆلی توندوتیژی و هێز بکات، هەنگاو بەرەو بیرۆکراتیەتی هاوچەرخ و سیستمێکی دارایی تازە، لەناو ئەم جۆرە ژینگەیەشدا ئاراستەکان بەرەو دامەزراندنی (دەوڵەتی نادەوڵەتی) زیندوو دەبنەوە.

**لە هەر کۆمەڵگەیەکدا فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو هەن، بەڵام شێوازی پیادەکردنی حوکمڕانی لەوانەیە شێوازی جۆراوجۆر وەربگرێت. وەک ئاستی سەربەخۆیی فەرمانڕەواکان و ئاستی بەشداریی فەرمانپێکراوەکان لە دروستکردنی بڕیاردا**

**ترسی دەستەبژێری سیاسی لە وەرچەرخانی دیموکراتی، دەوڵەتێکی لاوازی میراتگریی دروست دەکات، کە تیایدا بیرۆکراتەکان هاوپەیمانی دەکەن بۆ ئەوەی دژی دووبارە دابەشکردنەوەی نفووز و ئیمتیازەکانیان ڕابوەستن**



**دکتۆر محەمەد ئیحسان**

**شارەزا و تایبەتمەندی کاروباری عێراق بۆ گوڵان:**

# عێراق لە قۆناغێکی ڕاگوزەریدایە و کێشەی بنەڕەتییش تێیدا نەبوونی ناسنامەی هاووڵاتیبوونە

**ئاشکرایە کە پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لە بارەوە دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەی عێراق زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا لە پرسی پێکهێنانی حکومەتدا کورت بکرێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سەرجەم پرۆسەی سیاسی لەم وڵاتە و پرسی خودی دەوڵەت و ئایندەی ئەم وڵاتەوە. ئەمانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر محەمەد ئیحسان شارەزا و تایبەتمەندی کاروباری عێراق.**

*** وەك کەسێك کە لە دەستپێکی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە دوای ٢٠٠٣وە کاراکتەرێك بوویت لە ناو پرۆسەکە، خوێندنەوەتان بۆ ئێستای پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا من وەك کەسێکی تایبەتمەند لە کاروباری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە پێنج زانکۆی جیهانی (سێیانیان لە لەندن و یەکێك لە کۆستەریکا و یەکێکیش لە کۆریا) وانە دەڵێمەوە لەم بوارەدا، دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لە عێراقم بەدی کردووە، ئەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا چەند خاڵێکی گرنگ هەن کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە پرۆسەی دیموکراتی، بریتییە لە پرۆڤەی دیموکراتی و پرۆسە نییە، ڕاستە لە عێراق هەڵبژاردنمان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنەکە لەسەر بنەمای نوخبە و پێشەوەچوونی وڵات نییە و، تا ئێستا هەڵبژاردنەکە زۆر تایفەگەری و لۆکاڵییە، ئێمە نەمانتوانیوە دوای هەموو ئەو ماوەیە پێکەوە پرۆسەیەکی دیموکراتیی تەواو جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی عێراق بێتەوە سەر حوکمی زۆرینە و ڕێز لە ڕای کەمینە بگیرێت. مەسەلەی چەکی کۆنترۆڵنەکراو هەیە، مەسەلەی تایفەگەری و نەتەوەیی و عەشائیری و لۆکاڵی هەیە، واتە هەموو ئەو شتانە پێکەوە لە عێراق سەلماندوویەتی کە ڕێگرن لە پرۆسیسی دیموکراتی کە حوکمڕانی زۆرینە بەدی بێنێت. جگە لەوە دەستێوەردانی هەرێمی کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە سەر عێراق دروست کردووە، ئەویش لەسەر ئەو بۆچوونەی گوایە ئەگەر عێراق سەقامگیر بێت، ئەوە چەند وڵاتێکی دیکە ناسەقامگیر دەبێت. بەداخەوە تێگەیشتنێکی دیکە هەیە لەم ڕووەوە و لە پەیوەندی بە سیاسەتەوە کە ئەویش چەمکی دەستێوەردانە، کە لە جیهاندا ئەگەر وڵاتێك ویستی دەستێوەردان لە وڵاتێکی دیکە بکات، ئەوە خوازیارە کە وڵاتانی دیکە داوای لێ بکەن، ئەو کارە بکات، لە عێراقیشدا عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە لە وڵاتانی هەرێمی دەگەڕێن و داوا و تکایان لێ دەکەن، بێن دەستێوەردان لە وڵاتەکەیان بکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەموو هێز و توانای گەورەی خۆیەوە عێراقی لە دیکتاتۆریەت ڕزگار کرد، نزیکەی نۆ تریلیۆن دۆلاری خەرج کرد و ٤٥٠٠ کەسیان لێ کوژرا، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانی عێراق بکەنە وڵاتێکی سەقامگیر کە بەرەو دیموکراتیەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمە هەقیقەت بوو. لەم ڕووەوە بۆچوونی من ئەوەیە کە بەداخەوە ئەمە پەیوەستە بە ژێرخانی ئەم وڵاتەوە، واتە ژێرخانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتە کێشەی ڕیشەیی تێدایە و ناسنامەی هاووڵاتیبوون کێشەی تێدایە و، عێراق وڵاتێکە ناوی عێراقە، بەڵام تا ئەمڕۆ عێراقی بە شێوەیەکی تەواو ناسنامەی هاووڵاتیبوونی تێدا نییە.

*** ئێوە ئەو کاتەی وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، هاوکات سەرپەرشتیی پرۆژەی کتێبێکتان کرد، بە ناونیشانی «کوردستان لە ئایندەی عێراقدا»، لەم کتێبەدا ئەگەری ئەوە دانرابوو، کە ئەگەر عێراق نەبووە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەوکات دەبێت پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق چۆن بێت؟ پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا عێراق بووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵ؟ ئەگەر نەبووەتە ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە، دەبێت لە ئایندە پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراق چۆن ڕێك بخرێتەوە؟**

- لەم قۆناغەدا عێراق لە قۆناغێکی ڕاگوزەریی زۆر گرنگدایە و عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە، بەڵام فیدراڵیستی تێدا نییە، چونکە فیدراڵییەت پێویستی بە فیدراڵیستە، هەروەك دیموکراسی پێویستی بە دیموکراتەکانە و وڵاتێکی لیبراڵ پێویستی بە کەسانی لیبراڵە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئێمە تا ئەمڕۆ نەمانتوانیوە کارێکی ئاوا بکەین و لە ڕاستیدا کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ بە هەڵبژاردنێکی ئارەزومەندانەوە

**جەنابی سەرۆک بارزانی بە ڕاستگۆیی و جێگیریی هەڵوێستی خۆی و بە نەخشەی داهاتووی خۆیەوە و بە پاڵپشتیی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی کوردستانەوە بووەتە ژمارەیەکی قورسی هاوکێشەکە**

چووەتەوە سەر عێراق، چونکە ئەو کات لە دوای ٢٠٠٣ داوایان لە کوردستان کرد کە بگەڕێتەوە سەر عێراق، ئەگەرچی تا ئێستا کوردستان بە هەقی تەواوی خۆی نەگەیشتووە، بگرە چەندین هەوڵ هەبووە بۆ تێکدانی ئەو دەستکەوتانەی کە کوردستان لە پێش ٢٠٠٣ بەدەستی هێنابوون، ئەمەش دەیسەلمێنێت عێراق وڵاتێکی ئیتیحادییە، بەڵام عەقڵییەتی ئیتیحادی و فیدراڵی تێدا نییە، تا ئەمڕۆش بۆچوونی مەرکەزییەت زاڵە و فیدراڵییەت بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەبووە. دەستوورەکە بە هەموو کەموکورییەکانیەوە کە بە ڕێژەی ٨٠٪ دەنگمان پێ دا، نەمانتوانی جێبەجێی بکەین، چونکە لە ناو عێراقییەکان دژبەرییەك هەیە و، ئەگەر کوردستان بەهێز نەبێت و کوردستانیان یەك نەبن، ئەوا ئێستا ئەو کەسانەی لە بەغدان ٩٥٪یان خوازیاری مەرکەزیەتن و دەیانەوێت جارێکی دیکە نیزامێکی مەرکەزی لەم وڵاتە دروست ببێتەوە، کە ئەمە جێگای داخە، بۆیە ئەوەی زۆر گرنگە لەو قۆناخە بۆ کوردستان یەکڕیزیی ناو ماڵی کوردە، تاوەکو کورد پێکەوە بتوانێت ڕاوەستێت بەرانبەر ئەو هاوکێشەیە. چونکە ئەگەر ئەوان بیانەوێت لە کوردێك بدەن، ئیدی کوردەکە لە هەولێر بێت، یان زاخۆ، یان لە سلێمانی، یان لە بەغدا، ئەوە نیازیان ئەوەیە لە هەموو کوردستان بدەن و، کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٩١. ئەم عەقڵییەتە زاڵە بە سەر ئیدارەی عێراقدا. من هەشت بۆ نۆ ساڵ لە بەغدا کارم کردووە و لە ماوەی ژیانیشمدا زیاتر لە ٢٥ ساڵ لەسەر مەلەفی عێراق کارم کردووە، باوەڕم نەدەکرت ئەو عەقڵییەتە لە عێراق هەبێت، وامدەزانی هەموو کێشەکانی عێراق سەدام حوسێنە، بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە کە من لە بەغدا بووم، بۆم دەرکەوت، سەدام حوسێن بەرهەمی ئەو عەقڵییەتە دژبەیەکەی عێراق بووە، نەك هۆکاری هەموو کێشەکان، ئەوە بۆ خۆم جێگای داخە.

*** ماوەیەك بەرپرسی فەرمانگەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوویت، یان با بڵێین ناوچە کێشە لە سەرەکان، ئەم ناوچانە نەك هەر لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دستووری عێراق کێشەکانیان چارەسەر نەکرا، بەڵکو خراپتریش بوو، لە ئێستادا چۆن دەڕوانیتە چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە؟ ئایا بەدیل بۆ ماددەی ١٤٠ هەیە؟**

- لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆ بەدیلی ماددەی ١٤٠ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ـە، چونکە ماددەیەکە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدایە و دەستووریش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، دادپەروەرییش سەدا سەد نییە، بۆیە پێویستە هەموومان پێکەوە لە هاوکێشەیەك بگەڕێین کە هەردوولامان قازانج بکەین، بەڵام ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدا هەیە، عەقڵییەتی یاریکردن بە کاتە. بە بیرم دێت لە ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ لەگەڵ دیمستۆرە و سەرۆك کۆمار قسەمان دەکرد، کە کات لە بەرژەوەندیی هیچ لایەك و هیچ کەس نییە و، کات هەموو کێشەکان چارەسەر ناکات و ئاڵۆزتری دەکات، سەلما کە لە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ بووە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ سەرهەڵدانی داعش لەو ناوچانە و ئەمەش وای کرد ٦٠٪ی خاکی عێراق لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیر بکرێت، کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزی پێشمەرگە نەبووایە، ئەوە عێراق نەمابوو. هەر بۆیە ئەمڕۆکەش بەدیلی ماددەی ١٤٠ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ە، بەڵام ئەمەش کەسانی عاقڵ و بوێری دەوێت لە بەغدا و ئەگەر ئەو کەسانە نەبن، جارێکی دیکە کێشە دروست دەبێت، ئەو کێشانەی کە بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش، تا ئەمڕۆکەش لەو ناوچانە ماون. بۆیە پێویستە کورد لە پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکاتە ئەولەوییەتی کاری خۆی، نە پۆستی وەزیرێك و نە پۆستی سەرۆك کۆمار و نە هیچ شتێکی دیکە نابێتە جێگرەوەی، چونکە کێشەی ئێمە لەگەڵ عێراق کێشەی خاکە و کێشەی دابەشکردنی داهاتە، هەر بۆیە جارێکی دیکە دەڵێم: ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوە کێشەکانمان جارێکی دیکە دووبارە دەبنەوە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتێك و ناوچەیەك دەژین کە مێژوو لە دنیادا زیاتر لەو ناوچانە خۆی دووبارە دەکاتەوە.

*** ئەگەر باس لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق بکەین، دەبینین ئاکامی هەڵبژاردنەکان پەشێوییەکی گەورەی خستووەتە نێوماڵی هێزەکانی شیعە، لەلایەك موقتەدا سەدر باس لە زۆرینەی نیشتمانی و ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دەکات، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ئیتاری تەنسیقی شیعە داوای حکومەتیکی تەوافوقی دەکەن، ئایا لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا بارودۆخی ئێستای نێوماڵی شیعە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

**ڕاستە لە عێراق هەڵبژاردنمان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنەکە لەسەر بنەمای نوخبە و پێشەوەچوونی وڵات نییە و، تا ئێستا هەڵبژاردنەکە زۆر تایفەگەری و لۆکاڵییە**

**لە عێراقدا عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە لە وڵاتانی هەرێمی دەگەڕێن و داوا و تکایان لێ دەکەن، بێن دەستێوەردان لە وڵاتەکەیان بکەن**

**ئەمریکا بە هەموو هێز و توانای گەورەی خۆیەوە عێراقی لە دیکتاتۆریەت ڕزگار کرد، نزیکەی نۆ تریلیۆن دۆلاری خەرج کرد و ٤٥٠٠ کەسیان لێ کوژرا، بەڵام نەیانتوانی عێراق بکەنە وڵاتێکی سەقامگیر کە بەرەو دیموکراتیەت هەنگاو هەڵبگرێت**

**چەندین هەوڵ هەبووە بۆ تێکدانی ئەو دەستکەوتانەی کە کوردستان لە پێش ٢٠٠٣ بەدەستی هێنابوون**

- لە ڕاستیدا عێراق لە قۆناغێکی سەختدایە، واتە ئەگەرچی بە شاهێدی هەموو جیهان هەڵبژاردنی ئەم جارە لە ڕووی دیموکراتییەتەوە باشترین هەڵبژاردن بووە لە عێراق، بەڵام ئەوانەی لەو هەڵبژاردنە دۆڕاون، قەناعەتیان بە ئاکامەکە و دەرئەنجامەکەی نییە، هەموو ئەوەش لەبەر ئەوەیە چەکیان هەیە، واتە مەسەلەکە ئێران نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە چەکیان لە بەردەستە و زۆربەی ئەو کارانەشیان ئێران قەناعەتی پێ نییە و پێویستیشی بەوە نییە، چونکە ئێران کێشەی گەورەی هەیە و ئامادە نییە یەك پاسدار بکاتە قوربانی عێراق، بەڵکو بەرژەوەندیی خۆی هەیە. هەروەها ئەوەی موقتەدا سەدر دەڵێت حکومەتێکی زۆرینەم دەوێت و لایەنەکانی دیکەی شیعە دەڵێن حکومەتێکی تەوافوقی سیاسیمان دەوێت، ئەوە بێگومان حکومەتی تەوافوقی سیاسی گەورەترین کارەساتە و گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر و بۆ چوار ساڵی دیکەش عێراقییەکان لە شکست و بەدبەختیدا دەژین.من پێم وایە شیعە شەڕ لەگەڵ یەکتر ناکەن، چونکە مەرجەعیەتێکیان هەیە، ئەمەش وادەکات جارێکی دیکە عێراق بگەڕێتەوە بۆ تەوافوقی سیاسی، کە بۆچوونی من ئاوایە کە کارەسات دەبێت و، نە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت، نە کێشەی خزمەتگوزاری و، نە عەمەلیەی دیموکراتی و، نە کێشەی خەڵك چارەسەر دەبێت، چونکە تا ئێستا لە هەموو عێراق چەکی کۆنترۆڵنەکراو هەیە.

*** لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، لە ناو ڕای گشتی و نوخبەی عەرەبی شیعە و سوننە، باس لە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دەکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق. پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم ڕای گشتییە لە سەر ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دروست بووە؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی بە ڕاستگۆیی و جێگیریی هەڵوێستی خۆی و بە نەخشەی داهاتووی خۆیەوە و بە پاڵپشتیی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی کوردستانەوە بووەتە ژمارەیەکی قورسی هاوکێشەکە، ئەمڕۆ جەنابی بارزانی ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ حەلبوسی و موقتەدا سەدر ببەستێت، ئەوە دەتوانێت هاوکێشەکە بە تەواوی بگۆڕێت، بەڵام سەرۆك بارزانی ئەو کارەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی خوازیاری ئەوەیە ئەوان وەك شیعە لە نێوماڵی خۆیان ڕێك بکەون. هەروەها سەرۆك بارزانی تێڕوانینێکی دوورماوەی هەیە، چونکە سەرکردەیە و سەرکردەش لە ئایندەی دوور دەڕوانێت. بۆیە ئەوانەی هێرشیان دەکردە سەر جەنابی سەرۆك بارزانی و کوردستان، ئەمڕۆ دێن داوا و تکا لە بەڕێزیان دەکەن، هاوپەیمانییان لەگەڵ بکات. ئەوانەی دەیانویست پێگەی کوردستان نەهێڵن، ئەمڕۆ پێویستیان بە کوردستانە. ئەمەش لە ڕاستیدا بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستانە و بە حەکیمی و تێڕوانینی دوورمەودای جەنابی سەرۆك بارزانییە لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا، ئەمەش واقیعێکە کە دوژمنەکانی لە پێش دۆستەکانی قەناعەتیان بە جەنابی سەرۆك بارزانی هێناوە. پێش چەند ڕۆژێك سەرۆك وەزیرانێکی پێشووی عێراق قسەی لەگەڵ من دەکرد، کە ئایندەکە چۆن دەبێت؟ پرسیاری کرد: ئایا باوەڕ دەکەیت سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانی بکات لە دژی سەدر؟ من پێم وت: سەرۆك بارزانی لە ژیانیدا بەو شێوەیە بیر ناکاتەوە، چونکە کەسێکە خاوەن ڕەوشت و حیکمەت و مەبدەئە و خاوەن تێڕوانینی دوورمەودایە و خەمی بەرژەوەندی و سەقامگیریی ئەم وڵاتەی هەیە.

*** زۆر لە سیاسەتمەداران و چاودێران باس لەوە دەکەن کە سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا دروست نابیت و، چەکدارانی حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکانی شیعە دەستبەرداری چەکەکانیان نابن، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتیش دروست بێت، ماوەی ساڵێك زیاتر تەمەنی نابێت، لەسەر ئەم پرسە خوێندنەوەت چۆنە؟**

- لە هەر وڵاتێك چەك بەدەست دەوڵەتەوە نەبێت و دەوڵەت تەحەکوم بە چەك نەکات، بێگومان پشێوی و گێرەشێوێنی لەو وڵاتە دروست دەبێت. ئەمڕۆ لە عێراق زۆربەی چەك و چەکداران لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتن و، ئەگەر گورزێکی بەهێز نەدرێت لەو گرووپ و کەسانەی لە کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی دەرچوون، هەرگیز حکومەتێکی سەقامگیر دروست نابێت و، پشێوی و ناسەقامگیری کۆتایی نایەت. واتە ئەگەر سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە نەبێت کە بتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو کەس و لایەنێك بەبێ جیاوازی بکات، ئەوا کێشەکان دووبارە دەبنەوە.

**سەرۆک بارزانی تێڕوانینێکی دوورماوەی هەیە، چونکە سەرکردەیە و سەرکردەش لە ئایندەی دوور دەڕوانێت. بۆیە ئەوانەی هێرشیان دەکردە سەر جەنابی سەرۆک بارزانی و کوردستان، ئەمڕۆ دێن داوا و تکا لە بەڕێزیان دەکەن، هاوپەیمانییان لەگەڵ بکات**

**لە هەر وڵاتێک چەک بەدەست دەوڵەتەوە نەبێت و دەوڵەت تەحەکوم بە چەک نەکات، بێگومان پشێوی و گێرەشێوێنی لەو وڵاتە دروست دەبێت**

**حکومەتی تەوافوقی سیاسی گەورەترین کارەساتە و گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر و بۆ چوار ساڵی دیکەش عێراقییەکان لە شکست و بەدبەختیدا دەژین**

**عێراق وڵاتێکی ئیتیحادییە، بەڵام عەقلییەتی ئیتیحادی و فیدراڵیی تێدا نییە، تا ئەمڕۆش بۆچوونی مەرکەزییەت زاڵە و فیدراڵییەت بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەبووە**

# شرۆڤەکردنێکی ئەکادیمی بۆ خۆپیشاندان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە

**دیاردەی دیکە هەیە کە پەیوەندیدارە بە خۆپیشاندانەکانەوە، وەک نارەزایەتی دەربرین، مانگرتن و کۆبونەوەی گشتی و گردبوونەوە، ئەوەی مەترسیداریشە ئەوەیە بگاتە حاڵەتی پەنابردنە بەر توندوتیژی و پەلاماری چەکداری و کاری تێکدەرانە و برینی ڕێگەکان**

سـەرەتا دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە خۆپیشـاندان دیاردەیەکـی مێژوییـە و لـە ڕەوت و ڕەورەوی مێـژووی گـەلان و کۆمەڵگەکانـدا بەرچاو دەکەوێت و، لـە ئێسـتادا بووتـە زانسـتێك و لـە بەشـی پەیوەسـت بـە ئاسایشـی نەتەوەیـی لـە زانکـۆ و کۆلێـژەکان دەخوێندرێـت، هەڵبەتـە ئـەم زانسـتەش لـە کۆمەڵێـك زانسـتی دیکـەدا بەرجەستە بـووە، وەك زانستی ئابووری، زانسـتی سیاسـی، زانسـتی کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و یاسا و، هەروەها زانستەکانی ئاسایش و بەرگری. گرنگیـی خۆپیشـاندانیش تەنیـا بریتـی نییـە لـە کۆبونـەوەی کۆمەڵـە کەسـێك، بەڵکـو چەنـد فاکتەرێك یـەك دەگرن، بۆ ئـەوەی ئەم دیاردەیە بێتەئـاراوە، کـە بریتیـن لـە فاکتـەری ئابـووری، سیاسـی، کۆمەڵایەتی. ئەوەی پەیوەست بێت بە فاکتـەری سیاسییەوە، ئـەوا بریتیـن لـە نەبوونـی سـەقامگیریی سیاسـی و نەبوونـی دەرفەتـی بەشـداریی سیاسـی، فاکتـەری ئابوورییـش تایبەتـە بـە بێـکاری و قەیرانـی ئابـووری و کەمیـی مووچـە، کەواتـە دیـاردەی دیکـە هەیـە کـە پەیوەندیـدارە بـە خۆپیشـاندانەکانەوە، وەك نارەزایەتـی دەربریـن، مانگرتـن و کۆبونـەوەی گشـتی و گردبونـەوە، ئـەوەی مەترسیداریشـە ئەوەیـە بگاتـە حاڵەتـی پەنابردنـە بـەر توندوتیـژی و پەلامـاری چەکـداری و کاری تێکدەرانـە و برینـی ڕێگـەکان، کـە ڕەنگـە لـە دەرئەنجامـدا کودەتـا بێتەئـاراوە، یـان شـۆڕش و ڕاپەڕیـن بەرپـا ببـن، کـە بـۆی هەیـە ئەمـەش ببێتـە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵات پەنـا بـۆ گرتنەبـەری هەنـدێ ڕێـکار و میکانیـزم ببات، وەك گرتـن و دادگاییکردن، هەروەها بابەتی خۆپیشاندان تەنیا لـە یاسـاکانی ناوخـۆدا بایەخیـان پـێ نـەدراوە، واتـە ڕاسـتە لـە دەسـتوورەکاندا بـاس کـراوە و ئـەم مافـە بـە هاوولاتیـان بەخشـراوە، بەرپرسـیاریێتی پاراستنیشـیان دەکەوێتـە ئەسـتۆی دەوڵەتـەکان و، لـە یاسـاکانی ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان گرنگـی بـەم پرسـە دراوە، ئـەم ڕێکخسـتنەش گرنگـە بـۆ ئـەوەی کێشـەی دیکـە دروسـت نەبێـت، بـەڵام لـە یاسـای نێودەوڵەتیـی مرۆییشـدا، کـە پەیوەسـتە بـە ڕێکخسـتنی بـاری یاسـایی سـەروەختی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

ڕووبەڕووبونەوەکان بایەخ بەم پرسە دراوە، بە تایبەتی لە هەر چوار ڕێککەوتنامەکانی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩ و هەردوو پڕۆتۆکۆڵی زیادکراوی ئەم ڕێککەوتنانە- پرۆتۆکۆڵی ١ و ٢ لە ساڵی ١٩٧٧ -بایەخیان داوە بە قوربانییەکانی ئەم دیاردانە. هەروەها لەم پرۆتۆکۆڵانەدا باس لەوە کراوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بایەخ بەم پرسە دەدات، هەرچەندە بە ململانێیەکی چەکداریی دەرەکی، یان ناوخۆیی هەژمار ناکرێت، بەڵکو بە حاڵەتێکی تایبەتی هەژمار دەکرێت و پێویست بەوە دەکات، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتەسەر خەت لەسەر ئەم مەسەلەیە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وەك ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ و هیومان ڕایتس ووچ، لە دۆکیۆمێنتەکانی خۆیاندا بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەمە پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤەوە. چونکە ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤیش بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، وەك جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨، و ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ و ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی ساڵی ١٩٦٦، تەنانەت هەندێ پرەنسیپی ڕەفتاری مرۆیی دانراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەسەلەیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، هەروەها لانی کەمی پرەنسیپە مرۆییەکانی ساڵی ١٩٩٠ بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، دواتریش ڕێساکانی ڕەفتارکردن دانران بۆ ئەم مەبەستە، کەواتە بایەخدانی ئەم کۆمەڵە زانست و ئەم کۆمەڵە یاسایانە بە خۆپیشاندان، بەڵگەی ئەوەن کە خۆپیشاندان پەیوەستە بە ئاسایشی ناوخۆیی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەبێت، کەواتە لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەم پرسە دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان ڕەهەندی ناوخۆیی و نیشتمانییە و ئەوی دیکەیان ڕەهەندی نێودەوڵەتییە، لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە بایەخدان بەم مەسەلەیە

**خۆپیشاندان پەیوەستە بە ئاسایشی ناوخۆیی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەبێت**

**ڕاستە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەیرانی شەرعییەت و قەیرانی دیموکراسیی هەیە، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش خۆپیشاندان بە دیاردەیەکی سرووشتی و مافێکی دەستووری هەژمار دەکرێت**

**خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە و یاسا ڕێکی دەخات و نابێت ئامانجەکان بریتی بێت لە خوڵقاندنی دوژمنایەتیی چینێك بەرامبەر چینێکی دیکە**

**یاسا تەرکیز دەکات لەسەر ئەوەی کە دەبێت خۆپیشاندانەکان ئاشتییانە بێت و کار و دروشمی تێکدەرانە لەخۆ نەگرێت**

**ئەگەر لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا کاری تێکدەرانە دژ بە سیستمی گشتی، ئادابی گشتی و زیان بە موڵکی گشتی و موڵکی تایبەت کەوت، ئەوا لایەنی بەرامبەر مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبوو بکاتەوە**

وەك دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی سەیر ناکرێت، بە تایبەتی پاش سیستمی نێودەوڵەتیی نوێ و پاش پرەنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی، کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیراسەتی ئەم مەسەلەیە بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، چونکە لە سەروەختی شەڕی سارددا ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی دیاریکراو لێی دەڕواندرا، بەڵام دوای هاتنەئارای پرەنسیپەکانی سیستمی نێودەوڵەتیی نوێ، بوونە هۆی ئەوەی ئەم مەسەلەیە زیاتر بخوێندرێت، لەلایەکی دیکەوە دەبینین هەندێ جار کاریگەرییەکانی ئەم حاڵەتە بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکان باری لەناکاو ڕابگەینن، کە ڕەنگە سنووردارکردن و پێشێلکاریکردنیش بۆ مافەکانی مرۆڤ لە خۆ بگرن. ئەگەر باس لە خۆپیشاندانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، ئەوا ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەست نییە بەم ناوچەیەوە، واتە ڕاستە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەیرانی شەرعییەت و قەیرانی دیموکراسیی هەیە، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش خۆپیشاندان بە دیاردەیەکی سرووشتی و مافێکی دەستووری هەژمار دەکرێت، بە تایبەتی خۆپیشاندانەکانی تایبەت بە داواکارییە پیشەییەکان و پەیوەندیدار بەو کۆمەڵگەیانە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر پەیوەندیدارە بە لایەنە سیاسییەکەوە، بە قەیرانی دیموکراسی و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و شەرعییەت و دەرفەتی بەشداریی سیاسییەوە، واتە ئەکادیمییەکانی بەرگری و ئاسایش کە ئەم دیاردەیە دەخوێننەوە، چەند فاکتەرێك لەبەرچاو دەگرن، بۆ نموونە: ئایا هۆکار و فاکتەرەکانی خۆپیشاندانەکان چین؟ ئایا بەشداربووانی کێن و ئایا شێوازی خۆپیشاندانەکان چۆنە، کە دەکرێت هەندێ خۆپیشاندان ئاشتییانە بەڕێوە بچن و هەندێکیشیان دیاردەی توندوتیژی لێ ڕوو بدات. لە هەرێمی کوردستانیشدا بە گوێرەی یاسای ژمارەی ١١ ساڵی ٢٠١٠ بابەتی خۆپیشاندان ڕێك خراوە، لەسەر بنەمای ئەوەی خۆپیشاندانان کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسانێکە بە شێوازێکی ئاشتییانە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، بە ئامانجێکی تایبەت بۆ ئەوەی ڕایەکی گشتی دروست ببێت، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو. کە بەپێی ئەم یاسایە خۆپیشاندان کۆبوونەوەی گشتییە و مانگرتن و پەناگیرییش دەگرێتەوە، واتە خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە و یاسا ڕێکی دەخات و نابێت ئامانجەکان بریتی بێت لە خوڵقاندنی دوژمنایەتیی چینێك بەرامبەر چینێکی دیکە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بەرپرسە لەم پرسە لە وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاکان و بەرپرسە کارگێڕییەکان لە قەزا و ناحییەکان و دەبێت پێش ٤٨ کاتژمێر لە ئەنجامدانی داواکاری پێشکەش بکرێت و، دەبێت ناوی کەسەکان و لیژنەکانی ڕێك بخرێت. یاسا تەرکیز دەکات لەسەر ئەوەی کە دەبێت خۆپیشاندانەکان ئاشتییانە بێت و کار و دروشمی تێکدەرانە لەخۆ نەگرێت. سەرجەم هاووڵاتییانی کوردستان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە کوردستان نیشتەجێن و حزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکای پیشەیی، دەتوانن خۆپیشاندان ڕێك بخەن، پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، بە هیچ شێوەیەك نابێت چەك هەڵبگیرێت لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەگەر هاتوو بینرا، خۆپیشاندانەکە لە ڕەوتی خۆی لا دەدات، ئەوا دەسەڵاتی کارگێڕیی بەرپرس بۆی هەیە ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببێتەوە، بەڵام دەبێت پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ ڕەچاو بکرێن و، لایەنی پۆلیسیش نابێت لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەربچێت، دەبێت پەیڕەوی مافەکانی مرۆڤ بکات. هەروەها ئەگەر لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا کاری تێکدەرانە دژ بە سیستمی گشتی، ئادابی گشتی و زیان بە موڵکی گشتی و موڵکی تایبەت کەوت، ئەوا لایەنی بەرامبەر مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبوو بکاتەوە، بە هیچ شێوازێك ئەمە نەك تەنیا لە یاسا ناوخۆییەکان، بەڵکو لەیاسا نێودەوڵەتییەکانیشدا- نابێت خۆپیشاندان بە پێچەوانەی دەقە یاساییەکان ئەنجام بدرێت. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستاندا یاساییەکی نموونەییە و، دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخی هەرێمەکەدا و، هاوسەنگیی دەستەبەر کردووە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی




ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان. کەواتە خۆپیشاندان دیاردەیەکی سرووشتییە لە کۆمەڵگەکاندا، بە مەرجێك ڕەچاوی پرەنسیپە یاساییەکان بکرێت و، لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییش پاراستن بۆ ئەو کەسانە دەستەبەر کراوە کە پەنا بۆ خۆپیشاندان دەبەن.

ئەگەر باس لە نموونەی خۆپیشاندانەکان بکەین لە مێژوی ڕابردوودا، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە خۆپیشاندانەکانی عێراق بکەین لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ کە داواکاریی نێوخۆیی و دەرەوە هەبوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێریی ئەم خۆپیشاندانانەی کرد و، تێبینیی ئەوەی کرد کە هێز دژی خۆپیشاندەران بەکار هێنرا و، تێبینیی کرد کە حاڵەتی گرتن و دەستەبەرکردن و ڕفاندنیش هەبووە و، تا ڕاددەیەکیش جۆرێك لە ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەش هەبوو کە بەشدارییان کرد و مافی کۆبوونەوەش تا ڕاددەیەك سنووردار کرا، تا ئەندازەیەکیش هاتوچۆ قەدەغە کرا، تەنانەت لە ئێرانیش ئەم دیاردەیە هەیە و زۆرە، دوایيان خۆپیشاندانەکانی مانگی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ بوو، کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئابووری و ئەو تێبینییانەی لە سەر عێراق هەبوون لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، لەسەر ئێرانیش هەبووە و دۆکیۆمێنت کرا. تەنانەت ئەگەر فەرەنساش وەك نموونەی وڵاتە پێشکەوتووەکان وەربگرین، ئەوا خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ کە هاوشێوەی بزووتنەوەیەکی نارەزاییەتی میللی بوو، دژی هەندێ بارودۆخ و بینیمان هێز بەکار هێنرا، هەرچەندە ئەمە مافێکە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە ڕێك خراوە، کاری گرتن ئەنجام درا و تا ڕاددەیەك ئەم مافە سنووردار کرا، کەواتە خۆپیشاندان پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤەوە و جۆرە پاراستنێکی نێودەوڵەتییشی هەیە، ئەنجامەکەش لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی لەلایەن دەسەڵات و دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان بۆ داواکارییەکان، هەندێ کات ناتواندرێت بەپەلە چارەسەر بکرێن و گفتوگۆ و دیالۆگ دروست دەبێت، هەندێ جاریش هەندێ مەسەلە دەبێت بە پەلە چارەسەر بکرێن.

**یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستاندا یاساییەکی نموونەییە و، دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخی هەرێمەکەدا و، هاوسەنگیی دەستەبەر کردووە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان**

ستیڤن بلانک
توێژەری باڵا لە ئەنستیتیوتی دیراساتی سیاسەتی دەرەکی بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەمریکا بە ڕووسیا ڕابگەیەنێت کە هەر هەوڵێک بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا چارەنووسی دۆڕان دەبێت

ستیڤن بلانک توێژەری باڵایە لە ئەنستیتیوتی دیراساتی سیاسەتی دەرەکی، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەتی دەرەکی و کاروبارە سەربازییەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا. هەروەها شارەزایەکی نێودەوڵەتیی کاروباری ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو لە ئەنجومەنی ئەمریکی بۆ سیاسەتی دەرەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩-٢٠١٣. هەروەها پرۆفیسۆری دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی لە کۆلێژی سەربازیی سەر بە سوپای ئەمریکا، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەك وەك کالیفۆڕنیا، تەکساس، سان ئەنتۆنیو. بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا ڕۆڵ و پێگەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە وڵاتی سووریا بە تایبەتی، هەروەها پەیوەندیی ڕووسیا بە ڕۆژئاوا و ئەمریکا و چەند پرس و بابەتێکی دیاریکراو گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

دیمانەی تایبەت



**دەوڵەتە گەورە و مەزنەکان لە شەو و ڕۆژێکدا و لە ساتەوەختێکدا گۆڕانکاری بە سەر سیاسەتی دەرەوەیاندا ناهێنن**

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخێکی کەمتر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات و پتر تەرکیز و هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە مەزنە نێودەوڵەتییەکان تەرخان کردووە، بە تایبەتی ڕووسیا و چین، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و چۆن لە پەیوەندیی ئەمریکا بەم دوو وڵاتەوە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پەیوەندییەکی دژایەتی و دوژمنایەتی وەسف دەکەم و وای لێك دەدەمەوە. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەبێت، ئەوەی من بەدیم کردووە و سەرنجم داوە، ئەوەیە کە کاربەدەستانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن زیاتر ڕاشکاون لە بارەی چینەوە، بەڵام هەموو جارێك سیاسەت و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ڕووسیا، ئەمریکا ناچار دەکەن کە دووبارە تەرکیزێکی زیاتر لەسەر ڕووسیا بکات. ئێمە دەبینین هەندێ جار بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم ئیدارەیە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ڕووسیا پابەند نەبێت، ئەوا ڕووبەڕووی دەرئەنجامێکی جددی دەبێتەوە، بە بێ ئەوەی سرووشتی ئەو دەرئەنجام و ئاکامە ڕوون بکەنەوە. لەبەر ئەوە لەم ڕوانگەیەوە زەحمەتە بە وردی دەستنیشانی جۆری پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بکەین، بەڵام هەر وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد، من پێم وایە پەیوەندییەکی دژایەتی و دوژمنایەتییە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆششێکی جددی و بەرچاو بەدی ناکەین لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ڕووسیا و پێم وایە ئەمەش بەردەوام دەبێت.

*** ئایا پێتوایە هەوڵ و سزاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ڕووسیادا**

**ڕووسیا هەموو ئامانجە سەربازییەکانی خۆی پێکاوە و بەدی هێنان، بەڵام بێتوانایە لەوەی ئەم سەرکەوتن و دەستکەوتە سەربازییانە بگۆڕێت، یان بەکار بهێنێت بۆ گرتنەبەری چارەسەرێکی سیاسی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی**

**چەندین فاکتەر هەن لە نێو سووریادا کە زەمینەی تەقینەوەیە خۆش دەکەن، ئەوەتا هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدان، ئێران و ئیسرائیل و ڕووسیا و تورکیاش لەوێن و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویان هەیە**

**ئیدارەی جۆ بایدن سەرقاڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی هاوپەیمانێتییەکانیەتی لە ئاسیا و لە ئێستادا ئەوروپییەکانیش پەرەیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئاسیادا داوە**

**کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بۆیە ئەوەی ڕووسیا ویستوویەتی بۆی چووەتە سەر و بەدەستی هێناوە؟**

- من ناڵێم هیچ کاریگەری نەبووە، چونکە هەر خودی هەڵنەگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئەوروپادا لەلایەن ڕووسیاوە بەڵگە و سەلمێنەری ئەوەیە کە سڵکردنەوەیەك هەیە لەلایەن ڕووسیاوە، بەڵکو لە بری ئەوە شەڕێکی لۆکاڵییان لە نێو ئۆکرانیادا بەرپا کرد، کە ئێمە دەزانین ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ نییە، بەڵام بەرپاکردنی شەڕ لەگەڵ خودی ئۆکرانیا دەبووە تەحەددییەکی جیددیی ئەمنی و ڕەنگە بە چەشنێك پەرەسەندنی بەخۆوە ببینیایە، یان بە ئاقار و ئاراستەیەکدا بڕۆیشتایە کە نەتوانرایە کۆنترۆڵ بکرایە. کەواتە لەم ڕووەوە سڵکردنەوەیەك هەیە و ئەم سڵێکردنەوەیەش شکستی نەهێناوە لە ئاست ڕووسیادا.

*** هەر لە پەیوەندی بە ڕێکارەکانی بەرەنگاربونەوەی ڕووسیا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئەوەمان بەدی کردووە کە ئیدارەکانی ئەمریکا پەنایان بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بردووە، بۆ ناچارکردنی ڕووسیا بۆ گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتەکان، بە تایبەتی ئێمە لە سەردەمی سەرۆك ترەمپدا بینیمان کە ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی زۆرێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی پەنای بۆ ئەم ڕێگاچارەیە دەبرد، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو بینیمان لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك ئۆباماشدا ئەم شێواز و ڕێگاچارەیە پیادە کرا، بگرە ئیدارەکانی پێش ئەویش، واتە ئەمە ڕەوتێکی بەردەوامی نێو سیاسەتی ئەمریکایە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە لە یاد نەکەین، کە دەوڵەتە گەورە و مەزنەکان لە شەو و ڕۆژێکدا و لە ساتەوەختێکدا گۆڕانکاری بە سەر سیاسەتی دەرەوەیاندا ناهێنن، چونکە ئەم وڵاتانە وەك کەشتییەکی گەورە وان و کاتی دەوێت تاوەکو ڕوگە و ئاراستەی خۆیان بگۆڕن لە نێو زەریادا. لەبەر ئەوە هەمیشە درێژەدانێك و بەردەوامبوونێك بەدی دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و پەنابردنەبەر سەپاندنی سزای ئابوورییش یەکێکە لەو ڕێچکە بەردەوامانە.

*** زۆر جار بڕیار بە دەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لەوە دەکەن، ڕووسیا ڕۆڵی نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیری دەگێڕێت و، بەم شێوەیە دەیەوێت ڕۆڵ و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە سەر ئاستی جیهان برەو پێ بدات، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من بە تەواوەتی هاوڕام و پێم وایە ئەمە تاکە ڕێگایە کە ڕووسیا دەتوانێت برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە جیهاندا، کە ئەمە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ڕۆڵی ڕووسیا کرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێمە دەزانین ڕووسیا پتر چالاکە لە سووریادا، ئێوە چۆن لە دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا دەڕوانن لەم وڵاتەدا؟ ئایا تا ئێستا چ دەستکەوتێکی بەدەست هێناوە و لە چیدا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ڕووسیا هەموو ئامانجە سەربازییەکانی خۆی پێکاوە و بەدی هێنان، بەڵام بێتوانایە لەوەی ئەم سەرکەوتن و دەستکەوتە سەربازییانە بگۆڕێت، یان بەکار بهێنێت بۆ گرتنەبەری چارەسەرێکی سیاسی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا. لە دەرئەنجامدا دەبینین ئەو دۆخە پڕ لە دژواری و سەختییەی سووریا بەردەوامە. واتە سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا خوازیاری ئەوەیە بزانێت چۆن دەتوانێت ئەم ڕێگاچارەیە بدۆزێتەوە، بەڵام لە ئێستادا نەیتوانیوە هەنگاو بەم ئاراستەیەدا بنێت. کێشەکەش ئەوەیە کە درەنگ، یان زوو ئەم دۆخە لە ئایندەدا دووبارە دەتەقێتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین فاکتەر هەن لە نێو سووریادا کە زەمینەی ئەو تەقینەوەیە خۆش دەکەن، ئەوەتا هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدان، ئێران بوون و دەستڕۆیشتوویی هەیە، بە هەمان شێوە ئیسرائیل و ڕووسیا و تورکیا بوون و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویان هەیە.

*** ئێوە لە سەرەتادا ئاماژەتان بەوە کرد**



**کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن خوازیارە پتر ڕاشکاو بێت لە بارەی چینەوە، کە زۆرێك لە شارەزا و کاربەدەست و بڕیاربەدەستانی نێو ئەمریکا ئاماژە بە هێزی هەڵکشاوی چین دەکەن، وەك تەحەددییەك بۆ باڵادەستیی سەربازی و ئابووریی ئەمریکا، خوێندنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- هیچ گومانی تێدا نییە کە هەڵکشانی هێزی چین مایەی تەحەددی و هەڵوەستەلەسەرکردنە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیدارەی سەرۆك بایدنەوە ئەوا تا ئێستا ئەدایەکی باشیان هەبووە لەم ڕووەوە. ئەوەتا هەنگاوەکانی ئەم ئیدارەیە چینی نارەحەت کردووە، چونکە ئیدارەی جۆ بایدن سەرقاڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی هاوپەیمانێتییەکانیەتی لە ئاسیا و لە ئێستادا ئەورووپییەکانیش پەرەیان بە پەیوەندییەکانیان داوە لەگەڵ ئاسیادا. واتە لەم ڕووەوە دەستکەوت و بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی باش بەدی هاتوون، هەرچەندە من خوازیاری هاتنەئارای دەستکەوتی زیاترم. بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێم وایە ڕێگا و ڕێگاچارەیەکی ڕاست و دروستیان گرتووەتەبەر لەم ڕووەوە.

*** دواپرسیارمان پەیوەستە بە پێشبینییەکانتانەوە لە بارەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ڕووی باشترین سیناریۆ و خراپترین سیناریۆوە، بە تایبەتی کە لە ئێستادا ڕووسیا هێزی زیاتر لە سەر سنوورەکانی ئۆکرانیا کۆدەکاتەوە؟**

- من پێم وایە خراپترین سیناریۆ بریتییە لە بەرپابوونی شەڕ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، هەر لەم ڕووەوە پێم وایە کارێکی پێویستە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆك پوتین ڕابگەیەنێت کە ئەگەر بێت و ئۆکرانیا داگیر بکات، ئەوا دوچاری دۆڕان دەبێتەوە و چارەسەری دۆخی ئۆکرانیاش ئەوەیە کە ڕووسیا لەو وڵاتە بکشێتەوە و جێی بهێڵێت و، ئەگەر دەیەوێت ئۆکرانیا نەبێتە ئەندامی ناتۆ، ئەوا دەبێت لەو وڵاتە پاشەکشە بکات، واتە تا ئەو کاتەی ڕووسیا بەشێکی ئۆکرانیای داگیر کردبێت، بۆ ئەوەی نەبێتە ئەندامی ناتۆ، ئەو کاتە ئۆکرانیاش بە هەموو شێوەیەك بەرهەڵستی دەکات و وڵاتانی دیکەش بەرهەڵستی دەکەن و، ئەمەش سیناریۆیەکی خراپە ئەگەر ڕوو بدات. لە بارەی باشترین سیناریۆش، ئەوا من پێم وانییە هەڵوێست و سیاسەتی ڕووسیا لە سایەی دەسەڵاتی پوتیندا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا بێت.

یانیس ستیڤاچتیس
بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# ئەمریکا کەمتر بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات

یانیس ستیڤاچتیس پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی و سەرۆك بەش و بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ و گرنگی بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك: پەیوەندییە دەرەکییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی و کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد لە بارەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

## دیمانەی تایبەت



*** هەروەك دەزانن وەك هەمیشە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێكی دژوار و پڕ لە قەیراندا تێدەپەڕێت، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترین و سەرەكیترین ئەو پێشهاتانە چین كە لە ئێستادا مایەی زۆرترین نیگەرانین و پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی بە پەلە و جددی هەیە؟**

- لە ڕاستیدا گرنگترین پەرەسەندنێك كە لە ئێستادا لە ئارادایە و بتوانین ئاماژەی پێ بكەین، بریتیە لە بڕیاری ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتی جۆ بایدن بۆ ئەوەی وەك پێویست گرنگی و بایەخ نەدات بە پەرەسەندن و پێشهاتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و گواستنەوەی تەركیز و هەوڵەكانی بۆ ناوچەی زەریای هێمن و زەریانی ئەتڵەسی، بەم شێوەیە بوار و دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ هێزە گەورە و مەزنەكانی دیكە بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی گرنگتر لەم ناوچەیەدا بگێڕن. ئەوەتا ئێستا ئەوەی بەدی دەكرێت، بریتییە لە ڕۆڵێكی زیاتری ڕووسیا و توركیا، بە تایبەتی توركیا كە ئێمە دەزانین پشتیوانیی ناوخۆیی بۆ سەرۆك ئەردۆغان بە چەشنی ڕابردوو نییە، بۆیە دیەوێت دەستكەوتێكی دەرەكی بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەكاری بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ناوخۆیی، بە تایبەتی تێوەگلانی لە بارودۆخی سووریاوە. واتە ئەمە مەسەلەیەكە كە دەبێت ئێمە بایەخی پێ بدەین و بەدواداچوونی بۆ بكەین. چونكە ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە كە هەندێ جار توركیا هاوكاری لەگەڵ ڕووسیا دەكات لە بارەی سووریاوە و هەندێ جاری دەكەونە ناكۆكی و كێشەوە لەگەڵ یەكتردا. هەروەها لە دەرئەنجامی كشانەوە، یان ئەوەی وا دەردەكەوێت كشانەوەی ئەمریكا بێت، ئەوا لە ئێستادا فەڕەنسا ڕۆڵێكی زیاتری هەیە لە

**پشتیوانیی ناوخۆیی بۆ سەرۆک ئەردۆغان بە چەشنی ڕابردوو نییە، بۆیە دیەوێت دەستکەوتێکی دەرەکی بەدەست بهێنێت، هەتا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ناوخۆیی بەکاری بهێنێت**

**کێشەی کوردیش کێشەیەکی گەورە و گرنگە و ئێمە نازانین تورکیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات**

**ناکرێت گلەیی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت، چونکە ئەوەی لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بریتییە لە پرسی پەرەسەندنی سیاسی**

**دەبێت دەوڵەت شەرعییەتی خۆی لە خەڵکەوە بەدەست بهێنێت، واتە خەڵک ببێتە سەرچاوەی شەرعییەتی دەوڵەت، ئەویش لە ڕێی ڕازیکردن و قەناعەتپێکردنەوە، نەک لە ڕێی ترساندن و خۆسەپاندنەوە**

**هەر کاتێک بەرژەوەندییەکانی وڵاتان یەکیان گرت، ئەوا کۆمەڵێک پرسی دیکە فەرامۆش دەکرێن، تەنانەت ئەگەر ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنایەتیی ڕابردووش بێت**

ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست، بە ڕێژەیەکی کەمتریش بەریتانیا، لەم ڕووەوە هاوکاری لە نێوان ئەم وڵاتانە لەگەڵ یۆنان و میسر و سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیل دروست بووە، لە بەرامبەر بەرەیەکی دیکەدا کە بریتییە لە ڕووسیا و تورکیا، واتە ئەمەش پێشهاتێکی دیکەیە کە دەبێت ببێتە جێی سەرنجمان. مەسەلەیەکی دیکە بریتییە لە پرسی کۆچبەران، یان قەیرانی کۆچبەران کە چۆن تورکیا کردوویەتیە چەکێك، بەڵام بەداخەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا بایەخی پێویستیان پێ نەدا لە سەرەتاوە، کاتێکیش یۆنان پێش ١٨ مانگ سکاڵای کرد لەم بارەیەوە، هیچ وەڵامدانەوەیەك نەبوو بۆ ئەم داواکارییەی یۆنان، ئێستاش تورکیا و بیلاڕووسیا دەیانەوێت لە ڕێی کۆچبەرانەوە کێشە بۆ ئەورووپا بخولقێنن. هەروەها دەبێت ئێمە ئەوە لە یاد نەکەین، کە کێشەی کوردیش کێشەیەکی گەورە و گرنگە و ئێمە نازانین تورکیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، مەبەستم ئەوەیە کە یەکێك لە ڕەهەند و کاریگەرییەکانی تێوەگلانی تورکیا لە سووریادا بریتییە لە کێشەی کورد، کە ئێمە دەزانین ئەم کێشەیە تەنیا پەیوەست نییە بە کوردی سووریاوە، بەڵکو کوردی عێراقیش لەخۆ دەگرێت. بە تێڕوانین و بۆچوونی من ئەمانە کێشە و پێشهاتە سەرەکی و گەورەکانن، ئەگەرچی چەندین پەرەسەندن و ڕووداوی دیکەش لەم ناوچەیەدا ڕوودەدەن.

*** ئێوە توێژینەوەیەکی زۆرتان کردووە لە بارەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ناکارایی سیستمە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە هۆکاری دروستبوونی ئەو پشێوی و کێشانەیە کە ئەم ناوچەیە و وڵاتەکانی بەدەستیانەوە گرفتارن، یان دەبێت ئێمە بۆ هۆکاری دیکەی بگەڕێین لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ناکرێت ئەو پەیوەندییە شێواوەی هاتووەتەئاراوە لە نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت لەم وڵاتانەی ناوچەکەدا لە شەو و ڕۆژێکدا چاك بکرێت، هەرچەندە ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم وەسفە دەکەین، چونکە نابێت ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین کە لە هەندێ دۆخ و حاڵەتدا بەرەوپێشچوون و گەشەکردنێك بەدی هاتووە لە نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، بەڵام لە هەندێ بارودۆخ و هەلومەرجی دیکەدا ئەم پەیوەندییە شێواوە، یان پاشەکشەی کردووە. واتە لە هەندێ حاڵەتدا وا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکەی نێوانیان سەقامگیری دروست کردبێت، بەڵام لە ناواخندا بوونەتە هۆی ئەوەی تێکدانی هارمۆنییەتی نێوان کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی دەوڵەت. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژوار و تەنگژەیەکی دروست کردووە، مەبەستم ئەوەیە چۆن دەکرێت هاوسەنگییەك بەدی بهێنرێت لە نێوان پێداویستییەکانی هێنانەئارای سەقامگیری و ئارامی و پەرەپێدانی پرۆسەی بەدیموکراتیکردن و دەرفەت خولقاندن بۆ ئەوەی برەو بە خۆیان بدەن. هەروەها ناکرێت لەم ڕووەوە گلەیی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت، چونکە ئەوەی لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بریتیە لە پرسی پەرەسەندنی سیاسی، هەرچەندە دەکرێت لەم ڕووەوە پەرەسەندنەکان بە ڕەوتێکی خاو و لەسەرخۆ بە ئاراستە و ئاقارێکی باش و ئیجابیدا بڕۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرس و کێشەی گرنگ و گەورە هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، بۆ نموونە: دەبێت دەوڵەت شەرعییەتی خۆی لە خەڵکەوە بەدەست بهێنێت، واتە خەڵك ببێتە سەرچاوەی شەرعییەتی دەوڵەت، ئەویش لە ڕێی ڕازیکردن و قەناعەتپێکردنەوە، نەك لە ڕێی ترساندن و خۆسەپاندنەوە.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران و چاودێران ئاماژە بە هەندێ لە پەرەسەندنی ئەرێنی دەکەن و، لەم ڕووەوە باس لە ڕێککەوتنی ئاشتی، یان ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی دەکەن، ئایا پێت وایە ئەمە کاریگەریی باشی دەبێت لە سەر کەمکردنەوەی بارگرژییەکانی ناوچەکە و خولقاندنی دەرفەتی زیاتری ئاشتی و هاوکاریکردن کە لە کۆتاییدا بە قازانجی گەلانی ئەم ناوچەیە بشکێتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە لە ساتەوەختێکی مێژووییدا بەرژەوەندییەکانی وڵاتە

پەیوەندیدارەکان بەم ڕێککەوتنانەی ئاشتی، یان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە یەکیان گرتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوە بەرژەوەندییەکانی ئەم دەوڵەتانە بوو کە هۆکار و پاڵنەری پشت ئەم ڕێککەوتنانە بوو. کەواتە ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە هەر کاتێك بەرژەوەندییەکانی وڵاتان یەکیان گرت، ئەوا کۆمەڵێك پرسی دیکە فەرامۆش دەکرێن، تەنانەت ئەگەر ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنایەتیی ڕابردووش بێت. هەروەها ڕەنگە ئەمە دەرئەنجامی ئەو قەناعەتەش بێت کە لای ئەم وڵاتانە گەڵاڵە بووبێت، کە ئاشتی و پێکەوەکارکردن و هاوکاریکردنی یەکتری پتر لە بەرژەوەندیی ئەوانە، نەك ناکۆکی و دژایەتی. کەواتە دەکرێت ئەمانە پەرەسەندنی ئەرێنی بێت و، بکرێت بە بەرەوپێشچوونێکی باش لێکیان بدەینەوە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ کرد، هۆکار و پاڵنەر و بنەڕەتی ئەم ڕێککەوتنانە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکانی بوون، کە دەکرێت لەگەڵ گۆڕانی ئەم بەرژەوەندییانەشدا دووبارە ئەم وڵاتانە بگەڕێنەوە بۆ باری ڕکابەری و دژایەتی.

*** پرسێکی دیکەی مەترسیدار لەم ناوچەیەدا کە ئێوەش توێژینەوەیەکی زۆرتان لە بارەوە کردووە، بریتییە لە کێشەی تیرۆر و گرووپە توندڕەوەکان کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان لەم ناوچەیەدا کردووە و دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارە ڕیشەییەکانی بەردەوام سەرهەڵدانەوەی ئەم گرووپانە چییە و چۆن دەکرێت کار لەسەر نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بکرێت؟**

- ئەوەی بە کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان ناویان دەبەین، دەکرێت بە دوو جۆر لێیان بڕوانین، واتە دەکرێت هەندێکیان ئەو گرووپانە بن کە دەوڵەت خۆی هاوکاری و پاڵپشتییان دەکات و بواری کارکردن و هەڵسووڕانیان بۆ دەڕەخسێنێت، لەلایەکی دیکەوە دەستێوەردانی دەرەکی و هێزە دەرەکییەکان، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە چەشنێك کار دەکەن و بە شێوەیەك پاڵپشتی و هاوکاری بۆ ئەم گرووپانە دەستەبەر دەکەن، کە توانای ئەوەیان هەبێت کارا و کاریگەر بن.

*** باشە ئێوە باس لە دەستێوەردان و کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بوونەتە هۆی بەهێزکردنی ئەم گرووپە نادەوڵەتییانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت ئەمریکا دەستێوەردانێکی بنیاتنەر و ئەرێنیی هەبێت لەم ناوچەیەدا و ئایا ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەو ئاراستەیەدا هەنگاوی هەڵگرتووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە بیرۆکەی بایەخدانی کەمتر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیدانی زیاتر بە ناوچەی زەریای هێمن لە سەروەختی ئیدارەی باراك



ئۆبامادا هێنرایە ئاراوە و کاری لەسەر کرا، ئەوە بوو جگە لە تێوەگلانی لە شەڕی دژ بە داعشدا- کە دواتر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش درێژەی پێ دا- ئەمریکا کار و کۆششێکی ئەوتۆی نەکردووە لەم ناوچەیەدا. دواتر من نامەوێت بڵێم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکشێتەوە، بەڵام بە ئاست و ئەندازەیەکی کەمتر دەستێوەردان دەکات، ڕەنگە لەم ڕووەوە ئەمریکا بەرپرسیارێتیی زیاتر دابەش بکات، یان هاوبەشی پێ بکات لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا. من پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کە هاوپەیمانێکی ستراتیژی دروست بووە لە نێوان فەڕەنسا، یۆنان، ئیسرائیل و سعودیە و ئیمارات و ڕەنگە ئەمەش بەم مانایە بێت کە ئەم وڵاتانە ڕۆڵێکی زیاتر لەم ناوچەیەدا بگێڕن.

**هاوپەیمانێکی ستراتیژی دروست بووە لە نێوان فەڕەنسا، یۆنان، ئیسرائیل و سعودیە و ئیمارات و ڕەنگە ئەمەش بەم مانایە بێت کە ئەم وڵاتانە ڕۆڵێکی زیاتر لەم ناوچەیەدا بگێڕن**

**بیرۆکەی بایەخدانی کەمتر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیدانی زیاتر بە ناوچەی زەریای هێمن لە سەروەختی ئیدارەی باراک ئۆبامادا هێنرایە ئاراوە و کاری لەسەر کرا**



**هەڵگورد شێخ نەجیب**
سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ گوڵان:

# خەڵکی دەڤەری سۆران لە ئیدارەی سەربەخۆ سوودمەند دەبن و کەرتی بازرگانی و گەشتیارییش دەبووژێنینەوە

**سۆران سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی و گەشتیارییە و ڕووبەرێکی ناوچەی جوگرافیای فراوان لەخۆ دەگرێت و، ژمارەی دانیشتووانەکەی لە سەرووی ٣٥٠ هەزار کەسن، بڕیاری دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم دەڤەرە گرنگە جێگای خۆشحاڵیی دانیشتووانەکەی بوو. بۆ قسەکردن لەسەر هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی هەیکەل و جێبەجێکردنی داواکاری و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی دەڤەرەکە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارە تایبەتەی لەگەڵ هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران سازدا.**

*** سەرەتا وەکو یەکەم سەرپەرشتیاریی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، دەمانەوێت بزانین تاچەند بڕیاری دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ سۆران لە ئاست خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیاندا بووە؟**

- دەڤەری سۆران بە هەر چوار قەزاکەی (سۆران، چۆمان، مێرگەسور و ڕەواندز)ەوە ڕووبەرێکی جوگرافیای فراوانە و بە ناوچەیەکی بازرگانی و گەشتیاری و کشتوکاڵیی گرنگ دادەنرێت، دانیشتووانەکەی لە پێکهاتەی جیاواز و تەنانەت لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینیشەوە جۆراوجۆرە و لەم دواییەدا ئاوارە و پەناهەندەی عەرەبیش ڕوویان تێ کردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بەتایبەتی لە سەنتەری سۆران بە شێوەیەکی زۆر خێرا ڕووی لە زیادبوون کردووە، لە ڕوانگەی ئەم واقیعە و بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە و کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا بەڕێوەچوونی ماملەی هاووڵاتیان ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانی دەرکرد، ئەم بڕیارەش دوای دیراسەت و ئامادەسازییەکی زۆر هات، کە من خۆم لە ناو تیمی پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو هەڵسەنگاندن و دیراسەتە بووم و، سەرۆکی حکومەت ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و بەدواداچوونی ئەم کارەی دەکرد، کە لە ئاست داواکاری و خواستی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین بوو. بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە هەموو پێوەرەکان بڕیارێکە بۆ خزمەتی زیاتری خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری سۆران و سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەم دەڤەرە، چ لە ڕووی ئاسانکاری لە بڕیاردان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیروکراتیەتی کوشندە و خێرا بێت، یان لە ڕووی کەمکردنەوەی بارگرانی و قورسایی لە سەر دامودەزگاکانی پارێزگای هەولێر بێت. خەڵکی ئەم ناوچەیە حەزیان لێیە خۆیان بەدواداچوونی ماملەکانیان بکەن و، لەم پێناوەدا کات و خەرجی و ڕێگایەکی دووریان بەڕێ دەکرد بۆ بەدواداچوونی ماملەکانیان لە هەولێر، لەلایەکی دیکەوە بۆ جێبەجێکردنی کاروچالاکی و پرۆژەیەک دەبوایە لە قەزاکەوە بۆ پارێزگای هەولێر و لەوێشەوە بۆ وەزارەتەکان بێت و کاتێکی زۆری دەویست، لە ئێستادا ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگانەی لە دەڤەری سۆران هەن و پێویست ناکات سەردانی سەنتەری شاری هەولێر بکەن، ڕاستەوخۆ ئەو دەسەڵاتانەیان دەدرێتێ کە خۆیان سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی ماملە و کارەکانی هاووڵاتیان بکەن، دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکان لە بنەماکانی ئیدارەیەکی پێشکەوتووی خزمەتگوزارە.

> رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانی دەرکرد، ئەم بڕیارەش دوای دیراسەت و ئامادەسازییەکی زۆر هات، کە من خۆم لە ناو تیمی پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو هەڵسەنگاندن و دیراسەتە بووم

> دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکان لە بنەماکانی ئیدارەیەکی پێشکەوتووی خزمەتگوزارە

*** بەڵام ڕەنگە هاووڵاتیانی ئەم دەڤەرە زۆر بەپەلە بن بۆ دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی ئەم بڕیارە، ئایا هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی هەیکەل و نوێکردنەوەی هەندێك بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بە کوێ گەیشتووە؟**

- بێگومان خەڵکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بڕیارێك، چاو دەبڕنە دەرئەنجامەکانی و دەیانەوێت بزانن ئەم بڕیارە بە زووترین کات چی لە ژیان و بارو گوزەران و واقیعەکە دەگۆڕێت، بڕیارێکی لەم شێوەیە کەمێك چاوەڕوانی و پشوودرێژی پێویستە،

ئەوەتا بەردەوام لە دیدار و گفتوگۆکانمدا لەگەڵ بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و وەزیرە بەڕێزەکان و بەرپرسانی ئەنجومەنی وەزیران لە گفتوگۆ و دانوستاندندایین بۆ ئەوەی هەموو ئەو کاروبارانە ڕێك بخرێتەوە و ڕێچکەیەکی یاسایی و ئیداریی ڕێکوپێك لەخۆ بگرێت و، لە کۆتاجاردا لە خزمەتی هاووڵاتیانی سۆراندا بێت. دابەزاندنی دەسەڵات بۆ یەکە ئیدارییەکانی سۆران بە تایبەتی لە هەندێك بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی تایبەتەوە، پێویستی بە پاڵپشتیی دارایی و هونەریی و ماددی و تەنانەت دامەزراندنی فەرمانبەرانیش هەیە، یەکە ئیدارییەکانی سۆران پێشتر دەبووایە پەیوەندی بە قەزا و قایمقامیەتەکان و دواتر بە پارێزگای هەولێرەوە بکەن و، لەوێشەوە بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتەکان و ئەو کات بۆ وەزارەتەکان و دووبارە ئەم ڕۆتین و کارە ئیدارییە پێچەوانە دەبووەوە، ئەمەش کات و ڕۆتینێکی زۆری پێویست بوو. لە ئێستادا یەکە ئیدارییەکان ڕاستەوخۆ دەتوانن لە ڕێگەی یەکەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانەوە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان بکەن و، کارەکان باشتر بەڕێوە بچێت، تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بە وەزارەتەکانەوە دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتەکانیانەوە بکەن و، بەدواداچوونی خێرا و جددیتر بۆ کارو مامەڵەکانی هاووڵاتیان بکەن. ئێمە لەئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکەین، چۆن سوود لەو بڕیارە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەربگرین. لە ئێستادا تیمێکمان سەرقاڵی دروستکردنی ئەو هەیکەلەین بۆ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و تەواوی ئەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی وەکو کشتوکاڵ و شارەوانییەکان و پەروەردە و تەندروستی بڕیاریان لە سەر دراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر ڕانەوەستاوین و لە ئێستاوە جەخت لە سەر چارەسەرکردنی خێرا و درێژخایەنی هەموو ئەو گرفت و کێشانە دەکەینەوە، کە لەم دەڤەرەدا بوونیان هەیە و، خۆشمان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی لەم دەڤەرەدا ئامادە دەکەین. من ئومێدم هەیە وەزارەتەکان و پارێزگاری هەولێر هاوکار و یارمەتیدەرمان دەبن، بە تایبەتی ئەو وەزارەتانەی کە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتریان هەیە، بە تایبەتی قەزا و ناحیە دوورە دەستەکانی وەکو چۆمان و مێرگەسور و سیدەکان و چەندین ناحیە و گوندی دیکە. هاوکات من گەشبینم بەوەی سەقامگیریی دەڤەرەکە و پاڵپشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە وا دەکات هەردوو کەرتی بازرگانی و گەشتیاریی ببووژێتەوە و بە سوود و قازانجێکی زۆر بۆ ئابووریی ناوچەکە و کوردستان و بەدەستهێنانی هەلی کار بگەڕێتەوە.

*** باسی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەڤەری سۆرانت کرد، کە بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیا و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بووەتە ئەولەوییەتی کارەکانتان، دەکرێت بزانین ڕیزبەندی چ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری زیاتر خەڵکی ناوچەکە پێویستیانە؟**

- سۆران بە هەر چوار قەزاکەیەوە پێداویستیی زۆرە و دەکرێت لەم دیدارەی گۆڤارە بەڕێزەکەتانەوە تەنیا جەخت لەسەر گرنگترین پڕۆژە ستراتیژییەکان بکەمەوە، هەندێك کێشە و گرفت هەیە، گشتین و تایبەتە بە هەموو کوردستان، هەندێکیش هەیە تایبەتە بەم دەڤەرە. بۆ نموونە: بە هۆی لاوازیی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزەوە تا ئێستا نەتوانراوە هیچ کات پشکی کارەبای سۆران وەکو شارەکانی دیکە وەربگیردرێت، بەڵام لەئێستادا بە خۆشحاڵییەوە وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی ڕاکێشانی هێڵێکی پاڵەپەستۆی بەرزە لە شەقڵاوەوە بۆ سۆران، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو بێت، هاوکات لە گفتوگۆکانم لەگەڵ وەزیری کارەبا چەندین بابەتی دیکەی تایبەت بە دانانی وێستگەی مۆبایل و ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا و پێداویستیی ئەم دەڤەرەم ختەڕوو، کە گرنگترینیان نەبوونی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایە، کە وای کردووە زۆر لە ناوچەکان لە بەر دووریی لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبا، تووشی گرفتی (ڤۆڵتی) یە بن، لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش لەسەر ڕێگاوبانەکان گفتوگۆمان کردووە، بەوەی ئەم ناوچەیە ڕێگاوبانەکانی وەکو پێویست نییە و ناوچەیەکی گەشتیاری و شاخاوییە و پێویستی بە بودجە و ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، چەندین وەزارەت و دامودەزگای دیکەش بە هەمان شێوە، ئەرکی سەرشانمە گرفتەکان بگەیەنمە شوێنی خۆی و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی بکەین، گرفت هەیە، پێویستمان بە چارەسەری کاتی و خێرا هەیە، کێشەش هەیە پێویستی بە پلان و پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی هەیە. من لە قۆناغی یەکەمدا لە سەر هێڵم لەگەڵ وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان کە خواست و پێداویستیی سەرەکیی هاووڵاتیانە

**خەڵکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بڕیارێک، چاو دەبڕنە دەرئەنجامەکانی و دەیانەوێت بزانن ئەم بڕیارە بە زووترین کات چی لە ژیان و باروگوزەران و واقیعەکە دەگۆڕێت**

**لە ئێستادا یەکە ئیدارییەکان ڕاستەوخۆ دەتوانن لە ڕێگەی یەکەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانەوە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان بکەن و، کارەکان باشتر بەڕێوە بچێت**

**بە هۆی لاوازیی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزەوە تا ئێستا نەتوانراوە هیچ کات پشکی کارەبای سۆران وەکو شارەکانی دیکە وەربگیردرێت**

**وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی ڕاکێشانی هێڵێکی پاڵەپەستۆی بەرزە لە شەقڵاوەوە بۆ سۆران، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو بێت**

و خۆشتان دەزانن، ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی وێرانکاری و شەڕی گەورە بووەتەوە و، چەندین قەزا و ناحیەی بە تەواوەتی وێران کرابوون، بۆیە پێویستی بە کاری جددی و بودجەیەکی گەورەتر هەیە.

*** ئەگەر کەمێك لە سەر پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بە تایبەتی پرۆژەکانی شارەوانی ڕاوەستین، ئایا تاچەند سۆران بە هەرچوار قەزاکەیەوە پێویستی بە کاری خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە، بە تایبەتی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە و پاکوخاوێنی؟**

- وەکو ئاماژەم پێ دا، ژمارەی دانیشتووانی سۆران بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە زیادبوونە و تەنیا لە ناو سەنتەری شاری سۆران ئەم ژمارەیە گەیشتووەتە نزیکەی ٢٠٦ هەزار کەس، ئەمەش پێویستی بە پرۆژە و کاری زیاترە، لەم ڕووەوە ئێمە پلانی کورتخایەن و درێژخایەنیشمان هەیە، هەرچی بابەتە هەنووکەییەکان هەیە، کە دەبێت مشوری بخورێت و، چارەسەر بکرێن، لە ڕیزبەندی پێشەوەمان داناوە، لە ڕووی پڕۆژەکانی ئاوەوە هەندێك پلانی درێژخایەنمان هەیە و کاری لەسەر دەکەین، بە تایبەتی بۆ کۆتاییهاتن بە پرۆسەی دابەشکردنی ئاو بە تانکەر، کە پارەیەکی زۆر لەم پرۆسەیەدا خەرج دەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە گفتوگۆم لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی کرد و بۆم ڕوون کردەوە کە بە داهاتی دوو ساڵی دابەشکردنی ئاو بە تەنکەر، کێشەی هەموو ئاوی دەڤەرەکە چارەسەر دەکەین و، خۆشبەختانە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی بە تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە دا، بۆ ئەوەی بە یەکجاری ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

*** باسی ڕێگاوبانەکانت کرد، بەوەی ئەم ناوچەیە جگە لەوەی لە ڕووی بازرگانییەوە هاتوچۆیەکی زۆری لە سەرە، لە ڕووی گەشتیارییشەوە گرنگە و پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە، بە تایبەتی ڕێگاوبانی هاملتۆن، ئایا لەم ڕووەوە چ پلان و بەرنامەیەکتان لەبەردەستدایە؟**

- لە سۆران بنکەی ڕێگاوبانمان هەبوو، لە ئێستادا نوێ کراوەتەوە و بووە بە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبان، لە هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دانیشتین و گفتوگۆمان کرد، بۆ ئەوەی لەلایەك ئامادەکاریی بکەین بۆ هاتنی وەرزی زستان و ئەگەری بارینی بەفر و بارانێکی زۆر لەم ناوچە شاخاوییانەدا هەیە و داوامان کردووە ئامێری پێشکەوتووی بەفرماڵین دابین بکرێت و بۆ چاککردنی ڕێگاوبانەکان پێشوەختە خۆمان ئامادە بکەین. هەروەها بوونی تونێلی کۆرەکیش گرنگە و پێویستە بە زووترین کات ئەم پرۆژە گرنگە جێبەجێ بکرێت، هاوکات ڕێگای نێوان سپیلك و خەلیفان زۆر گرنگە فراوان بکرێت و هەرچی هاتوچۆی سەر ڕێگای هاملتۆن هەیە، دەچێتەوە سەر ئەم ڕێگایە و لە وەرزەکانی بەهارو هاوینیشدا پاس و ئۆتۆمبێلێکی زۆر لە سەر ئەم ڕێگایە هاتوچۆ دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی چاککردنی ڕێگاوبانەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ جووڵەی بازرگانی و هاتوچۆی گەشتیاران نەك تەنیا بۆ ئەم دەڤەرە گرنگە، بەڵکو بۆ خودی پارێزگای هەولێریش گرنگیی لە ڕادە بە دەری هەیە و، دەبێتە هۆی بووژانەوەی کار و چالاکیی بازرگانی و زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاری.

*** هەڵبەتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەم ئاوەدانەکردنەوەی گوندەکانی دەڤەرەکە بوونی پەکەکەیە، تەنانەت باس لە چۆڵکردنی ژمارەیەك گوندی دیکەش دەکرێت، ئایا ئێوە چۆن دەتوانن ئەم ناوچە سنوورییانە ئاوەدان بکەنەوە و دەستی خزمەتگوزاریی پێ بگەیەنن، لە کاتێکدا شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا لەو دەڤەرانەدا هەیە؟**

- پەکەکە بۆ ئێمەی ئیدارەی سۆران و گوندنشینەکان و خەڵکی ناوچەکە کێشەیەکی گەورەیە، لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەکان باسی ئەم گرفتە گەورەیەمان کردووە و نەمانتوانیوە وەکو پێویست ئاوڕ لەم ناوچانە بدەینەوە و خزمەتگوزاری بۆ دەیان گوند ئەنجام بدەین، بگرە چەندین گوند بە هۆی شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا و هێرشی فڕۆکەکانی تورکیاوە ناتوانن سوود لە ڕەز و باخ و ناوچەکەیان بکەن و دەیان گوند چۆڵ کراون و، چەندین گوندی دیکەش هەر نەتوانراوە ئاوەدان بکرێنەوە، بۆ نموونە لە ناوچەکانی قەسرێ و سیدەکان بە دەیان گوند هەن، نەتوانراوە ئاوەدان بکرێنەوە و خەڵکی ئەم گوندنشینانە دوور و نزیك پەیوەندییان بەو شەڕەوە نییە و ئێمەش ناتوانین گەرەنتی بەو هاووڵاتیانە بدەین کە لە تۆپ و مووشەکی فڕۆکەی تورکیا و تەقەمەنی و مینی پەکەکە بیانپارێزین.

**ئەم ناوچەیە ڕێگاوبانەکانی وەکو پێویست نییە و ناوچەیەکی گەشتیاری و شاخاوییە و پێویستی بە بودجە و ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە**

**ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی وێرانکاری و شەڕی گەورە بووەتەوە و، چەندین قەزا و ناحیەی بە تەواوەتی وێران کرابوون، بۆیە پێویستی بە کاری جددی و بودجەیەکی گەورەتر هەیە**

**ژمارەی دانیشتووانی سۆران بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە زیادبوونە و تەنیا لە ناو سەنتەری شاری سۆران ئەم ژمارەیە گەیشتووەتە نزیکەی ٢٠٦ هەزار کەس**

**بە داهاتی دوو ساڵی دابەشکردنی ئاو بە تەنکەر، کێشەی هەموو ئاوی دەڤەرەکە چارەسەر دەکەین**

# یاسایەکی گشتگیر پێویستە بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان

ئاو وێڕای ئەوەی پێداویستییەکی هەرە سەرەکیی ڕۆژانەی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی ئاو لە زۆر بواری دیکەشدا دیار و بەرچاوە، لەوانە بۆ نموونە:

**یەکەم: ڕۆڵی ئاو لە ئاوەدانکردنەوەدا:**

زۆربەی هەرە زۆری ناوی گوندەکان پێشگر، یان پاشگری (ئاو)، یان (کانی) پێوەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کانی و سەرچاوەکانی ئاو هۆکاری سەرەکیی کۆبوونەوەی خەڵك بوون لەو شوێنەدا کە ئاوەدان کراوەتەوە.

**دووەم: ڕۆڵی ئاو لە سەرهەڵدانی شارستانییەتەکاندا:**

شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار، یان میزۆپۆتامیا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ناوی کۆن و دێرینی ئەم ناوچەیە و عێراقی ئێستا هەزاران ساڵ لەمەوبەر بە هۆکاری هەردوو ڕووبارەکەیەوە بووە، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناوی لێ نراوە، یان وڵاتی میسر کە بە دۆڵی نیل ناسراوە، ئەمانە و چەندەها نموونەی دیکە.


**سێیەم: ڕۆڵی ئاو لە پەرەسەندنی کەلتووردا:**

تەماشاکردنی ئاو وەك بنچینەی ژیان و تێکەڵبوونی ئاو لەگەڵ ئایینەکاندا، چ بۆ خۆشوشتن و خۆپاککردنەوە و دەستنوێژ و شوشتنی مردوو، یان خۆلەئاوهەڵکێشان، لەمانەدا ئاو کۆڵکەی هاوبەشە، لێرەشەوە سروتە ئایینییەکان بوون بە بەشێك لە کەلتووری گەلان و، ئاو لە شیعر و پەخشان و پەند و فۆلکلۆریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

**چوارەم: ڕۆڵی ئاو لە ناساندنی گەلان بە یەکدی:**

ئەو ڕووبارانەی کە بە زیاتر لە یەك وڵاتدا تیپەڕبوون، هۆکاری گواستنەوەی سەرەتاییانەی وەك کەشتی لە ڕێگەی ڕووبارەکانەوە بازرگانییان کردووە و، بە یەك گەیشتوون و یەکدییان ناسیوە.

بۆیە ئەمڕۆ بە هۆی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی کەش و هەواوە جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك وڵاتانی دیکە لە خەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو بین و، بە گرنگتر لە سامانی نەوتی بزانین، چونکە وەك وتراوە: مرۆڤایەتی ساڵانێکی زۆر بە بێ نەوت ژیاوە، بەڵام نەیتوانیوە و ناتوانێت بە بێ ئاو بژی.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت

لەم پێناوەشدا زۆر گرنگە چەند هەنگاوێکی هەمە جۆر بنێین، لەوانە بۆ نموونە:

١. خێراکردن لە بونیادنانی بەنداوی پێویست بۆ کۆکردنەوە و گلدانەوەی هەموو ئاوی باران، بۆ ئەمەش بێگومان بوونی ئیرادە زۆر پێویستە بۆ کۆکردنەوەی ئاو و، بوونی ئیدارەش زۆر پێویستترە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنان و دابەشکردنەوەی ئاو.

٢. سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی و ڕووبارەکان و پاراستن و پارێزگاریکردن لە ئاوی ژێر زەوی و قەدەغەکردنی لێدانی بیری نایاسایی.

٣. بایەخدان بە ئاو وەك (بڕ) و وەك (جۆر)، لە پێناوی پاراستنی هەمەجۆریی زیندەوەران و (بایۆدایڤێرسیتی) و، باش ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

٤. سەرخستنی ئاوی نێو ڕووبارە قووڵەکان بۆ ئاستی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ڕێگەی ترومپا و پەمپی تایبەتەوە، چونکە زۆرێك لە ڕووبارە باریکەکان دەکەونە نێو قووڵایی دۆڵەکانەوە.

٥. بۆ ئەوەی ئاو بەفیڕۆ نەچێت، سەرپۆشکردنی ڕووبارەکان بە پانێڵی بەرهەمهێنەری وزە لە تیشکی خۆر زۆر پێویستە و، هەروەها ناوپۆشکردنی ڕووبارە لاوەکییەکانیش بە ماددەی تایبەت.

٦. گۆڕینی کاری کشتیاری لە شێوازی کۆنەوە بەرەو شێوازی زیرەکی کشتوکاڵکردن و، کۆتاییهێنان بە شێوازیی کلاسیکییانەی ئاودان و ئاودێری.

٧. پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و تەماشاکردنی وەك نەوتی یەدەك بۆ ئایندە و کاتی تەنگانە.

٨. کارکردن بە چەمکی هاوکاری و دابەشکردنی عادیلانەی ئاو لە نێوان وڵاتان و یەکە ئیدارییەکاندا و، دوورکەوتنەوە لە چەمکی ترساندنی ژینگەیی و ململانێی توندوتیژ.

٩. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی ژینگە لە جەنگدا بە گشتی و ئاو بە تایبەتی.

١٠. دەرچواندنی یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.



دکتۆر کەمال تەیب

بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# داهاتی باج لە کوردستان بۆ خزمەتگوزارییەکان و مووچە بەکار دەهێندرێتەوە

**کۆکردنەوەی داهاتی باج لە هەرێمی کوردستاندا قسە و باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، وێڕای گرنگیی وەرگرتنی باج، هاوکات پێویستی بە هاوسەنگی و ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری و ئاستی بژێویی چین و توێژەکانی ناوکۆمەڵگە هەیە، بۆ ئەوەی لە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی لانەدات و، بارگرانی و جێگای سەرنج و نیگەرانی نەبێت؛ لەم ڕووەوە دکتۆر کەمال تەیب بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا، جەخت لەسەر گرنگترینی ئەو بڕیار و یاسایانە دەکاتەوە، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی باجەکان دەرچووە، لێرەدا دەقی دیمانەکە بڵاودەکەینەوە.**

*** یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهات وەرگرتنی باجە، ئەم بابەتە هەستیارە لە سەرجەم وڵاتانی دنیا وێڕای ئەوەی بە یاسا ڕێکخراوە، هاوکات بەپێی فەلسەفە و بنەمایەکی ئابووری جێبەجێ دەکرێت، سەرەتا دەمانەوێت بزانین ئایا لە کوردستاندا لە سەر چ فەلسەفە و بنەمایەکی ئابووری سیستەمی وەرگرتنی باج ڕێك خراوە و پەیڕەو دەکرێت؟**

- لە هەرێمی کوردستان باج بەپێی یاسا ڕێك خراوە و بە سەر کۆمپانیا و پیشە و فرۆشیارییەکاندا سەپێندراوە، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سیستەمی کۆکردنەوەی باج و ڕسوومات لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیدا ڕێك خراوەتەوە، بە شێوەیەك کە لە خزمەتی هەژار و کەمدەرامەتدا بێت، باج بە هیچ شێوەیەك لە خاوەن داهاتە نزمەکان وەرناگیرێت، بەپێچەوانەوە داهاتی باجەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ بەردەوامیدان بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی مووچە خەرج دەکرێت.

*** باسی پرۆسەی چاکسازیتان کرد، ئایا تا چەند ڕێکخستنەوەی وەرگرتنی باجەکان ڕەچاوی دادگەری و ڕێگرتن لە خۆدزینەوەی باج کراوە و، بە شێوەیەك نەسەپێندراوە کە ببێتە هۆی بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان؟**

- وەرگرتنی باج لە هەموو وڵاتانی دنیادا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە یاسا پەیڕەو دەکرێت و، سیستم و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و، بەکارهێنانیەتی لەپێناو بەردەوامیدان بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و پێشخستنی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیدا هاتووە، تایبەتە بە بڕیار و ڕێکاری نوێی پەیوەست بە وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو پیشەوەرانەی کە داهاتێکی زۆریان دەست دەکەوێت، بۆ نموونە: ئێمە باج لە سەرووی ملیۆنێك دینار وەردەگرین، واتا ئەو داهاتەی وەرگیراوە لە ڕێگەی سەپاندنی باجەوەیە بە سەر کەسانی دەسترۆیشتووی دەوڵەمەند، هەر بوار و بابەتێك پەیوەندی بە خەڵکی دەوڵەمەندەوە هەبێت و، لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەژار بێت، بە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئێمەش سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی بووین، ناکرێت قاسەی گەنجینەی گشتی بەتاڵ بێت و، قاسەی کەسانێك لەم وڵاتەدا

**ياساكانى هەرێمی کوردستان لە بواری ئەو ڕێژە باجەی کە وەردەگیرێت، بەراورد بە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان زۆر کەمە**

**بە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەکانی باج ناکۆکیمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ دروست بووە**

تـا دێـت دەوڵەمەندتـر ببێـت. یاسـاکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە بـواری ئـەو ڕێـژە باجـەی کـە وەردەگیرێـت، بـەراورد بـە عێـراق و وڵاتانـی ناوچەکـە و جیهـان زۆر کەمـە، تەنانـەت بـە هـۆی کەمکردنـەوەی ڕێژەکانـی بـاج ناکۆکیمـان لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـی بـۆ دروسـت بـووە، جـار هەبـووە بەڵێندەرێـك لێـرە باجـی داوە، کاتێـك چووەتـە بەغـدا جیاوازیـی ئـەو بـڕە باجەیـان بـەراورد بـە بەغـدا لـێ وەرگرتووەتـەوە. ئێمـە لـە سیسـتمی باجـدا خەمـی زیادکردنـی داهاتمـان نییـە لـە سـەر حیسـاب و پشـتی خەڵکـی هـەژار و کەمدەرامـەت، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە بـاج بـۆ خزمەتـی خەڵکـی هـەژار و کـەم دەرامـەت دانـراوە، زۆرجاریـش ئـەو کاڵا و شـمەکانەی زۆر پێویسـت نیـن، یـان نامانەوێـت زۆر بهێنرێنـە کوردسـتانەوە، وەکـو جگـەرە و بابەتـە کحولییـەکان، باجمـان لـە سـەریان چەنـد قـات زیـاد کـردووە.

*** کۆمپانیاکانـی گەیانـدن لـە شـارەکانی دیکـەی عێراقـدا باجـی فرۆشـراوەکانیان بـە حکومەتـی فیدراڵـی دەدەن، ئایـا بۆچـی لـە هەرێمـی کوردسـتان ئـەو باجـە وەرناگیرێـت؟**

- لـە شـارەکانی دیکـەی عێـراق کۆمپانیاکانـی ئەنتەرنێـت و پەیوەنـدی و گەیانـدن باجـی فرۆشـراوەکانیان دەدەن بـە حکومەتـی فیدراڵـی، بـەڵام لـە هەرێمـی کوردسـتان ئـەو کۆمپانیانـەی لێـرە کار دەکـەن، ئـەو باجەیـان نـەدەدا بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، کـە داهاتـی ئـەو باجـە مانگانـە بـە ملیـاران دینـار دەخەملێندرێـت و بـۆ خەزێنـەی گشـتیی دەوڵـەت نەدەگەڕایـەوە، ڕەوا نییـە هاووڵاتیانـی کوردسـتان ڕێـژەی لـە ٢٠٪ ی باجـی فرۆشـتن بـدەن، کەچـی ئـەو باجـە بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق بـڕوات، بۆیـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڕیـاری دا ئـەو باجـە بـۆ خەزێنـەی حکومەتـی هەرێـم بگەڕێندرێتـەوە، هەرچەنـدە بەهـۆی ناکۆکـی و یەکلانەبوونـەوەی ئـەم بابەتـە لەگـەڵ بەغـدا، تـا ئێسـتا بڕیارەکەمـان جێبەجـێ نەکـردووە، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـوورە لەسـەر جێبەجێکردنـی ئـەم بڕیـارە گرنگـە و گەڕانـەوەی تـەواوی داهـات و مافـە زەوتکراوەکانـی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ خەڵکـی کوردسـتان.

*** ئایـا کۆمپانیاکانـی نـەوت و غـاز و سـکیوریتی و خزمەتگوزارییەکانـی نـەوت لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـە هەمـان شـێوە بڕیـاری بـاج وەرگرتـن دەیانگرێتـەوە؟**

- سـەپاندنی بـاج لەسـەر کۆمپانیاکانـی نـەوت و خزمەتگوزارییـەکان و بوارەکانـی ژمێریـاری و سـکیوریتی لـە هەرێمـی کوردسـتان، خواسـت و داواکارییەکـی ڕەوای خەڵکـی کوردسـتان بـوو، پێشـتر بـە بیانـوو و پاساوی جیاواز خۆیان لـە باج دزیوەتـەوە و لـە زۆربـەی گرێبەسـتەکاندا ئـەو باجە نەهاتـووە و نەیانـداوە، ئێسـتا بەپێـی ئـەو بڕیارانـەی دەرچـوون، کۆمپانیاکانـی نەوتمان پابەندکـردووە بـە پێدانـی بـاج و زۆربەیـان باجیـان لـێ وەرگیـراوە و تەنانـەت بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی باجـەکان سـەرقاڵی داڕشـتنی میکانیزمێکـی گونجـاوە بـۆ وەرگرتنـی بـاج لـە تەواویـی ئـەو کۆمپانییانـە. سـەبارەت بـە کۆمپانیاکانـی سـکیوریتی کـە پێشـتر کەمتەرخەمـی و خۆدزینەوەیەکـی زۆر هەبـوو لـە پێدانـی بـاج، لـە ئێسـتادا حکومـەت سـەرقاڵی میکانیـزم و ڕێـکاری پێویسـتە بـۆ لێپرسـینەوە لـە سـەرجەم ئـەو کۆمپانیانـەی خۆیـان دزیوەتـەوە لـە بـاج. پێشـتر کۆمەڵێـك شـوێن و کۆمپانیـای گـەورە کـە لـە کوردسـتان کاریـان دەکـرد، لێخۆشـبوونیان بـۆ کـراوە، لـەم کابینەیـەدا تـەواوی ئـەو لێخۆشـبوونانە هەڵوەشـێندرایەوە، تەنیـا ئـەو کۆمپانیانـە نەبێـت کـە بـە یاسـای وەبەرهێنـان، یـان پەرەپێـدان لێخۆشـبوون دەیانگرێتـەوە، ئێمـە وەکـو بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی بـاج و خانووبـەرەی میـری، دەسـەڵاتی ئەوەمـان پـێ دراوە کـە ئەگـەر بێـت و کۆمپانیایـەك فرتوفێڵـی کردبێـت، ئـەوا نـەك تەنیـا باجەکـەی لـێ وەربگیرێتـەوە، بەڵکـو غەرامـە و پێبژاردنـی بـە زیاتـر بـۆ بکرێـت و، ناویشـی دەخرێتـە لیسـتی ڕەشـەوە.

*** ئـەی وەرگرتنـی بـاج لـە پیشـەوەران و فرۆشـتن، چـۆن ڕێکخراوەتـەوە؟ ئایـا مەترسـیی ئـەوە ناکرێـت لەبـری ئـەو باجـە، بارگرانـی لـە سـەر هاووڵاتیـان دروسـت ببێـت؟**

- وەرگرتنـی بـاج بـۆ ئـەو پیشـەوەرانەیە کـە داهاتێکـی بـەرز و باشـیان هەیـە، بـە تایبەتـی پزیشـك و ئەندازیـار و پارێـزەر، لـە سـاڵانی ڕابردوودا بەشـێکی زۆری ئـەو پیشـەوەرانە تۆمار نەکرابـوون، لـە ئێسـتادا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەرقاڵی تۆمارکردنـی هەمـوو

**جار هەبووە بەڵێندەرێک لێرە باجی داوە، کاتێک چووەتە بەغدا جیاوازیی ئەو بڕە باجەیان بەراورد بە بەغدا لێ وەرگرتووەتەوە**

**ئەو کاڵا و شمەکانەی زۆر پێویست نین، یان نامانەوێت زۆر بهێنرێتە کوردستانەوە، وەکو جگەرە و بابەتە کحولییەکان، باجمان لە سەریان چەند قات زیاد کردووە**

**ڕەوا نییە هاووڵاتیانی کوردستان ڕێژەی لە ٢٠٪ ی باجی فرۆشتن بدەن، کەچی ئەو باجە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بڕوات**

**کۆمپانیاکانی نەوتمان پابەندکردووە بە پێدانی باج و زۆربەیان باجیان لێ وەرگیراوە و تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باجەکان سەرقاڵی داڕشتنی میکانیزمێکی گونجاوە بۆ وەرگرتنی باج لە تەواویی ئەو کۆمپانیيانە**

ئەو پیشەوەرانەیە، کە بە تێکڕا ماوەیەکی زۆرە خۆیان دزیوەتەوە لە باج، سەبارەت بە باجی فرۆشتنیش تەنیا ئەو شوێنە تایبەت و ناوازانە دەگرێتەوە کە کەسانێك تێیدا بەکاربەر و بەکارهێنەرن، کە خاوەنی داهاتێکی بەرزن، وەکو هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەیی و چێشتخانە و کافتریا بەناوبانگەکان، مەسەلەی بارگرانییش، ئەوە کێبڕکێی بازاڕ و ئەرکی تیمەکانی چاودێری و بەدواداچوون و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە کە ڕێگە نەدەن بارگرانی لەسەر چین و توێژەکان دروست ببێت، وابزانم باشترین ڕێکاریش کێبڕکێی بازاڕە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆ دابەزینی نرخ و بەرزکردنەوەی کوالێتی.

*** ئایا باج لەسەر زانکۆو قوتابخانە ناحکومی و نەخۆشخانە ئەهلییەکان دانراوە، بەتایبەتی کە ساڵانێکە زانکۆ و قوتابخانە و نەخۆشخانەی ناحکومیی زۆر کراونەتەوە و بوونەتە خاوەنی داهاتێکی بەرز؟**

- زانکۆ و قوتابخانە و نەخۆشخانە ناحکوومییەکان ناوەندێکی گەورەی کۆکردنەوەی داهاتن، بەتایبەتی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، ساڵانێکە پارەیەکی خەیاڵییان کۆکردووەتەوە، بە تایبەتی دوای تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا، پێشتر ساڵانە لە ڕێگای ئەو میزانییەوە کە دادەنرا، باجیان لێ وەردەگیرا، بەڵام هەموو ئەو میزانیانە جێگای باوەڕ نەبوون، بە تایبەتی لە غیابی سیستمی بانکی و گومانکردن لەسەر ئەو کەسانەی ئەو میزانیانەیان ئامادە دەکرد، ئێستا مانگانە باجیان لێ وەردەگیرێت، لە ڕێگەی پسوولەیەکی تایبەت، کە لەلای خۆمان وەکو وەزارەتی دارایی چاپ دەکرێت و، چاودێرییەکی توندیشیان خراوەتە سەر، بۆ ئەوەی لەمەدوا ئەو باجە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان وەربگیردرێت و، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەوانە بگیردرێتەبەر کە خۆیان لە باج دەدزنەوە.

*** مەبەست لەو لێپرسینەوە یاسایی و ڕێکارانەی حکومەت چین کە بەرامبەر ئەو کەس و کۆمپانیانە پەیڕەو دەکرێت، کە خۆیان لە پێدانی باج دزیوەتەوە؟**

- زیاتر لە کەیسی ١٥٠ کۆمپانیا دراوەتە دادگا، کە فرتوفێڵیان کردووە و خۆیان لە پێدانی باج دزیوەتەوە، زیاتر لە هەزار کۆمپانیای جۆراوجۆریش کە زۆربەیان گەورە کۆمپانیاکانن، سزای دارایی کراون و غەرامەی دواکەوتنی باجیان لێ وەرگیراوە، ئەو کۆمپانیانەی کە دراونەتە دادگا سزای مەعنەوییش دراون، ئەمە وێڕای ئەوەی خەڵکانێك لە سەر خۆدزینەوە و فرتوفێڵکردن دەستگیر کراون و ژمارەیەکی زۆریش بڕیاری قەدەغەی گەشتکردنیان بۆ دەرچووە، یان ماڵ و سامانیان دەستی بەسەردا گیراوە، ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکی گەورە دانراوە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی باجی کۆمپانیا گەورەکان، بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیانە باج بدەن، بەهۆی ئەم بڕیار و کاری جددییەی حکومەتی هەرێمەوە، بە شێوەیەکی گشتی باجی داهاتی کۆمپانیاکان زۆر زیادی کردووە.

*** تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی داهاتی باجی خاڵە سنوورییەکان ڕێك بخاتەوە، بەتایبەتی لە دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی کە پێشتر قاچاخچێتی زۆری تێدا دەکرا؟**

- پێشتر ئەو میزانییەی کە لەسەر بنەمای باجەکان لە خاڵە سنوورییەکان ڕێك دەخرا، هەمووی ساختە بوون و بەشێکی زۆریان غەرامەیان لێ وەرگیرا، من داوا لەو کۆمپانیانە دەکەم کە پەنا بۆ فروتوفێڵ دەبەن، لەمەودوا دوور بکەونەوە، بەپێچەوانەوە خۆدزینەوە لە باج و فرتوفێڵکردن، بە زیانی کۆمپانیاکە تەواو دەبێت، کۆمپانیا هەبووە ساڵی ڕابردوو ملیۆنێك دینار باجی داوە، لەبەر ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە فرتوفێڵی کردووە ئەمساڵ باجەکەمان بۆ کردە دوو ملیار دینار، سەبارەت بە داهاتەکانی پارێزگا و ناوچەیەکی دیاریکراویش، ئێمە سەرقاڵی دارشتنەوەی وەرگرتنی هەموو باجەکانی کوردستانین وەکو یەك و بەبێ جیاوازی، دواتر ئەو داهاتە حکومەت بە سەر هەموو پارێزگا و ناوچەکانی کوردستاندا دابەشی دەکاتەوە، ناکرێت پارێزگایەك لە کۆکردنەوەی داهات کەمتەرخەم بێت و دەرئەنجام داوای پشکی شێری داهاتیش بکات، ئێمە تا سەری ساڵ مۆڵەتمان بەو دەروازە سنوورییانە داوە تاوەکو داهاتەکانیان ڕێك بخەنەوە، بەپێچەوانەوە بە حوکمی یاسا ئێمە ئیجرائات دەکەین.

**پێشتر کۆمەڵێک شوێن و کۆمپانیای گەورە کە لە کوردستان کاریان دەکرد، لێخۆشبوونیان بۆ کراوە، لەم کابینەیەدا تەواوی ئەو لێخۆشبوونانە هەڵوەشێندرایەوە، تەنیا ئەو کۆمپانیانە نەبێت کە بە یاسای وەبەرهێنان، یان پەرەپێدان لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە**

**دەسەڵاتی ئەوەمان پێ دراوە کە ئەگەر بێت و کۆمپانیایەک فرتوفێڵی کردبێت، ئەوا نەک تەنیا باجەکەی لێ وەربگیرێتەوە، بەڵکو غەرامە و پێبژاردنی بە زیاتر بۆ بکرێت و، ناویشی دەخرێتە لیستی ڕەشەوە**

**وەرگرتنی باج بۆ ئەو پیشەوەرانەیە کە داهاتێکی بەرز و باشیان هەیە، بە تایبەتی پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر، لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەو پیشەوەرانە تۆمار نەکرابوون**

**باشترین ڕێکاریش کێبڕکێی بازاڕە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆ دابەزینی نرخ و بەرزکردنەوەی کوالێتی**



# لە چلەی فەیسەڵ دێهاتیدا..

# سڵاو بۆ گیانی پاکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس



ئاریان ئیبراهیم شەوکەت
بۆ گوڵان نووسیویەتی

برا و دۆست و هاوڕێی خۆشەویستم فەیسەڵ دێهاتی: نازانم چۆن تەکان بە خۆم بدەم و چیت بۆ بنووسم، کە تۆ لە ئێستادا لەبەر چاوم ونیت، بەڵام بزانە تۆ نەمردوویت و، یادی تۆ هەم خۆشییە و هەمیش خەم، تۆ هەردەم لەناوماندایت و بۆ هەتاهەتا تا کۆتایی ژیانمان لە دڵ و دەروونماندا دەژیت.

دۆست و هەڤاڵی ئازیز: نە تۆ دووبارە دەبیتەوە، نە دوو فەیسەڵ دێهاتییش جارێکی دی دەبنەوە، وردەکارییەکانی پەیوەندیی برایانە و گیانی بە گیانیم لەگەڵ تۆدا دەبێتە نەشتەرێک و سەرم لە لاشەم جیادەکاتەوە، خولەك و کاتژمێرەکان و ساتەکانی لێك دابڕان، وەك شووشەیەکی شکاو جەستەم شەکەت دەکات، من. من هەوڵ دەدەم بە خەت و خیتی قەڵەمێکی سادە بۆت بنووسم، چونکە تۆ زۆر سادە بوویت و حەزت لە سادەییە. دەمەوێت بە زمانی چاوێکی پڕ لە ئەسرین بۆت بنووسم، کە تەڕی بێت لە سۆز و خۆشەویستی بۆ تۆ، هاوڕێی شیرینم. من ئێستا ناتوانم ڕستە و وشەکان ڕێك بخەم و بیانسازێنم، چونکە کەوتوومەتە نێو بازنەیەکەوە هەموو دەورووپشتم زمانی وشە و، سەمای وشە و، تەنگەبەری وشەیە، کە هەر بە هەموویان زاتی ئەوە ناکەن وەسفی داهێنەرێکی شۆڕشگێڕی دژ بە ژیان بکەن، لە وەسفی شاعیرێك کە بە قەڵەم و چەقۆ نووسی، ئاواز و میلۆدی بۆ خۆشەویستی و سۆز دانا، بە هەموو بەهرەو کارامەییەکەوە بە نووسین و گوتار بە قەڵەمە ساکارەکەی نەخشەی پەتای نووسینی شرۆڤە کرد، لە چاوتروکانێکدا وەك ئاوێنەیەکی پارچەپارچە بوو تێکشکا، بەبێ دەنگییەك لەنێوان خەیاڵ و یەقیندا، ئەو سەربازە ونە دژی تۆز و بای ڕۆژگار بە مەلە کەوتبوو، وەك پاساری بە پشت کەشتییەکی چارۆگەدار لە شەقەی باڵی دەدا، لەسەر پێڵووی کەمانچە ئاوازی دەژەنی و

بە نێو لاپەڕەکاندا ڕای دەکرد، لە دەفتەرەکانی ڕۆژگاردا هوتافی دەکێشا و دەیگوت: مێژووی من هەمووی کارەسات و ڕۆژەکانی تەمەنیشم کەربەلایە، نووسەرێك و شاعیرێك و هەڤاڵێك لە منداڵدانی شەکەتی و هەڕەتی منداڵیی پاك و بێ گەرد لەدایك بوو، لە گوندە بێ دەنگەکەی پشت شوورە دێرینەکانی هەولێر لە نێوان سەدەف و لم و شیعر و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان، ئەو برایە خوالێخۆشبووەم دۆستێکی ڕاستگۆ بوو، بیر و هزرەکانی لە ناخەوە چەکەرەیان دەکرد، هەرگیز نەدەچەماوە و دووڕوویی نەدەزانی، جیاوازیی نێوان بەها ڕەسەنەکان و ئینتیمای خۆڕسکانەی دەکرد، لەنێوان دەنگی بەجۆش و خرۆش لەگەڵ ژاوەژاو و هات و هاواردا.

فەیسەڵی برام، من تا ئێستاش لە ژوورەکەی خۆم بە دەم گریانەوە دەکوڵێم، تا ئێستاش شێوە و دەم و چاو و سیما پاك و بێ گەردەکەت بەدی دەکەم، من لە نێو ژوورەکەمدا دێم و دەچم و ئۆقرە ناگرم، سەیری پەردە و ئاوێنە و ڕۆژنامەکان و کتێب و قەڵەم و تەنانەت منداڵەکانیش دەکەم، ئەوانیش بڕوا ناکەن، چی ڕووی داوە. من تووشی شۆك بوومە و نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە، نازانم ئەوان هەر بەو دەرد و ئازار و خەمە نەبڕاوە ژیان بەڕێ دەکەن، یان بیریان دەچێتەوە؟ من چاوەڕوانتم لە دەرگا بدەیت، پاڵتۆ پاییزییەکەت دابکەنیت، بە بزە و خەندەوە وەك جاران سەیرمان بکەیت و، ئێش و ئازارەکەت بدەیتە دەست خوای گەورە و میهرەبان و بەخشندەوە.

مامۆستای بەڕێزم: هەواڵی مەرگی تۆ وەك برووسکێك لە سەرمی دا، ئەوەندەم زانی کە سوارچاکێك لە ئەسپەکەی دابەزی و پەڕەمووچێك لە باڵی هەڵۆ هەڵوەری، منیش کەوتمە نێوان گومڕایی و تاویلکە، گریانی من تێکەڵ بە وڕێنە بوو، چونکە من پرسیار بووم و تۆش وەڵام، وەك جیاوازیی نێوان شیعرێکی کپ و نیگارێکی بەدەنگ.

دەستم دایە مۆبایلەکەم و تێلم بۆ کردیت، بەڵام وەڵام نەبوو، ئاخ سەد ئاخ، هەر وا بە ئاسانی فەیسەڵی برام کۆچ دەکات؟ بۆیە یەکسەر هەستم کرد کە گەشت و سەرگوزەشتەی ئەم چیرۆکنووسە نامۆیە لەم دنیایەدا کۆتایی هاتووە، ماندووبوون و شەکەتی و نامۆیی. بەڵام ناوی تۆ هەمیشە لەسەر زمانە لەگەڵ هەموو پیت و وشەیەکدا دێیتە گۆ، هەست بە شکست و نائومێدی دەکەم، چونکە ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە پێش سی یان چل ساڵ تۆم بناسیایە تاکو وەك گەشتەکەی ئەدۆنیس بارگەمان تێك بنێین و، ئامۆژگاریی مێژوو و داب ونەریت بکەین.

لە ئیمام عەلی (خوا لێی ڕازی بێت)یان پرسی: چ شتێك لە مردن مەزنترە؟ گوتی: دابڕان لە ئازیزان. هەموو شتێکت لە یادە. کورسییە بەتاڵەکەت. چاویلکە پزیشکییەکەت.. حەبی دەرمانخانە و سیمفۆنیای شەهرەزادی ڕینسکی کۆرساکۆڤ و شێخ و دەریای ئەرنست هێمنگوای و یاداشتەکانی ونستۆن چەرچل و ریسالەی غوفرانی موعەڕری، ئەییامی تەها حوسێن.

تۆ بڵێی ڕاست بێت کە پیاوان مەی دەنۆشن بۆ ئەوەی ئاڵوودەی خەیاڵ بن؟ تا لە ئێش و ئازارەوە ڕابکەن و نەشئە و خۆشی بە خۆشەویستەکانیان ببەخشن؟ ئێستا مرۆڤ نازانێت چۆن لەم نیشتمانە دەژیت و ناشزانێت چۆن دەمرێت. لە ڕێگای زمانەوە نووسەر و میدیاکاری بە توانا فەیسەڵ دێهاتی-م ناسی، کە بەیەکەوە دەدواین و کتێب و هۆنراوەمان دەخوێندەوە، هەروەها کاتێ بە جۆش و خرۆشەوە لەگەڵ بەرهەمی هونەری و ئەدەبیی نووسەر و هونەرمەندان ئاوێزان دەبووین.

من بەر لە یازدە ساڵ فەیسەڵ دێهاتیم ناسیوە لە ڕێی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە، کاتێ بە یەکەوە دادەنیشتین و، بە پەرۆشەوە گوێم بۆ ڕادەگرت و، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە سەردەمی منداڵیی چۆن بووە، خانووەکەیان و گەڕەکەکەیان و کتێب و وێنەکانی و دۆست و هەڤاڵانی، باسی ورد و دڕشتی ژیانی بۆ دەکردم، دێهاتی مرۆڤێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو و خۆنەویست و سادە بوو، شوێن پەنجەی دیارە لە زۆربەی میدیاکاندا، لە دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان و ڕۆژنامەی هەولێر و برایەتی و ڕامان و خەبات و زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە. ڕۆشنبیرێکی شارەزا بوو، هێمن و لەسەرخۆ و دوور لە هەڵچوون، کەم پرسیاری دەکرد، بەڵام لەگەڵ دۆست و خۆشەویستان تێکەڵ بوو و بەردەوام سەردانی دەکردن و لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا زۆر بەوەفا بوو. تەمەن درێژی بۆ منداڵە چاوگەشەکانت. باوکی ڕۆژە و ڕاستی.



**چیمەن فەیزوڵا**

**سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفرا بۆ پەرەپێدان و هاوکاری مرۆیی:**

# سیستمی حوکمڕانی و چەند و چۆنیی حکومەت لەگەڵ پرسی ژنان، ڕۆڵی بەرچاوی لە بەرهەمهێنانی ژنانی بەتوانا دەبێت

**چیمەن فەیزوڵا کۆمەڵناس و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفرا بۆ پەرەپێدان و هاوکاری مرۆیی، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کاری ڕێکخراوەیی و گرنگیی چالاکییەکان دەکات و، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لە قۆناغی پێشکەوتنی مرۆیی کە ئافرەت تیایدا ڕۆڵێکی هەرە گرنگی هەیە، هەنگاوی گەورە بنێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئایا ئاستی ڕێکخراوە مرۆییەکان بەتایبەت ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- تاکە ئامرازێك کە بتوانێ جیاوازی بخاتە نێو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوێکی لۆکاڵی، تەنیا بوونی بودجەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە کانیان، کە بەداخەوە ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە هیچ بودجەیەك بۆ ڕێکخراوەکانی لۆکاڵی دابین نەکراوە، تا بتوانن چالاکییەکانی خۆیان لە بوارە جیاجیاکان بە ئەنجام بگەیێنن. بۆیە لێرە باس لە هەر دوو جۆری ڕێکخراوەکان پێکەوە، هاوسەنگیی باسەکە تێك دەدات و، ناهێڵێ بە شێوەیەکی مەنتقی هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی چالاکییەکان و دەرئەنجامی چالاکییەکان بکەین، بە کۆی گشتی کاتێك تۆ پلانێکت هەیە، بۆ ڕێکخستن و ئەنجام و دەرئەنجام پێویستت بە ئامرازە، کە لێرە ڕێکخراوەکان ئەو ئامرازانەیان لە بەر دەست نییە، هەر بۆیە ئەگەر دەبیندرێت ڕێکخراوێك چالاکییەك ڕێکدەخات، ڕووبەڕووی زۆر کێشە دەبێتەوە، کە یەك لەوان نەبوونی ستافێکی کارامە و لێهاتووە بۆ ئەنجامی پرۆژەکە و دواتریش نەبوونی هاودەنگی و هاوسەنگییە لە نێوان وەزارەتەکان بۆ بەئەستۆگرتنی وەزایفی ئیداریی خۆیان و شەرعییەت نەدان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی، کە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ وەرنەگرتنی ئەنجامێکی باش لە چالاکی و پرۆژەی ڕێکخراوەکانی مەدەنی. بێگومان ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ئاشتەوایی و نزیککردنەوەی میللەت و دەوڵەوت دروست کراون، بەڵام کاتێك نە خەڵك و نە دەوڵەت ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕن بۆ چارەسەری زۆر لە گرفتەکان لە کۆمەڵگە لە ئاستی تاك و لە ئاستی کۆمەڵگەش، ئەوکات دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە ڕێکخراوەکان کێشەی زۆریان ڕووبەڕوو ببێتەوە .ڕێکخراوەکانی مرۆیی و چالاکەکانی بواری مافەکانی ژنانیش کە چالاکی دەکەن، دوور نابن لەو کێشە و بەربەستانەی کە باس کران، بە ئەگەری زۆرەوە بگرە زۆر زۆرتریش کێشەکان گەورەتر دەبن، چونکە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لە قۆناغی پێشکەوتنی ئینسانی کە ژن تیایدا ڕۆڵێکی هەرە گرنگی هەیە، هەنگاوی گەورە بنێت. تەواوی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان دەبێتەوە، نیشاندەری ناهۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردین لە هەمبەر مافە ڕەواکانی ژنان، چونکە بەپێی پێویست گرنگی بە پەروەردەی دایکان و ژنان نادرێت بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی سەرجەم مافەکانی وەك بەشێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا ژن دوو ڕوڵی سەرەکی هەیە، یەکیان ژنبوونە و لە هەمان کاتیشدا دایکە، کاتێك تاك هۆشیار نییە، دەتوانرێ بگوترێ کە کومەڵگەش تووشی نەهامەتیی ناهۆشیاری دەبێت و، ئەو کاتە ئەنجامدانی چالاکیی ڕیکخراوەیی تووشی قەیران و ناکارامەیی دەبێتەوە، واتە ڕوڵی زور بەرچاو و کاریگەری نابێت بۆ سنووردارکردنی هەندێك دابونەریتی کۆن کە بووەتە هۆی ئازاری کۆمەڵێکی زور کە ئەوانیش ژنانن.

ژن وەکو خۆی نەیتوانیوە مافی خوی دەستەبەر بکات، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە مەفهوومی ماف چۆن لای ئەو مانادار کراوە، لە هەمان کاتیشدا وەك دایك کە ڕۆڵی سەرەکیی پەروەردەی نەوەی داهاتووی بە دەستە، دەبینین ناهوشیارە لە جۆری پەروەردە و یاسا و ڕێساکانی مندال گەورەکردن، جا لێرەدا ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە تایبەت ڕێکخراوی مرۆیی و ڕێکخراوی ئافرەتان، دەبوایە لانیکەم ئەگەر بە شێوەی مەیدانی نەکراوە، یا نەرخساوە ڕۆڵی بەرچاویان بێت، ڕۆڵی هوشیارکردنەوە بگێڕن و، نەوەستن لە هەر چەشنە چالاکییەك کە بۆ دیتنەوەی میکانیزمێکی چارەساز.

*** ئایا ئەو میکانیزمانانە چین کە لە پەروەردەکردنی کچدا وادەکات کچی بەتوانا و باوەڕبەخۆ بێنێتە بەرهەم؟**

- نەوعی پەروەردە گرنگترین خاڵە لە دروستبوونی کەسایەتیی تاك، کەسایەتیی مرۆڤ لە پەروەردەی ماڵەوە دەست پێ دەکات و دواتر ئەو تاکە لە کۆمەڵگە کامڵ دەبێت، هەر بۆیە دایك ڕۆڵی سەرەکی لە جۆر و تایبەتمەندیی پەروەردەی مندال هەیە، ئەگەر دایك هۆشیار بوو و باوەڕی بە تواناکانی خۆی وەکو ژن هەبوو، واتە ئەو بیر و باوەڕەی دەتوانێ لەسەر جۆری پەروەردە و بنیادنانی کچێکی بەتوانا کاریگەری هەبێت و، وا بکات کە کچ لە کۆمەڵگە بتوانێ جێگە و پێگەی خۆی ببینێتەوە و هەوڵ بۆ دەرخستنی زۆرترکردنی تواناکانی بدات. لە هەمان کاتدا ئەگەر باوك لە ناو بنەماڵەی خۆی باوەڕی بە یەکسانیی جەندەری بە واقیعی هەبێت و، پشتگیریی کچەکەشی بکات، ئەو کات دەتوانین بڵێین بنەماڵە توانیویەتی ڕۆڵی تەواوکەری بووبێت بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی واقیعیی ژن و کچ لە کۆمەڵگە، بەڵام لە قوناغی دواتر کۆمەڵگە بۆ بەتواناکردنی کچەکانمان ڕۆڵی دووەم دەگێڕێت. واتە سیستمی خوێندنی بە پلان لە قۆناغەکانی سەرەتایی هەتا خوێندنی باڵا دەتوانێت ئاستی بیر و هزری ژن بەرەو بەرابەری جەندری ببات و، وا بکات کچان و ژنان خۆیان بە خوارتر لە پیاو هەژمار نەکەن و، هاوشان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی خۆیان و پێشکەوتنی وڵات هەوڵ بدەن. دواتر دەکرێت باس لەوە بکرێت کە سیستمی حوکمڕانی و چەند و چۆنیی حکومەت لەگەڵ پرسی ژنان، ڕۆڵی بەر چاوی دەبێت لە بەرهەمهێنانی ژنانی بەتوانا، دواتر تێکەڵکردنی سیستمی پەرورده بە جۆرێك لە ئە بزارە کان کە ژن خوی بە کەسی دووەم نەبینێتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی میکانیزمی نوێ و سەردەمیانە و گۆڕینی محتەوای کتێبەکان و هۆشیار کردنی مامۆستایان ئەویش بە ئامانجی دروست بوونی سیستمێك کە تەنیا لەسەر ئەساسی تواناکان بنیان نرابێت، هاوکات بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەلایەن حکومەتەوە بۆ یەکسانیی جەندەری و ڕەخساندنی هەلی کار بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز لە پێدانی پۆستە باڵاکان کە تەنیا پێوەریان توانایی مرۆیی بێت، کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن دەبات.

**ڕێکخراوەکەمان هاوکاریکردنی منداڵانانی بێ باوک و بنەماڵە هەژارەکان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە نەخۆش و کەسی پەککەوتوون**

**لەلایەن حکومەتەوە هیچ بودجەیەک بۆ ڕێکخراوەکانی لۆکاڵی دابین نەکراوە، تا بتوانن چالاکییەکانی خۆیان لە بوارە جیاجیاکان بە ئەنجام بگەیێنن**

**کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لە قۆناغی پێشکەوتنی ئینسانی کە ژن تیایدا ڕۆڵێکی هەرە گرنگی هەیە، هەنگاوی گەورە بنێت**

**تەواوی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان دەبێتەوە، نیشاندەری ناهۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردین لە هەمبەر مافە ڕەواکانی ژنان**

# لە دادگاکان بە میکانیزمێکی تایبەت ڕێگری لە جیابوونەوەی هاوسەران دەکرێت و هەوڵی ئاشتبوونەوەیان دەدرێت



بەپێی زانیارییەکان هەموو ئەو کەیسانەی تایبەت بە کێشەی هاوسەران کە دەچنە دادگا، دادوەرەکان کاتیان پێ دەدەن، تاکو بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، هاوکات بەشێکی زۆری ئەو هاوسەرانە ئاشتبوونەتەوە و گەڕاونەتەوە لای یەکدی، ئەوەش بەهادانە بە شیرازەی خێزانی و کۆمەڵگە زیاتر بەرەو بەختەوەری دەبات، بەڵام پرسیار دەکرێت: لە دادگاکان میکانیزمەکانی پێش جیابوونەوەی هاوسەران چین و تا چەند لە دادگاکان ڕێگری لە جیابوونەوەیان دەکرێت و چ هەوڵ و کۆششێك بۆ ئاشتبوونەوەی هاوسەران هەیە؟ ئایا ڕێکارەکان چین بۆ ڕێگەگرتن لە جیابوونەوەی هاوسەران؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.


**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا شاخەوان خالید شارەزا لەبواری یاسا، ئاماژە بەوە دەکات کە «گرێبەستی هاوسەرگیری گرێبەستێکە لەنێوان ژن و مێرد بە ئیرادە و ڕەزامەندیی هەردوولا دەبێ، بۆیە لە ڕووی شەرع و یاساوە ڕێگە دراوە کە ئەو دوو کەسەی گرێبەستی هاوسەرگیرییان کردووە بۆ دروستکردنی خێزان، بە هەمان شێوە مافی جیابوونەوەشی پێ داون، ئەگەر نەیاتوانی لەگەڵ یەك بەردەوام بن. ئەگەر ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات، یان پیاوەکە داوای تەلاقدانی ژنەکەی بکات، کە هەریەکەیان دەبێ هۆکاری دروستی شەرعی و یاساییان هەبێ، ئینجا دادگا بریار دەدات. بەڵام سەرەتا پێش دەرکردنی بڕیارەکە لە دادگای باری کەسی بەشێك هەیە بە ناوی توێژەری کۆمەڵایەتی، کە ئەوانە ئەرکیان زۆرە، یەکێك لەو ئەرکانە قسەکردنە لەگەڵ ژن و مێرد کە دەیانەوێ

لە یەك جیاببنەوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن، هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوانیان چارەسەر بکەن، ئەگەر چارەسەر نەبوو، خودی دادگای باری کەسی کە پێی دەڵێن «شرعية» خۆی هەوڵ دەدات کە جیابوونەوەکە نەبێت، بەتایبەت ئەگەر لەسەر هۆکارێکی سادە بێ و بە هەر دوولا ڕادەگەیەنن کە ئەم پرۆسەی جیابوونەوەیان زیان بە هەر دوولا و بەتایبەت منداڵەکانیان دەگەیەنێت و دادگا هەوڵ دەدات لە یەکیان نزیك بکاتەوە. زۆر کات داواکانی جیابوونەوەی هاوسەران ماوەی دوور و درێژ دەخایەنێت و دادگا یەکلاییان ناکاتەوە، تا ژن و مێردەکە سارد ببنەوە و تووڕەییان بەرامبەر یەکتر نەمێنێت و بچنەوە لای یەکتر، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵانە هەر سەری نەگرت و ژن و مێردەکە پێك نەهاتنەوە، ئەوا دادگا حەکەمێك لە تەرەفی ژنەکە و حەکەمێك لە تەرەفی پیاوەکە دادەنێت، بە هەڵبژاردنی ئەوان ئەگەر ئەوان نەیانتوانی دیاریان بکەن، دادگا خۆی بۆیان دیاری دەکات و، بەو کارە هەڵدەستن و هەوڵی لەیەك نزیکبوونەوەیان دەدەن، پاش ئەو هەوڵانە ئەگەر هیچ کاریگەرییان نەبوو، دادگا گەیشتە قەناعەتی تەواو کە ئەو ژن و مێردە بۆ یەك ناشێن و جیابوونەوەیان باشترە لە مانەوەیان لەگەڵ یەکتری لە یەك ماڵی شەرعی، ئنجا بڕیاری جیابوونەوەیان دەدات.» ئەو یاساناسە لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: خۆشحاڵانە دادگاکانی هەرێمی کوردستان زۆر حاڵەتیان چارەسەر کردووە و نەیانهێشتووە هاوسەران لەیەك جیاببنەوە و لەم بارەیەوە بە ڕۆڵی خۆیان هەڵساون لەگەڵ ژووری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ناو دادگای باری کەسی».

چالاکی مەدەنی هەرمان ئەحمەد، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پرسی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵەتەکانی لە هەڵکشاندایە، هۆکارەکانیشی لە یەك ڕەهەندەوە دەستنیشان ناکرێن، نەوەی ئەم سەردەمە زۆر جیاواز بیردەکەنەوە حەز و خواست ویستەکانیان زۆرە، بە هۆی هاتنە پێشی بازاڕی سۆشیال میدیاوە، پاڵەپەستۆی حەزەکان زۆرتر بوون و دەیانەوێت خەونەکانیان بە خێراترین کات بێتەدی، ئەم قسەیەم مەرج نییە هەر بۆ مێینەیك بێت، بەڵکو ئێستا نێرەکانیش بە هەمان شێوە لایف ستایلیان زۆر گۆڕاوە، ئەوانیش لە گۆشە نیگای خۆیانەوە دەڕواننە هێنانەدی حەزەکانیان.» گوتیشی: «سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی هاوسەران ڕەهەندی زۆرە، لەوانە: زوو بەشوودانی کچان و خراپیی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و جیاوازیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی هاوسەران و کێشە داراییەکان و بێکاری هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەکانن، ژیانی ئابووریی ئێستاش وای لێ هاتووە، مرۆڤەکان دەیانەوێت لە ماوەیەکی کەمدا هەموو خواستێکیان بەدی بێت، بۆ نموونە: ئەگەر پیاو بە تەنیا کار بکات و خێزانەکەی لەسەر خواستەکانی خۆی بەردەوام بێت، بۆ پێچەوانەکەشی هەر وایە، ئەگەر ژنێك کار بکات و پیاو بێکار بێت، خواستەکان قورستر دەبن، ئەگەر هەردووکیشیان کار بکەن، خواستی منداڵەکان هەم زیاد دەبێت، هەم پێداگری دەکەن، ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی کێشە و ساردیی نێو خێزان و هەر یەکەو دەیەوێت لە دەرەوەی خێزانی خۆی ئارامی بدۆزێتەوە، زۆرجاریش ئەو ئارامییە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت. چۆن نەخۆشێك دەچێت بۆ لای پزیشکێك بۆ چارەسەرکردنی، ئەم پرسەش بە هەمان شێوە پێویستی بە پشکنینە تا حاڵەتی جیابوونەوەی خێزانی کەم بکرێتەوە».

پارێزەر کارزان هەنارەیی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لەو ساڵانەی دواییدا جیابوونەوەی هاوسەران بە شێوەیەکی یەکجار زۆر زیادی کردووە، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی دانیشتووان دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێك میکانیزم هەیە کە وا دەکات جیابوونەوە ڕوونەدات لە کاتی دروستبوونی هەر کێشەیەك لە نێوان هاوسەراندا، ئەویش کاتێك کێشەیەك دروست دەبێت، ژن و مێرد سەرەتا لە زۆربەی کەیسەکان هەوڵ دەدەن پارێزەر دیاری بکەن بە مەبەستی جیابوونەوە، لێرەدا پارێزەر دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر ببینێت و، سەرەتا هەوڵ بدات، بەر لەوەی کەیسەکە بکەوێتە دادگا، ڕۆڵی ئاشتەوایی ببینێت و، چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە و، پەشیمانیان بکاتەوە، بۆ ئەمەش پارێزەر پێویستە تەواو ئینسانییانە بیر بکاتەوە. دواتر ئەگەر بە هەر جۆرێك بوو، کەیسەکە گەیشتە دادگا، حاکم لە ڕێگای خۆی و داواکاری گشتی و توێژەری کۆمەڵایەتی هەوڵی ئەوە دەدات کە جیابوونەوە تاکە ڕێگا نەبێت بۆ هاوسەران و بروایەکی دیکەیان بۆ دروست بێت. تا ڕادەیەك لەم ڕێگایانە و لە ڕێگای کۆمەڵایەتیش هەوڵدان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هاوسەران و دوورخستنەوەیان لە بژاردەی جیابوونەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەك تەشەنەی کردووە، کە زۆر جار جیابوونەوە تاکە بژاردە دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێك فاکتەر، کە بریتین لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و خواردنەوەی کحول کە زۆر جار کارەسات و توندوتیژی لێ دروست دەبێت، هەروەها خیانەتی هاوسەری و فێڵکردن لە یەکتر و تەداخولکردنی کەسانی دی لەناو خێزان هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەن کە لەو بوارانەش میکانیزمی ئاشتەوایی و ڕۆڵی دادگاکان کاریگەری لەسەر جیانەبوونەوە نابێت، بۆیە پێویستە سەرەتا لەناو کۆمەڵگە و لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و گشت لایەنەکانی پەیوەندیدار هەوڵی چارەسەری ئەو کێشانە بدرێت.



شاخەوان خالید:

**خۆشحاڵانە دادگاکانی هەرێمی کوردستان زۆر حاڵەتیان چارەسەر کردووە و نەیانهێشتووە هاوسەران لەیەک جیاببنەوە**



هەرمن ئەحمەد:

**بە هۆی هاتنە پێشی بازاڕی سۆشیال میدیاوە، پاڵە پەستۆی حەزەکان زۆرتر بوون و دەیانەوێت خەونەکانیان بە خێراترین کات بێتەدی**



کارزان هەنارەیی:

**خیانەتی هاوسەری و فێڵکردن لە یەکتر و تەداخولکردنی کەسانی دی لەناو خێزان هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەن**



ڕووناك فەرج ناسراو بە ڕووناك هەورامی خەڵکی شارۆچکەی بیارەیە لە هەورامانی باشووری کوردستان و وەك خۆی باسی دەکات، خوێندنی سەرەتایی لە بیارە خوێندووە و، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی «بە هۆی کوردایەتی» وازی لە خوێندن هێناوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «تا کورد پێویستی پێم بوویێت، خەباتم کردووە.»

ڕووناك هەورامی ساڵی ١٩٨٤ ژیانی هاوسەری پێك هێناوە، دایکی دوو منداڵە (کچێك و کوڕێك)، سالانێك لە تاراوگە بووە، بەڵام خۆشەویستیی وڵاتەکەی بۆ زێدی خۆی پەلکێشی دەکاتەوە. ئەو خاتوونە بەم جۆرە باسی چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات و دەڵێت: «ساڵی ٢٠١٠ لە وڵاتی سوید گەڕاینەوە بۆ کوردستان و لە گوندی خەرپانی نیشتەجێ بووین. دوو پڕۆژەی باشمان دەست پێ کرد، ئەویش پڕۆژی مانگای شیر و پڕۆژی پەلەوەری خۆماڵی بوو. دواتر لە ٢٠١٢ وەك یەکەم ژنی ڕچەشکێنی کورد و هەورامان دەستم بە کاری چێشتخانە کرد و سەرەتا کەبابخانەیەکی بچکۆلەم دانا، تەنیا یەك ڕۆژ مشتەریم نەبوو، دوای چەند ڕۆژێك مشتەریم زۆر بوون. وای لێ هات لە شارەکانەوە بۆ خواردن سەردانی دووکانەکەمیان دەکرد. میدیاکان پێیان زانی و کەناڵەکان سەردانیان دەکردم. ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵك زۆرتر دەهات بۆ سەردانم. دوای ساڵێك کردمە ڕێستۆرانت و لە پایشیا شیر و ماست و هێلکەکانی مریشکەکانیشم دەفرۆشت. تادەهات مشتەریم زۆرتر دەبوو. کەباب و دۆکەم ناویان دەرکرد، دواتریش چێشتەکانم دەستخۆشی زۆری بۆ دەهاتەوە. چەندین جار خەڵات کراوم و لە کۆی دووسەد ژنی خاوەن کاری سەربەخۆ پڕۆژەکەی من بووە شەشەمی عێراق و یەکەمی کوردستان، لە پەرلەمانی عێراقیش خەڵات کرام. هەلی کاریشم بۆ چەندین کوڕ و کچی ناوچەکە ڕەخساندووە. دوای من چەندین ژنی دی هاتنە ناو کارەوە و شوێنەکە بووە شوێنێکی گەشتیاری، ئێست زۆرترین گەشتیاری هەیە. خەڵك لە وڵاتەکانەوە و لە شارە کوردییەکان و عەرەبییەکانیشەوە سەردانم دەکەن.

زۆر لە کەسایەتییە گەورەکان و وەفدی زۆر لە

**کەبابخانەییێکی بچکۆلەم دانا، تەنیا یەک ڕۆژ مشتەریم نەبوو، دوای چەند ڕۆژێک مشتەریم زۆر بوون**

**زۆر لە کەسایەتییە گەورەکان و وەفدی زۆر لە وڵاتەکان سەردانیان کردووم**

**ڕووناک هەورامی:**

# لە کۆی ٢٠٠ ژنی خاوەن کاری سەربەخۆ پڕۆژەکەی من بووە شەشەمی عێراق و یەکەمی کوردستان

**پرسی کارکردنی ئافرەتان یەکێکە لە پرسە بابەتی و هەنووکەییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ، ئافرەتی کورد قۆناغ بە قۆناغ بە درێژایی مێژوو وێڕای ئەرکی دایکایەتی، چەندین کار و فرمانی دیکەی بە جورئەتەوە ئەنجام داوە، کارکردنی ئافرەتانی هەورامان لە خواردنگە و شوێنە گەشتیارییەکاندا بووەتە جێگای سەرنجی گەشتیاران، ڕووناک فەرج ناسراو بە ڕووناک هەورامی، ساڵانێکە خواردنگەیەکی گەشتیاری لە گوندی خەرپانی هەورامان داناوە و، توانیویەتی ژنبوونی خۆی لە مەیدانی کار بسەلمێنێت و لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، لەم دیمانەیەشی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە وردەکارییەکانی کارەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

وڵاتەکان سەردانیان کردووم. تا ئێستاش بەردەوامم و بەشی دوویشم لە شارۆچکەی بیارە کردەوە، بەتەمام بەشێ تریش بکەمەوە».

ڕووناک هەورامی سەبارەت بە بیرۆکەی کارەکەی و پاڵپشت و هاندەرانی دەڵێت: «خۆشەویستیم بۆ ژنایەتی خۆم و ژن بە گشتی و پاراستنی کەلتوورەکەمان و دەرخستنی تواناکانی ئافرەتی هەورامی تێکەڵ بە کاری بازاڕی کردم.» گوتیشی: «ژن لە ناوچە هەورامی نشینەکان ئازادە و ڕێزی زۆری لێ دەگرن. پاڵپشتیشم هاوسەری ڕۆح شادم و منداڵەکانم و برا و خوشکەکانم بوون.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا تا چەند گرنگ و پێویستە کە ئافرەت کار بکات و خاوەن داهاتی خۆی بێت؟ گوتی: «پێویستە ژن لە قاڵبی کۆیلایەتی دەرچێت، ئازاد بێت و نەترسێت و نەهێڵێت مافی پێشێل بکرێت. پێویستە لە ڕێگەیێکی شەرەفمەندانەوە بێتە دەرەوە لەماڵ و کار بکات بۆ جوانکردنی کۆمەڵگە و خێزانەکەی، نەك بۆ بێڕێزیکردن بە جەستە و ڕۆح و کەسایەتیی خۆی. دەبێت کچ و ژنە خێر لە خۆ نەدیوەکانی کورد کەرامەتیان بپارێزی و نەبیتە چاڵ هەڵکەنی پیاوان، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی من خۆشەویستیمە بۆ ژنایەتی خۆم و ژن بە گشتی و کەمکردنەوەی قورساییەکانی سەرشانی پیاو، واتە ژن و پیاو پێویستە پاڵپشتی یەك بن، پێکەوە قورساییەکانی سەرشانی ژیان بەش بکەن و نەبنە ئازار بۆ یەکتری.» وەك دواقسەشی گوتی: «پێویستە ژن خاوەنی گیرفانی خۆی بێت و چاوەڕێی دەستی کەس نەبێت. ئەگەر ژن بە ئارەقەی ناوچاوانی و بە کار و ماندووبوونی شەرافەتمەندانە گیرفانی پڕ بوو، زۆر دڵخۆش دەبێت و، باشتر بیر دەکاتەوە و باشتر پارێزگاری لە خێزانەکەی دەکات. ئەگەر ژن داهاتێکی سەربەخۆی هەبێت، لە زۆر کێشە پارێزراو دەبێت و خێزانەکەشی دەپارێزێت.

ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو ژنان هەیە، من هەمیشە پاڵپشتیانم لە هەر کوێ بن، داواشیان لێ دەکەم، بۆ تێکەڵبوون بە بازاڕی کار نەترسن و پێویستە بۆ سەرکەوتنی خێزانەکانیان پاڵپشتی مێردەکانیان بن.

**پێویستە ژن لە قاڵبی کۆیلایەتی دەرچێت، ئازاد بێت و نەترسێت و نەهێڵێت مافی پێشێل بکرێت**

**بیرۆکەی من خۆشەویستیمە بۆ ژنایەتی خۆم و ژن بە گشتی و کەمکردنەوەی قورساییەکانی سەرشانی پیاو**

## ئایە حەسەن بۆ گوڵان:

# شانازییە بۆ من لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کار بکەم



ئایە حەسەن یەکێکە لەو کچە مۆدێلانەی کە لە ئەوروپا بەشداریی لە چەندین ڤیدیۆ و ڕیکلامی جلوبەرگ و کەرەستەی جوانکاریدا کردووە، لە هەمان کاتدا لە بواری پەرستیارییشدا کار دەکات، ئایە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و چەندین ساڵە لەگەڵ خانەوادەکەیدا ڕوویان لە هاندەران کردووە، تا ئێستا دەرفەتی نەبووە سەردانی کوردستان بکات و، وەك خۆی دەڵێت یەکێك لە ئاواتەکانی ئەوەیە کوردستان ببینێت، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** چ جیاوازییەك لە نێوان کچە مۆدێلە بیانی و کوردەکاندا هەیە ؟**

- جیاوازیی سەرەکی ئەوەیە کە مۆدێلە بیانییەکان دەرفەتی زیاتریان بۆ دەڕەخسێت، بەڵام کچانی کورد ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، ژمارەیان زۆر کەمە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە توانایان نییە، بەڵکو کەس هاوکارییان ناکات.

*** بۆچی تا ئێستا گرێبەستت لەگەڵ کۆمپانیایەکی بواری مۆدێل نییە؟**

- من بە دوای دەرفەتێکی گونجاودا دەگەڕێم، نامەوێ هەنگاوێکی خێرا بنێم و دواتر سەرکەوتوو نەبم، دەمەوێ لە کاتی گونجاودا بە ئامانجەکانی خۆم بگەم.

*** ئایا ئافرەتی کورد لە بواری مۆدێل و جوانکاریدا توانیوەتی تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆی بپارێزێت، بەتایبەتی لە ئەوروپا؟**

- لە ئێستادا کەسەکان شێوەیان زۆر لە یەکتری دەچێت، ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی پێویستە بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە گرنگی بە جوانیی خۆی بدات، بەڵام لێرە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان کچە مۆدێلەکاندا و لە ڕووی زمان و نەتەوە و یەکسانن، سەرەڕای ئەوەش نابێ ناسنامەی خۆمان لە بیر بکەین.

*** ئامۆژگاریت چییە بۆ ئافرەتە کوردەکان لە بواری جوانیدا؟**

- پێیان دەڵێم خۆتان خۆشبوێ، گرنگی بە ڕوخسار و جوانیی جۆتان بدەن، وەرزش بکەن و هەر شتێك لێی دڵنیا بن و ئارەزووی دەکەن، بێ دوودڵی ئەنجامی بدەن، متمانەتان بە خۆتان هەبێت، لە هەمان کاتدا پێویستە لە خۆبایی بوون دوور بکەونەوە.

*** زۆر لە کچە مۆدێلەکان بەشداریی لە کاری نواندندا دەکەن، لەو بوارەوە هیچ هەنگاوێکت ناوە؟**

- بەڵێ، بەشداریم لە نزیکەی حەوت ڤیدیۆ کلیپدا کردووە، لەوانە (کلیپی کوردی، ئەفغانی، و عەرەبی) ڤیدیۆ کلپی مامۆستا شەیدا، دوایین کاری کلیپیش لەگەڵ شیار و دژوار بووە، هەروەها لەچەندین ڕیکلامی مەیکاپ ئارتیست و جلوبەرگدا بەشدار بووم.

*** هیچ مەرجێکت هەیە بۆ بەشداریکردن لە کلیپەکاندا؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ناتوانم مەرج دابنێم، چونکە هەر کلیپێك چیرۆك و سیناریۆی خۆی هەیە و وا دەخوازێت بەشێوەیەکی جیاواز دەربکەوم.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە بۆ بەشداریکردن لە فیلمدا؟**

- بەڵێ، دەستەوارەی زۆرم بۆ هاتووە، بەتایبەتی لە فیلمدا، بەڵام واهەست دەکەم لە ئێستاد ئامادە نیم بۆ بەشداریکردن لە فیلمدا، نەخاسمە لە کاتی کۆرۆنا و کەرەنتینەنە، کە بە هۆی زۆر مانەوە لە ماڵ و دوورکەوتنەوە لە کار، مرۆڤی تا ڕادەیەك دوچاری خەمۆکی کردووە.

*** هیچ زانیارییەکت دەربارەی کچە مۆدێلەکان لە ئەوروپا و کوردستان هەیە ؟**

- زانیاریم نییە، زۆرتر لە سۆشیال میدیا دەیانبینم، بەڵام هەر ئەوەندەیە کاتم نییە، چونکە من کار دەکەم و دەخوێنم لە یەك کاتدا و کاتی پشووم بە پێویستی دەزانم لەگەڵ خانەوادەکەم بەسەر بەرم و، لە ئەنیستاگرامیش چالاکم.

*** ئامادەیت هاریکاریی کچە مۆدێلەکانی کوردستان بکەیت؟**

- بێگومان هەر کەسێك پێویستیی بە یارمەتی من هەبێت ئامادەم بەگوێرەی توانای خۆم، چونکە من زۆر حەز دەکەم یارمەتی خەڵك بدەم، جگە لە کاری مۆدێل من لە بواری پەرستاری کار دەکەم و یارمەتی نەخۆش و بەساڵاچوان دەکەم و، ڕۆژانە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەیە.

*** ئایا هونەرمەندێکی دیاریکراو هەیە کە حەز دەکەی لە کلیپەکەیدا بەشداریی بکەیت؟**

- نەخێر کەسێکی دیاریکراو نییە، چونکە ئێمە هونەرمەندی زۆرمان هەیە کە زۆر بە توانان و دەنگیان خۆشە، لەوانە کاروان کامل، هەڤاڵ ئیبراهیم، بلند ئیبراهیم، نازدار و چەندانی دیکەش، بەڵام مایەی شانازییە بۆ من کە لەگەڵ هەموو هونەرمەندانی کورددا بەشداریی بکەم.

*** ئایا سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە؟**

- بەداخەوە تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە سەردانی بکەم و جوانی کوردستان بە چاوی خۆم ببینم و لە نزیکەوە خەڵکەکەی بناسم، چونکە فۆلۆوەری زۆرم هەیە کە لە هەرێمی کوردستانن و هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن، لێرەوە دەمەوێ سوپای هەموویان بکەم.





# ڕەفتارە سەیرەکانی کارینا مایەی سەرسوڕمانن

زۆر جار جەماوەر، یان عاشقی کەسایەتییە ناسراوەکان هەست بەوە دەکەن کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو ئەستێرانە لە ژیانی ئاساییشدا، هاوشێوەی ڕۆڵەکانیانە لە کارە هونەرییەکاندا، بەڵام زۆر جیاوازە و لە هەندێك دەرفەتدا ئاشکرا دەبن.

کاترینا کاپوور ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆدیش یەکێکە لەو ئەکتەرانە، لەم بارەوە کەسێکی نزیکی نهێنییەکی نوێی دەربارەی ژیانی تایبەی ئەو ئەستێرەیە ئاشکرا کرد، کە زۆر دوورە لەواقیع و لەوەی پێی ناسراوە و، پێچەوانەی ئەو خۆشەویستییەیە کە زۆر جار بە ئاشکرا دەری دەبڕێت، ئەمەش ڕەنگە لەسەر ژیانی تایبەتیی کاریگەری هەبێت.

ڕانبیر کاپووری ئامۆزای کارینا کاپوور، لە دیمانەیەکدا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە کارینا ڕقی لە هەموو هاوڕێکانی خۆیەتی و، چەند جارێك زۆر بە دڵنیاییەوە ئەم وتەیەی دووبارە کردەوە، لە بەرنامەیەکدا کە هەردووکیان تێیدا بەشدار بوون، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێکانی، ڕانبیر ئەم وشەیەی دووبارە کردەوە، ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، کارینا خۆیشی ئەمەی دووپات کردەوە و ڕەتی نەکردەوە، لەم بارەیەوە گوتی: «ئەم مەسەلەیە بۆ من گرنگ نییە، چونکە من لە دەرەوەی هونەرمەندان هاوڕێم زۆرە و، بە پێویستی نازانم هاوڕێی زیاترم هەبێت»، شایەنی بیرهێنانەوەیە دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی (سەیف عەلی خان) تەنیا یەك جار سەردانی کردووە لە کاتی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێی لەگەڵ کاترینا کایف.

**سەرچاوە: گولولی**

# بە سەدان کەس لە پێشوازیی کوڕەکەی شارۆخاندا بوون



دوای دەستگیرکردنی بۆماوەی (٢٨) ڕۆژ لە بەندیخانەی (ئارسەر ڕۆد) بە تۆمەتی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئاریانخانی کوڕی شارۆخانی ئەستێرەی بۆلیۆد بە کەفالەت ئازاد کرا، لەکاتی ئازادکردنیدا بە سەدان کەس لە هەوادارانی شارۆخان و خۆی و هاوسەرەکەی و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەنووسان، لە پێشوازییدا بوون، بە سەدانی دیکەش لە نزیك ماڵی شارۆخان چاوەڕێی بوون.

کوڕەکەی شارۆخان بە کەفالەت ئازاد کرا، دوای ئەوەی دانیشتنی گوێگرتن لێی دواخرا و پارێزەرەکانیشی هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە بیسەلمێنن هیچ بەڵگەیەکی بەهێز لە دژی نییە، تیمی پارێزەران ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئاریانخان بە هەڵە دەستگیرکراوە و، بۆ ماوەی بیست ڕۆژ لە زینداندا ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی دایك و باوکی بتوانن چاویان پێی بکەوێت و، بێ ئەوەی هۆیەك هەبێت بۆ دەستگیرکردنی.

ڕۆژی حەوتی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، لە شاری مۆمبای لەگەڵ حەوت کەسی دیکە بە تۆمەتی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەسەر کەشتییەك دەستگیرکران، کە بەرەو ویلایەتی جوا بەڕێ کەوتبوو، لەم بارەوە پۆلیسی هەرێمی ڕایگەیاند: ئاریانخان بەردەوام مادە قەدەغەکراوەکانی بەکارهێناوە و، لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ چەند کەسێك لە دەرەوە، کە پێدەچێت باندی بە قاچاغبردنی مادەی هۆشبەر بووبن.

نووسینگەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان (NCB) لەگەڵ سێ کەسایەتیی دیکەی ناسراو لە هەمان کەیسدا، دەستی بە لێکۆڵینەوەکانی کردووە، لەوانە خانمە ئەکتەری هیندی (ئەنانیا باندی) دوای پشکنینی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەی بۆ گێڕانەوەی چەند فایلێکی سڕاوە، کە دەیسەلمێنن ئەویش بەشدارە لەو کەیسە، لەوانەش چەندین گفتوگۆی تۆمارکراوی نێوان ئەنانیا و ئاریانخان.

**سەرچاوە:** https://www.aljazeera.net/news/arts

# ناوبانگ باجی قورسی هەیە

ناوبانگ و ناسراوی و دەوڵەمەندی زۆر جار باجی خۆی هەیە، باجەکەش هەندێك جار قورسە و دەگاتە ڕادەی گیانلەدەستدان، هەندێك جاریش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین گرفت و ئاستەنگی بێ کۆتایی، ئەمەش پەیوەندی بە هێز و ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هونەرمەندەکەوە هەیە، بۆیە ئاساییە ئەگەر ببینین هەندێك لە هونەرمەندان مەترسیی تووشبوونیان بە نەخۆشیی دەروونی لێ دەکرێت و، ئەگەر تووشیش نەبن، ئەوا بەشێك لە میدیاکان هەواڵی تووشبوونیان بە نەخۆشیی دەروونی بڵاو دەکەنەوە.

هەندێك جار ئەستێرەکان هەر لە منداڵییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون و، کاتێك ناوبانگ پەیدا دەکەن، ئەوا بە باشی سەرهەڵ دەدات، هەندێکی دیکەشیان دوای دەوڵەمەند بوون و ناوبانگ پەیداکردن تووشی دەبن، هەروەها هەندێك جار هونەرمەندان زیاد لە پێویست گرنگی بە کەسایەتیی خۆیان دەدەن، تا دەگاتە ئاستی تووشبوون بەم نەخۆشیانە.

جان کلاودیۆ ڤاندام، دیمی لاڤاتۆ و کاسرین زیتا جۆنز تووشی نەخۆشی (دوانە جەمسەر بوون، میل گیبسۆن دوچاری حاڵەتێکی توندی خەمۆکی بووەتەوە، جیم کاری چارەسەری دژە خەمۆکیی بەکار دەهێنا، برۆك شیڵدز دوای منداڵبوون بیری لە خۆ کوشتنیش کرووەتەوە، ئیما سومبسۆن و زیك باف تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بوون، شیرلی کرۆ تووشی حاڵەتێکی توندی دڵەڕاوکێ بووە، پیتی وینتز گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەهۆی ماددە هۆشبەرەکانەوە بیری لە خۆکوشتن کرووەتەوە، جۆن هاندوای بەهۆی لە دەستدانی باوکی تووشی دڵەڕاوکێیەکی درێژخایەن بووەتەوە، ئاشلی جود کتێبێکی دەربارەی تووشبوونی بە دڵەڕاوکێ نووسی، دیڤید بێکهام تووشی دوودڵییەکی زۆر بووە و، خۆی دانی بەوەدا ناوە ئەم نەخۆشییە ناچاری دەکات ڕۆژانە چەندین جار ماڵەکەی خۆی ڕێك بخات، بۆ ئەوەی ببێتە ژوورێکی نموونەیی.





**سەرچاوە: گولولی**




# فیلمی سینەمایی زاڵاوا لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلمدا

**فیلمی سینەمایی کوردی «زاڵاوا» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد «ئەرسەلان ئەمیری» لەم ماوەیەدا لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلمی (فیلادێلفیا، هۆنگ کۆنگ، مەکزیك» و ساوپۆلۆ) نمایش کرا، هەروەها لە بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی» لە هەشتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» نمایش دەکرێت.**

**مەنسوور جیهانی**

فیلمی سینەمایی زاڵاوا (Zalava) لە درێژەی بەشدارییە جیهانییەکانیدا لە ڕۆژانی ٢٤ و ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ لە بەشی «ئاسۆی ئێران» لە ٣٠مین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فیلادێلفیا (Philadelphia) لە شاری فیلادێلفیا لە ویلایەتی پێنسیلڤانیا لە وڵاتی ئەمریکا نمایش کرا.

ئەم بەرهەمە کوردییە لە بەرهەمهێنانی خاتوو «سەمیرا بەرادەری» و «ڕوحوڵا بەرادەری» هەروەها لە ڕۆژانی ٢٨ی ئۆکتۆبەر و شەشی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە بەشی Crake لە هەژدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «فیلمە ئاسیاییەکان» لە وڵاتی هۆنگ کۆنگ چووە سەر پەردە.

«زاڵاوا» لە نووسینی هاوبەشی خاتوو ئایدا پەناهەندە و خاتوو تەهمینە بەهرام و «ئەرسەلان ئەمیری» لە درێژەی بەشدارییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیدا لە یەکەمین نمایشی لە ئەمریکا ی لاتین لە بەشی پێشبڕکێی «دەرهێنەرە نوێیەکان» لە چل و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ساوپۆڵۆ» São Paulo لە وڵاتی بەرازیل نمایش کرا.

ئەم فیستیڤاڵە کە گرینگترین ڕووداوی سینەمایی ئەمریکا ی لاتینە، لە ڕۆژانی ٢١ی ئۆکتۆبەر تاسێی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە شاری «ساوپاولۆ» لە وڵاتی بەرازیل بەڕێوە چوو.

فیلمی سینەمایی «زاڵاوا» یەکەمین بەرهەمی بڵندی سینەماکاری کورد «ئەرسەلان ئەمیری» لە درێژەی بەشدارییە جیهانییەکانی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی چواردەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی مۆربیدۆ (Morbido) گرینگترین فیستیڤاڵی



فیلمە تۆقێنەرەکانی ترس و فەنتازیا لە ئەمریکا ی لاتین نمایش کرا و، بۆ بەدەستهێنانی کەڵلەسەری زیوین ئەم ڕووداوە سینەماییە لەگەڵ چەندین فیلم لە ڕکابەریدا بوو.

ئەم ڕووداوە سینەماییە بە مەبەستی ناساندنی بەرهەمە جیاوازەکانی سینەمایی ژانری دەگمەن لە سەرتاسەری جیهاندا، هەموو ساڵێك بە بەشداریی فیلمی سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر، لە ڕۆژانی ٢٨ی ئۆکتۆبەر تا سێی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە شاری مەکزیکۆسیتی لە وڵاتی مەکزیك بەڕێوە دەچێت.

هێمای فەرهەنگیی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «مۆربیدۆ» جەژنی مردووەکانی مەکزیکە، کە تەندیسێکی کەڵلەسەریی زیوین وەك خەڵاتی فەرمیی ئەم ڕووداوە سینەماییە، بە براوەکان دەدرێت.

«زاڵاوا» لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی» لە هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆك نمایش دەکرێت. ئەم ڕووداوە سینەماییە لە چوارچێوەی فیلمە بڵندە سینەماییەکان، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان لە چەندین بەشی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە: بەشی پێشبڕکێی سینەمای جیهان، بەشی پێشبڕکێی سینەمای کوردی، بەشی ڕوانینێك بە سینەمای جیهان، بەشی پانۆرامای سینەمای کوردی، بەشی نمایشی تایبەت و ...هتد لە ڕۆژانی ١٥ تا ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە هۆڵی «کۆنگرە»ی زانکۆی دهۆك و هەروەها لە هۆڵە سینەماییەکانی ناوەندی مازی مۆڵ لە شاری دهۆك بەڕێوە دەچێت.

ئەم فیلمە پاییزی ساڵی ڕابردوو لە گوندی شیانی شاری سنە و خورەم ڕووە لە پارێزگای هەمەدان لە ٤٩ ڕۆژدا بە بەڕێوەبەرایەتیی وێنەگرتنی «محەمەد ڕەسوولی» وێنەگیراوە و، کۆمەڵێك لە ئەکتەرە ناودارەکانی سینەمای ئێران و کوردستان، لەوانە: نەوید پوورفەرەج، پووریا ڕەحیمی سام، خاتوو هودا زەینولعابدین، باست ڕەزایی، شاهۆ ڕۆستەمی، فەرەیدوون حامیدی، ساڵح ڕەحیمی و زاهید زەندی و هەروەها ئەکتەرەکانی شانۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردستان تیایدا ڕۆڵیان بینیوە.

«زاڵاوا» کە لە لایەن کۆمپانیای سینەمایی دانیمارکی لیڤێلك (LevelK) لە ئاستی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی هەفتەی ڕەخنەگران (Critics› Week) لە حەفتاوهەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ڤێنیز (Venice) لە شاری ڤێنیز لە وڵاتی ئیتاڵیا نمایش کرا و، توانی خەڵاتی فیپرشی (FIPRESCI) واتە «فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانی سینەما» بە ناونیشانی باشترین فیلمی سێ بەشی ڕۆژەکانی ڤێنیز و هەروەها خەڵاتی گەورەی هەفتەی ڕەخنەگران بەدەست بهێنێت.

«زاڵاوا» کە بە پشتیوانی فرۆم فیلمی هۆنگ کۆنگ (HAF) ماڵی فیلمی کۆریای باشوور(KOFIC) بەشداریی ڕێکخراوەی سینەمایی فارابی لە ئێران و، هەروەها دانانی سەرمایەی کۆمپانیای سینەمایی توبا فیلم (Touba Film) بەرهەم هاتووە، هەروەها لە بەشی پێشبڕکێی شەپۆلی داهاتوو (Next Wave) لە هەژدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فانتاستیك فێست (Fantastic Fest) لە وڵاتی ئەمریکا نمایش کرا و، توانی خەڵاتی ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە بەدەست بهێنێت.

بەهرە یاسین

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور:

# یاریزانی بیانی دەبێ تەنیا بۆ ئەزموون سوودی لێ وەربگیرێت




یانەی سیروانی شارەزووری سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، یەکێکە لەو یانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی ئافرەتان دەدەن، تیپی باڵەی سیروانی شارەزووریش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق،ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵەدا بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و، شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش، (بەهرە یاسین)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ـەو، بۆ هەریەك لە یانەکانی سیروانی شارەزوور و ئەفرۆدێت و ئافرەتانی هەولێر و بنەسڵاوە یاریی کردوە و، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەهۆی پشتگوێخستنی لایەنی پەیوەندیدارەوە ئاستی یاریی باڵەی کچان لاوازە، دواتر وەلاخستنی یاریزانەکان لەلایەن یانەکانەوە، چونکە تەنیا لە کاتی کردنەوەی خولەکان کاریان بە یاریزانەکان دەبێت.

*** چی بکەین بۆ ئەوەی یاریی باڵە بچێتە قۆناخێکی باشتر؟**

-خولی زیاتر بکرێتەوە و قوتابخانەکان زیاتر بێت، گرنگی بە سێکتەری وەرزشیی بدرێت، لە بایەخدان بە یاریزانان و یاریگا و پێداویستییەکان لەلایەن کەسانی دڵسۆز و شارەزاوە، تا پشتگیریکردن لەلایەن حکومەتەوە.

*** ئایا کەمیی پاڵەوانێتی کاریگەری لەسەر ئێوەی یاریزانان کردوە؟**

- کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، چونکە یانەکان دیارن و ئەوانیش بە زەحمەت یاریزانانیان پێگەیاندووە، ئامادە نین دەستەبەرداری یاریزانەکان ببن و، کارێکی وا ناکەن کە ببێتە هۆی دروست بوونی یاریزانی تازە، بۆیە بە بۆچوونی من شتێکی دووبارە و بێ سوودە.

*** گرفتی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

-کەمیی یانەی باش و نەبوونی راهێنەری دڵسۆز و نەبوونی شوێنی تایبەت بە ئافرەتان.

*** بەڕای ئێوە ئەم یارییە قۆناغی باشی بڕیوە وەکو تیپەکانی کچان؟**

- ئەگەر یاریزان و راهێنەری باش بهێنن لە ماوەیەکی دیارکراودا سوودی لێ وەربگیرێت، ئەوە تیپەکانی کچان دەگەنە قۆناغی باشتر.



*** ئایا لەگەڵ ئەوەیت یانەکان پشت بە یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-بۆ ئەوەی ببنە کۆڵەکەی یاریی باڵەو و تەواو پشت بەوان ببەسترێت نەخێر، چونکە خۆمان وەرزشکاری زۆر باشمان هەیە، دەبێ یاریزانی بیانی تەنیا بۆ ئەزموون سوودیان لێ وەربگیرێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك هیوا و ئاواتت چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرز بێتەوە و گرنگی بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت.

*** بەرنامەت چیە بۆ داهاتوو؟**

-بەرنامەی من دروستکردنی شوێنێکی تایبەت بە ئافرەتان و یاریی باڵە و پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەندە لە بوارە و لە کەسانی دڵسۆز و شارەزا، بۆ دوا رۆژی ئەم یارییە.

*** ئایا خەون بە هەڵبژاردەی کوردستان دەبینتت؟**

-بێگومان هەموو یاریزانەکان لە هەموو یارییەکدا ئەو هیواو ئاواتەیان هەیە، منیش بە شانازییەوە هیوای ئەوەم هەیە.

*** لە یانەکانی دیکەوە هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە؟**

- نەخێر، چونکە ماوەیەکی کەمە بە تۆپی باڵە ئاشنا بووم، دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە.



*** پەیامت چییە بۆ بەرپرسانی وەرزشی؟**

- هیوادارم لایەنی بەرپرس ئاوڕێك لە وەرزش و یاریزانان و راهێنەران بدەنەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات.




# هالاند

## لە ریاڵ مەدرید نزیکە

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانیا ئاشکرای کردووە، کە ئێرلینگ هالاندی هێرشبەری نەرویجی یانەی بروسیا دۆرتمۆند لە هەموو کاتێك زیاتر لە پەیوەندیکردنی بە یانەی ریال مەدرید نزیك بووەتەوە.
پێگەی بێرنابیۆ دیجیتاڵی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە دوای دوورخرانەوەی سۆڵشایەری نەرویجی لە ڕاهێنەرایەتیکردنی مانچێستەر یونایتد، هالاند بیرۆکی ڕۆیشتنی بۆ مانچێستەر یونایتد بە تەواوەتی ڕەتکردووەتەوە.
سەرچاوەکە نووسیویەتی: هالاند هاوشانی کلیان مباپیێ لە سەرووی لیست و داخوازییەکانی یانەی ریال مەدرید بۆ هاوینی داهاتوو.
بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، دوای دوورخرانەوەی سۆڵشایەر، مانچێستەر یونایتد ئۆفەرێکی پێشکەشی هالاند کرد بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانە پەیوەندی بە مانچێستەر یونایتد بکات، بەڵام هێرشبەرە نەرویجییەکە ئۆفەرەکەی ڕەتکردووەتەوە و بیر لە پەیوەندیکردن بە یانەی ریال مەدرید دەکاتەوە.
پێگەی بێرنابیۆ دیجیتاڵی ئیسپانیا هێمای بۆ ئەوەش کردووە یاریکردن لە نێو یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ بە درێسی ریال مەدرید یەکێکە لە گەورەترین خەونەکانی ئەستێرە نەرویجییەکەی دۆرتمۆند.

# میسی

## باسی یادگارییەکانی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ دەکات

مێسی لە نوێترین دیمانەی لەبارەی ماوەی یاریکردنی لە دژی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەڵێت: هەرگیز ئەم یادگارییەم لەیاد ناچێت.

لیۆنێل مێسی یاریزانی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، لەبارەی یادی ئەو ڕۆژانەی بەیەکەوە لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە خولی ئیسپانیا یارییان دەکرد، دەڵێت: ماوەیەکی زۆر بەسەر رکابەریی ئێمە لە یەک خولدا تێپەڕیوە، ئێمە هەردووکمان لەسەر ئاستی تاکە کەسی و بەکۆمەڵ رکابەریمان لە پێناوی یەک ئامانج دەکرد، ئەو رکابەرییە بۆ ئێمە و هەواداران زۆر بەچێژ بوو، پێموایە هەرگیز ئەم یادەوەرییە لە مێژووی تۆپی پێ لەیاد ناکرێت.

هەروەها میسی لە بارەی ئاستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە دوای گەڕانەوەی بۆ ریزەکانی مانچێستەر یۆنایتد دەڵێت: مانچێستەر یۆنایتد تیپێکی زۆر بەهێزی هەیە و خاوەنی چەند یاریزانێکی نایابە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە باشی یانەکە دەناسێت و شارەزایە، ئەو زۆر بە خێرایی و سەرسوڕهێنەرانە لەگەڵ یانەکە خۆی گونجاندووە، هەر لە سەرەتاوە دەستی بە گۆڵکردن کرد، وەکو هەمیشە ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خۆگونجاندن نەبوو.





## ئەگوێرۆ وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند

سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا ئاشکرای کردووە، کە سێرجیۆ ئەگوێرۆ بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی لە یاریکردن داوە.

سێرجیۆ ئەگوێرۆ ڕۆژی ٣٠ی مانگی ڕابردوو لە گەڕی دوازدەیەمی خولی نایابی ئیسپانیا بەشێوەیەکی سەرەکی بەرامبەر یانەی دیپۆرتیڤۆ ئالاڤیس بەشداریی کرد، بەڵام لە خولەکی ٤٢ی نیوەی یەکەم بەهۆی ئازاری سینگی یاریگەی جێهێشت و ڕاستەوخۆ گواسترایەوە نەخۆشخانە و دواتر دەرکەوت کێشەی لە لێدانی دڵی هەیە.

جیرارد ڕۆمیرۆ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانیا ئاشکرای کردووە، کە سێرجیۆ ئەگوێرۆ بەهۆی سەختی و هەستیاری نەخۆشییەکەی بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی لە یاریکردن داوە.

سێرجیۆ ئەگوێرۆی تەمەن ٣٣ ساڵ، لە هاوینی ڕابردوو بە گرێبەستێکی ئازاد مانچێستەر سیتی جێهێشت و ڕوویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ هاتنی بۆ یانە کەتەلۆنیاییەکە بە پێکانەوە دەستپێکرد، نەیتوانیوە بەشداریی تەواوی یارییەکانی ئەم وەرزە بکات، لە کۆی سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداری ٥ یاریی لەگەڵ بەرشلۆنە کردووە و تەنیا ١٦٥ خولەك یاری کردووە.



# ئافرەتانی دهۆک گرفتی گەورەیان هەیە

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك بەردەوامن لە سەر زیادکردنی تیپەکانی یانەکە، بۆ ئەوەی تاکە یانەی ئافرەتانی شارەکەیان بن لە کۆکردنەوەی زۆرترین یاریزانان لە سەرجەم یارییە جیاوازەکاندا، پارساڵیش پاڵەوانی فووتساڵی نایابی کوردستان بوون، ئەمساڵ هەوڵ بۆ یارییەکانی دیکەش دەدەن، لەم بارەشەوە (چریسك یونس) سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ئێمە بەردەوامین لە خزمەتکردن بە وەرزشی شارەکەمان و بەردەوامیش تیپی دیکە لە یانەکەمان زیاد دەکەین، ئێستا تیپی باڵە و تۆپی سەرمێز و تۆپی سەرزەویمان زیاد کردووە، بەرنامەی ئێمە بۆ ئەوەیە تەمەنبچووکەکان دروست بکەین بۆ یانەکە، چونکە کچە یاریزان کەمە لە شارەکەمان، بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە بناغە دروست بکەین و، بۆ فووتساڵیش ئەمساڵیش ڕکابەر بین»، لەبارەی گرفتەکانیش سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك گوتی: «گرفتی داراییمان هەیە، هەر چەندە گرێبەست و مووچەم بۆ سەرجەم یاریزانەکان کردووە، چونکە لە خولی فووتساڵی عێراقیش بەشدار دەبین و خەرجیمان زۆرە، لە گشت ڕوویەکەوە تیپ پارەی پێویستە، لە ئێستادا یەك دینار لە خەزێنەی یانەکەماندا نییە، بارەگا و گۆڕەپان و پاسمان نییە، بەڵام شانمان داوەتە بەری و بەردەوام دەبین، هیچمان نییە، بەڵام مرۆڤی ئەکادیمی زۆر ماندوو نەناسمان هەیە، کە هەمووی خۆبەخشن و ئەوان بوونەتە خاوەن یانەکە و بە هیوای ئەوەین بتوانین سەری شارەکەمان بەرز بکەینەوە.



# گرفتی دارایی یانەی هەڵۆی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بێبەش کرد

دوای چەند هەفتەیەك لە بەڕێوەچوونی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەی هەڵۆی نوێنەری دەڤەری بارزان وەك یەکەم یانەی خولەکە کشانەوەی ڕاگەیاند، هەر چەندە هەموو ساڵێك یانەی هەڵۆ بەر لە دەستپێکی خولەکان بانگەوازی هاوکاریکردنی دارایی دەکات، بەڵام هاوکاریی پێویستی بەدەست ناگات، ئەمساڵیش بە کشانەوە لە خولی نایابی کوردستان بڕیارە گەورەکەیان دا، لەم بارەشەوە (ئەحمەد خەلیل) سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بابەتی ماددی تاکە هۆکاری سەرەکیی کشانەوەمانە، هەر چەندە ئێمە سەرەتای بەڕێوەچوونی خولی نایابی کوردستان پێمان خۆش نەبوو کە بەشداریی خولی نایابی کوردستان بکەین، چونکە بارودۆخی خۆمان دەبینی، کە بەم ئیمکانییەتە کەمە و نەبوونی یاریزان و دوو ساڵە لە نایابین و، هیچ کەس هاوکاری نەکردووین و، خۆبەخشانە یاری دەکەن، دوو مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە و پارەمان لە ماڵەوە هێناوە بۆ پێدانی مووچەکانیان، ئەوانیش کەمدەرامەتن، یاریزان مووچەی نەبێ چۆن یاریی پێ دەکرێت؟»، هەر سەبارە بەکۆتا بڕیاری یانەکە، سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ ئاشکرایکرد: «پارەیەکی زۆرمان پێویست بوو بۆ هەستانەوەی تیپەکە، ئەو برادەرانەی هاتنە شوێنی ئێمە ئەو دوو مانگە تیپەکەیان بێ سەروبەر کرد و، زەحمەتی زۆرمان دەبینی بۆ ڕاستکردنەوەی، تیپەکە زیاتر لە شەش یاریزانی و پارەی پێویستی دەویست بۆ ئەوەی ڕێکی بخەینەوە، بۆیە ئەو بڕیارەماندا.

# یانەی سۆران گۆڕانکاری بە ڕاهێنەرەکەی دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران ئەم وەرزەش لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەشدارە و ئاستی وەکو پێویست نییە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بە نیازی ئەنجامدانی گۆڕانکارین، بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بچێتە قۆناغێکی تازەوە، لە دوای بەڕێوەچوونی حەوت گەڕ لە یارییەکانیش، بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی، (مستەفا ئەفخەم)ی ڕاهێنەری ئێرانیی یانەی سۆران دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، ئێستا کارگێڕیی یانەکە بۆ ڕێکخستنەوەی تیپەکە بڕیاری گۆڕانکاریی داوە، لەم بارەشەوە (فەرمان ئیسماعیل) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرفتی تیپەکەمان ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا لە هێنانی ڕاهێنەران سەرکەوتوو نەبووین، هەروەها یاریزانەکانی ئێمەش وەك پێویست نین، بە تایبەتی لە هێڵی ناوەڕاست و هێرشبەری»، لەبارەی گۆڕانکارییەکانیش ئەو ئەندامەی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی سۆران گوتی: «ڕاهێنەری نوێ دەهێنین بۆ یانەی سۆران، جگە لەوەش گۆڕانکاری لە زۆربەی تیپەکە دەکرێت، هەر لەئێستاوە دەست پێ دەکەین و، ماوەی گواستنەوەی یاریزانان دەکرێتەوە، دەمانەوێت لە یارییەکانی داهاتوودا یانەی سۆران بە شێوازێکی باشتر دەربکەوێت، چاویشمان لەوەیە کە بەهەموو لایەك هەوڵێك بدەین بۆ یانەکەمان، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجاممان لە یارییەکانی داهاتوودا باشتر بکەین و، هەرچی گرفتمان هەیە چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزینەوە.



# ڤاكسینی كۆڤید بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە بێ مەترسییە

ئەوە ڕوونە كە بەرگریی لەش لە كەسانی تووشبوو بە شێرپەنجەدا لاوازە لەبەر خودی نەخۆشیی شێرپەنجە و چارەسەرەكانی شێرپەنجە، بۆیە لەكاتی تووشبوونیان بە كۆڤید١٩ دوچاری نیشانەی سەخت دەبن، هاوكات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری ئاڵۆزییەكان و مردن، ئەمەش وای لە زانا و پسپۆڕانی تەندروستی كردووە كە لە هەوڵی بەردەوامدا بن، بۆ گرتنەبەری هەموو هەنگاوەكانی خۆپاراستن لە كۆڤید١٩. ماوەیەك بوو زانایان سەبارەت بە كاریگەری و سەلامەتیی ڤاكسینی كۆرۆنا بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە گومان بوون، بەتایبەتی لە حاڵەتەكانی شێرپەنجەی چالاكدا Active cancer كە هاوكاتە لەگەڵ هەنگاوەكانی چارەسەركردنی شێرپەنجەدا، بەڵام بەم دواییە لە نوێترین لێكۆڵینەوەدا لە زانكۆی پزیشكیی هارڤارد/ بۆستن هاتووە، كە ڤاكسینی كۆڤید بۆ كەسانی تووشبوو بە شێرپەنجە سەلامەت و كاریگەرە، ئاماژە بەوەش كراوە كە چارەسەری شێرپەنجە كاریگەری ناكاتە سەر كاردانەوەی سیستمی بەرگریی لەش بۆ هەر جۆرێكی ڤاكسینی كۆرۆنا، كە خۆپاراستنێكی باش پەیدا دەكات بەرانبەر بە تووشبوون بە حاڵەتی سەختی كۆڤید١٩.




# كاتە گونجاوەكان بۆ مەشقی وەرزشی

ئەوە سەلمێنراوە كە مەشقی وەرزشی Exercise سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە لەكاتی گونجاودا ئەنجام بدرێت. خانەی ماسوولكەكانی لەش بۆ بەرهەمهێنانی وزە پێویستییان بە ئۆكسجینە، بە هەماهەنگی لەگەڵ كاتژمێری بایۆلۆژی ناو خانە، واتە ڕیتمێكی تایبەتی كاتژمێری بایۆلۆژی لەش Circadian rhythm. توانای خانە بۆ ئەنجامدانی فرمانە گرنگەكان بە گوێرەی سووكی و توندیی مەشقی وەرزشی لەكاتی جیاوازی ڕۆژدا دەگۆڕێت، هەروەها مەشقی وەرزشی بەیانی بەر لە ژەمی خواردن واتە بە گەدەی بەتاڵەوە هاندەرە بۆ سووتاندنی چەوری و كەمكردنەوەی كێشی لەش، كەچی مەشقی وەرزشی دوای نیوەڕۆ لە نێوان كاتژمێر ٢-٦ ی ئێوارە، زیاتر سوودبەخشە بۆ بەهێزكردنی توانا و لیاقەی بەدەنیی، چونكە لەش كەمتر ئۆكسجین و وزەی یەدەكی لەش لە شەكر و چەوری بەكاردەهێنێت، پاش خواردنی ژەمی تەواوی خۆراك پێویستە بەلای كەم یەك تا دوو كاتژمێر تێپەڕبێت، ئینجا دەتوانرێت مەشقی وەرزشی ئەنجام بدرێت، هەروەها دوای خواردنی ژەمی زۆر سووك، دەتوانرێت پاش ٣٠ خولەك دەست بە مەشقی وەرزشی بكرێت.





# بڕی ڕایەڵی شەکری ڕۆژانە

شەکری زیادکراو -Added sugar ئەو شەکرانەن کە دەخرێنە ناو خۆراکی تایبەت بەمەبەستی شیرینکردن و زیادکردنی چێژ، کە بریتین لە: شەکری بۆر(قاوەیی) Brown sugar، فرکتۆز، گلوکۆز، سوکرۆز(شەکری سپی ئاسایی)، مالْتۆز، شیرەی گەنمەشامی، شەکری خاو Raw sugar، دۆشاوی شەکر Molasses، شیرەی جۆ Malt sugar، تریهالۆز Trehalose، لە ڕووی تەندروستی و پێویستیی خۆراکییەوە لەش هیچ پێویستی بە شەکرە زیادکراوەکان نییە، چونکە جگە لەوەی کە هیچ سوودیان نییە، بە بڕی زیاد زیانی زۆریان بۆ تەندروستی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەرگیز شەکری زیادکراو نەخۆیت بە شێوەی کێك، ساردەمەنی، هەویرکاری، شلەمەنییە شیرینەکان...تاد، بەڵام پێویستە لە بڕی دیارکراوی ڕۆژانە زیاتر نەبێت. سنووردارکردنی شەکرە زیادکراوەکان ڕۆژانە بۆ پیاو بریتییە لە ١٥٠ کالۆری، کە دەکاتە ٣٦ گرام، یان ٩ کەوچکی کوپ، بۆ ئافرەتیش تەنیا ١٠٠ کالۆری کە دەکاتە ٢٤ گرام، یان ٦ کەوچکی کوپ. زیانەکانی زیادخواردنی شەکرە زیادکراوەکان بریتین لە: کلۆربوونی ددان، هاندانی زیپکەی گەنجێتی Acne، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، زیادبوونی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشیی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەندێك جۆری شێرپەنجە، نەخۆشیی ئەلزهایمەر Alzheimer’s، زوو پیربوونی پێست.

# بۆچی کەمتر خواردن باشترە؟

گەلێك لێكۆڵینەوە ئەوەیان ڕوون كردووەتەوە كە كەم خواردن، یان كەمكردنەوەی كالۆری لە خۆراكەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ باشتركردنی كوالێتی ژیان و زیاتر ژیان. كەمكردنەوەی تەنیا ٣٠-٤٠٪ كالۆری ڕۆژانە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ كەمكردنەوەی ڕێژەی كورتبوونی كۆتایی جینەكان Epigenetic drift، كە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەكان و كەمكردنەوەی ماوەی ژیان Lifespan. لە لایەكی دیكەوە، كەمكردنەوەی وزەی ڕۆژانەی وەرگیراو لە خۆراك هانی سستكردنەوەی كرداری میتابۆلیزم دەدات، ئەمەش هاندەرە بۆ زیاتر ژیان، كەم خواردن ڕۆڵی هەیە بۆ: كۆنترۆڵكردنی كێشی لەش و پاراستنی چالاكی و گەنجێتی، ڕێكخستنەوەی هاوسەنگیی هۆرمۆنەكان، ڕێگرتن لە كۆبوونەوەی چەوری لە لەشدا، بەرزكردنەوەی ئاستی وزەی لەش بە درێژایی ڕۆژ، بەهێزكردنی توانای بەرگەگرتن و ئەنجامدانی كار و چالاكیی بەدەنی، بەهێزكردنی سیستمی بەرگریی لەش و كەمكردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەكان، باشتركردنی تواناكان و فرمانەكانی مێشك، بەتایبەتی توانا هزرییەكان Cognitive abilities و باشتركردنی تواناكانی فێربوون و بیرهاتنەوە.



# ئایا ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید دەبێتە تەواوکەر بۆ کوتانی تەواو




ئێستا ژەمی سێیەم، یان ژەمی چالاککەرەوەی Booster dose ڤاکسینی کۆڤید لە بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بۆ تەمەنی ٦٥ ساڵ و بەسەرەوە و کەسانی دیکە کە دوچاری چەند حاڵەت و نەخۆشییەك بوون بەکاردێت، بەڵام (د.ئەنتۆنی فاوچی) لە سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC، هەفتەی ڕابردوو بۆ دەزگای هەواڵیی ABC ڕوونی کردەوە، کە لەوانەیە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید ببێتە بەشێکی ستانداردی کوتانی تەواو بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، چونکەپاش وەرگرتنیدوو ژەمی ڤاکسین بە ٤-٦ مانگ ئاستی مادده دژەتەنەکان و پێکهاتەکانی دیکەی سیستمی بەرگریی لەش دادەبەزێت و ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ لە هەموو تەمەنێکدا زیاد دەبێت، بۆیە واپێدەچێت کە بەم زووانە پێناسەی کوتانی تەواو Full vaccination بۆ کۆڤید١٩ ببێتە وەرگرتنی سێ ژەمی ڤاکسین. کۆمپانیای فایزەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاگادار کرووەتەوە کە ڕێگا بدرێت ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید بۆ هەموو کەسێك لە تەمەنی ١٨ ساڵ و بەسەرەوە بەکار بهێنرێت، وا بڕیارە کە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بەڕێوەبەرایەتیی دەرمان و خۆراکی ئەمریکی FDA و سەنتەری کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، بڕیار لەسەر بەکارهێنانی بدەن.

# باشترین ماسک بۆ سەفەر بە فڕۆکە



پەتای کۆڤید١٩ کاریگەریی نێگەتیڤی توندی کردە سەر سەفەر بە فڕۆکە و زیانی زۆری بە کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و هێڵە ئاسمانییەکان گەیاند، ئێستا سەفەر بە فڕۆکە خەریکە وەکو پێشان دەست پێ دەکاتەوە، بەتایبەتی پاش بەردەستبوونی ڤاکسینی کۆڤید، بەڵام پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە هێشتا پێویستە لەکاتی سەفەر بە فڕۆکە، ماسك بەکار بهێنرێت، ماسکی گونجاو بۆ سەفەر بە فڕۆکە پێویستە کە توانای فلتەرکردنی بەرز بێت و، دەم و لووت بە تەواوی و دروستی داپۆشێت، واتە هیچ بۆشاییەك لە دەوری تەنیشتەکانیدا نەمێنێت، بەمەبەستی ڕێگرتن لە گەیشتنی هەوای فلتەرنەکراو بە دەم ولووت، لە هەمان کاتدا پێویستە کە هەناسە قورس نەکات و لاستیکەکانی زۆر توند نەبن کە ببێتە هۆی ئازار و نارەحەتیی پشت گوێ و گوێیەکان. تێستکردنی ماسك بەر لە سەفەر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەم خاڵانەی کە باس کران، چونکە لەوانەیە کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە ناو فڕۆکەدا ماسك ببەستیت، بەتایبەتی ئەگەر سەفەرەکەت دوور بێت، هەموو کەسێك بۆ زیاتر دڵنیابوون لە خۆپاراستن لەکاتی سەفەر بە فڕۆکە، دەتوانێت کە دوو ماسك لەسەر یەکتر ببەستێت، واتە ماسکێکی پزیشکیی دیسپۆزەبل Disposable mask لە ژێرەوە و ماسکێکی قوماش Cloth mask لە سەرەوە، لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کە دەم لووت بە تەواوی و دروستی داپۆشراون.

# شاشەیەکی بچووک بۆ زۆربەی ئەرکەکان

بۆ پەیوەندییەکان رەنگە مۆبایل باشترینیان بێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ کۆنفرانسی ڤیدیۆییت هەبێ یان بتەوێ لەگەڵ چەند ئەندامێکی بنەماڵە و لە چەند شوێنێك پێکەوە قسە بکەی، مۆبایل وەڵامدەرەوەیەکی باش نەبێت، بە دوو هۆکار: یەکەم دەبێت مۆبایل هەمیشە بەدەستیەوە بگری، دووەم شاشەکەی بچووکە.

ئامێری دیجیتالی Echo Show 8 وەڵامدەرەوەیەکی باشە. شاشەکەی لە جۆری HDیە و هەشت ئینجە، مامناوەندییە.

ئامێری ناوبراو دەکرێت وەك ئەلبۆمێکی دیجیتالی سەیری بکەی. دەکرێت بۆ پەیوەندییە دەنگ و رەنگییەکان سوودی لێوەربگری. Echo Show 8 بە ئاسانی لەگەڵ سیستەمی ئەلکسای ئامازۆن دەگونجێت و وەڵامی پرسیار و داخوازییەکانی بەکارهێنەر دەداتەوە. بەهۆی ئەو ئامێرە و سیستەمی ئەلکساوە گوێ لە هەواڵی رۆژانە دەگری و کتێبە دەنگییەکانت بۆ دەخوێنێتەوە. ماڵە سمارتەکان کۆنترۆڵ دەکا، وەڵامی فەرمانە دەنگییەکان دەداتەوە. وەك: فەرمان کردن بە کامێراکانی چاودێری، کۆنترۆڵی گلۆپەکان و گەرمی و سەردی ژوورەکان و کوژاندنەوەی ئامێرە کارەباییەکان.




# رۆبۆتی پاسەوان



کۆمپانیای ئامازۆن رۆبۆتێکی نوێی بەرهەمهێناوەکە بە Astro ناسراوە. ئاسترۆ وەك گرنگترین پاسەوان و چاودێری ماڵەوە سەیر دەکرێت، پاسەوانێك کە بۆ یەك چرکەش وەنەوز نادا و ئەرکەکەی خۆی بەوپەڕی سەرکەوتوییەوە ئەنجام دەدا.

لەسەرەوەی رۆبۆتەکە کامێرایەك هەیە و لە خوارەوەش شاشەیەك، کامێراکە بە هەرچواردەوردا دەسوڕێت و فیلم لە هەموو شوێنێك هەڵدەگرێتەوە. هەستەوەری تێدایە کە بۆنی غاز دەکات و لەکاتی کێشەیەك بەکارهێنەرەکانی ئاگادار دەکاتەوە. ئاگاداری هەڵسوکەوتی گیاندارانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلەیە کە کێشە دروست نەکەن.

یەکە بەیەکە سەر لە ژوورەکان دەدا، لەکاتی ئاگرکەوتنەوە، یا بەربوونی غاز و نەمانی ئوکسیژن، یا دەنگی شکانی شووشەی پەنجەرە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە. بەکارهێنەر دەتوانی لە دوورەوە فەرمانی پێبکات کە پاسەوانە رۆبۆتەکە راپۆرتێکی ورد لە ماڵەوەی بۆ بنێرێ.

# یەکەم مۆبایلی زیرەک رامەکەی ٢٠ گێگابایتە



رام و میمۆری لە مۆبایل و کۆمپیوتەردا گرنگی ئامێرەکە دەردەخەن، بەتایبەتی رام بەمانای خێرایی زوو وەڵامدانەوە لەو ئامێرانەدا دێت. ئێستاکە بەهێزترین مۆبایل لە جیهاندا چ لە سیستەمی ئەندرۆید و چ لە IOS رامەکەی لە ٨ گیگابایت تێناپەڕێ، تەنانەت ئایفۆن ١٣یش رامەکەی ٦ گیگابایتە.

کۆمپانیای ZTE Mobile رایگەیاند کە مۆبایلێکی بەرهەم هێناوە کە رامەگەی ١٨ هەتا ٢٠ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی یەك ترابایتە. بەو پێیە بێت لە ریزی پێشەنگی مۆبایلە زیرەکەکان دێت کە هەتا ئێستا مۆبایلێکی لەم جۆرە بەرهەم نەهاتووە. مۆبایلی ZTE Axon 30 Ultra جگە لەو دوو تایبەتمەندییە بەهێزە کامێراکەشی لە جۆری باشترینەکاندا دێت، کامێراکەی ریزی ٦٤ میگاپیکسلە بەڵام زوومێکی زۆر بەهێزی هەیە و خۆ لە ئاستی کامێرا پیشەییەکان دەدا.



## کامێرا و پرینتەری بێ وایەر

لە نیوەی سەدەی رابردوودا کامێرای پلۆراید هەبوو، کامێرایەك کە بۆ وەرگرتنەوەی وێنەکانی سەر کاغەز پێویستی بە تاقیگەی وێنە نەبوو، بەڵکو خودی کامێراکە بەهۆی کاغەزی فۆتۆی تایبەتەوە وێنەکەی دەستبەجێ دەدایەوە.

بەدوای داهێنانی کامێرای دیجیتالی وێنەی سەر کاغەز زۆر بەکەمی ماوە، ئەوەی هەیە لە میمۆری و داتاگەکاندا هەڵدەگیرێت. لەم ساڵانەی دواییدا کامێرای دیجیتالی لە شێوەی پلۆراید بەرهەم هاتن و هەتا ئێستاش کامێرای لەم شێوەیە بەرهەم دێن. کامێرای جۆری Instax Mini Evo کە هی کۆمپانیای فوجی فیلمی ژاپۆنییە، یەکێکە لەو جۆرە کامێرایانە بەڵام بە هەندێك تایبەتمەندی جیاوازە.

کامێراکە زیاتر لە ئێفکتی جۆراوجۆری بۆ وێنە تێدایە، بە داگرتنی دوگمەیەك وێنەکە لەسەر کاغەزی تایبەت کە لەناو کامێراکەدایە چاپ دەکا. تایبەتمەندی جیاوازی کامێراکە لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە دەکرێت وێنەکانی سەر مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت بۆ کامێراکە بنێری تاکو پرینتیان بکا.

# کامێرای چاودێری گوگل



چەند ساڵێکە گوگل هاتۆتە ریزی ئەو کۆمپانیانەی کە ئامێری دیجیتالی، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، کامێرا، ئامێری گەیم... تاد بەرهەم دێنن. لەم دواییەدا گوگل کۆمپانیایەکی نوێی چاودێری و ئەمنییەتی بەناوی Google Nest Cam بەرهەم هێناوە. کامێرایەك دیزانێکی ناوازە و کارکردێکی باش.

کامێراکەی گوگل دوو پرۆژکتەری بەهێزی هەیە، شەوی تاریکیش دەکاتە رۆژی رووناك. کامێراکە وزە لە کارەبا وەردەگرێ، بەڵام کاتێك کارەباش بکوژێتەوە باتری شەحن لەناوخۆیدایە کە کرداری تۆمارکردنەکە ناوەستێنێ.

کامێرای nest cam پرۆژکتەرەکانی بەشێوەی موگناتیسی بە کامێراکەوە نووساون، هێزی رووناکییەکەی ٢٤٠٠ لۆمێنە و هەستەوەری جوڵەیی پێیوەیە کە بە دوای دیمەنە جوڵاوەکانی وەك مرۆڤ و ئۆتۆمبیل و ئامێر و گیانلەبەری جوڵەداری دیکەدا جوڵە دەکا.

کوالیتیەکەی HDیە لە شەویشدا. چوارچێوەی دیدی ١٣٠ پلەیە. دەنگ بەرێ دەکا و وەردەگرێ. لە کەش و هەوای نالەباری وەك باو بۆرانیشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش. هەتا سێ کاتژمێر بەبێ پچڕان ڤیدیۆ تۆمار دەکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم ئەو پاسۆردی BIOS واتە ئەو پاسۆردەی کە کۆمپیوتەرکەم دەکرێتەوە لایبەرم؟**

خوێنەری بەڕێز چەند رێگایەك هەن بۆ لابردنی پاسۆردی BIOS، ئاسانترین رێگا ئەوەیە کە پرۆگرامێکی بچووك بەناوی Hirens BootCD 15.2 دابەزێینە سەر فلاش میمۆرییەك، پاشان بە دوگمەکانی F12 یا F2 یا هەر دوگمەیەك کە بۆ بووت کردنی سیستەم داندارابێ، دابگرە و پاشان درایڤ USB هەڵبژێرە، ئەوکات پرۆگرامەکە دەبینی لەسەر پرۆگرامەکە Dos Programs دابگرە. لەبەشی ٩دا هەر کلیك بکە هەتا کۆتایی پێدێت و ئەوکات پاسۆردەکە لادەچێت.

## کتێبخوێندنەوەی رەنگی و تایبەتمەندییەکانی

کاتێك جیهان بەرەو دیجیتالی و تەکنەلۆژیای سەردەم رۆیشت، جەرەسی مەرگ یان کەمرەنگ بوونەوەی رۆژنامە و کتێبی کاغەزی کە مێژوویەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەرێتەوە لێدرا. ئێستا خوێندنەوەکان لەسەر مۆبایل، تەبلێت، لاپتۆپ و تەنانەت شاشەی تایبەت بە کتێبخوێندنەوە کە بە ئینگلیزیش هەر پێیدەگوترێ Reed book دەخوێندرێنەوە. هەرچەندە ئەوانەی خوویان بە کتێب خوێندنەوەی سەر کاغەز گرتووە و رایان وایە چێژ لەو جۆرە خوێندنەوە نابینن و ناتوانن وەك پێویست بەکاری بێنن. ئەوە شتێکی ئاساییە وەك هەموو ئامرازێکی دیکە کە لەسەرەتادا جیلی رابردوو دژایەتی دەکەن و دواتر بەرە بەرە لەگەڵی ئاشنا دەبن.

کۆمپانیای ئامازۆن بە کتێبخوێنە ناسراوەکانی لە ریزی یەکەم لەو کۆمپانیایە دێت کە کتێبخوێندنەی ئەلکترۆنی بەرهەم دێنن. کتێبخوێندنەوەی ئەلکترۆنی لە جۆری PocketBook InkPad Color لە کتێبخوێندنەوەکانی دیکە جیاوازە. تەواو رەنگییە وەك تەبلێتێك دەچێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: بۆ هەموو کتێبێك دەبێت، بۆ قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ. بۆ ئەو منداڵانەی کتێبە چیرۆکەکان لەسەر شاشە دەخوێننەوە. شاشەکەی گەورەیە نزیکەی ٨ ئینج دەبێت. چاو ئازار نادات. پێویستی بە وزەیەکی کەمە. گشت فۆرماتێکی کتێبە دەنگییەکان دەخوێنێتەوە. کتێبە دەنگییەکان بە ١٦ زمان دەخوێنێتەوە. بلوتوس و وای-فای هەیە. جگە لە PDF پشتیوانی لە چوار فۆرماتی گرافیکی دیکەش دەکا.





# ئامێرێکی گرنگ بۆ نابینایان

لە سەردەمی دیجیتالی نوێدا، نابینا و پەککەوتە و نابیست و ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن گرنگییەکی زۆریان پێدراوە، دەیان ئامێر بۆ ئاسانکاری لە ژیانی رۆژانەیاندا بەرهەم هاتووە. ئامێری OrCam MyEye یەکێکە لەم ئامێرانە کە بیرۆکەی داهێنانەکەشی لەلایەن نابینایەوەکە بووە.

ئامێرێك کە بە چاویلکەوە هەڵدەواسرێ. کاری خوێندنەوەی هێماکانی هاتووچۆ، لیستی خۆراکی رستۆرانەکان، خوێندنەوەی تابلۆکان و لە هەمووی گرنگتر کتێب و گۆڤارەکان بۆ بەکارهێنەرکەی دەخوێنێتەوە.

خاڵێکی گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە کە دەتوانێت زانیاری لەو شتانەی کە بەکامێرا سمارتەکەی دەیانبینێت بۆ بەکارهێنەرەکەی بگوازێتەوە، بۆ نموونە کاتێك بەبەردەرگای سوپەرمارکێتێکدا دەڕۆن و دەتوانێ ئاگاداری بەکارهێنەرکەی بکاتەوە کە کەلوپەلە خۆراکییەکان لە کوێن و چ خواردەمەنی یان چ پێداویستییەك لە چ شوێنێك دانراوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەگەر بەکارهێنەرەکە نابینای تەواو بێت، کاتێك یەکێك لە دۆست و نزیکانەی ئەوانەی بەو ئامێرە ناسێندراون دێتە لای، ئامێرەکە پێی رادەگەیەنێ کە ئەوە فڵانکەسە هاتووە. کێشی ئامێرەکە تەنیا ٢٠ گرامە. بۆ خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە ئامێرەکە پێویستی بە ئینتەرنێت نییە.



## ماڵپەڕێک بۆ کتێب و کتێبخوێندنەوە

لە دونیای ئینتەرنێتدا هەزاران ماڵپەڕ هەن بۆ کتێب و کتێبخانە و خوێندنەوە. یەکێك لەو ماڵپەڕە گرنگانەی کە لە بواری کتێب و کتێبخوێندنەوە چالاکە، ماڵپەڕی https://www.librarything.com/ یە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین گەورەترین ماڵپەڕی شوێنی کتێبخوێندنەوەی مەجازییە. پاش ئەوەی کتێبێکت خوێندنەوە لەلایەن خودی ماڵپەڕەکە و هەروەها خوێنەرانی تریش لەبارەی کتێبەکە پرسیارت لێدەکرێ و پێشنیارت پێدەکرێ.

دەتوانی لیستێك لەو کتێبانەی کە خوێندووتنەوە دابنێی و هەروەها لەو باسانەی لە کۆنفرانس و ئەو کۆڕانەی سەبارەت بە خوێندنەوە دەکرێ بەشداری بکەی، راو بۆچوونی خۆت لەبارەی کتێبەکان و نووسەرەکان دەربڕی.

# پرۆگرامێک بۆ بردنە سەری تەمەنی SSD

زۆر لەمێژ نییە هارددیسکی جۆری SSD کەوتوونەتە بازاڕ و شوێنی خۆیان گرتووە، بە جۆرێك جێگای خۆیان کردۆتەوە کە هارددیسکی جۆری HDD دەکەوێتە ئەرشیفەوە هەروەکو چۆن دیسك و CD بەیەکجاری بوون بە مێژوو.

داتاگەی جۆری SSD خێراتر، بچووکتر و کەم کێشەتر لە هارددیسکی جۆری HDD. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە لە داتاگە لە دونیای تەکنەلۆژیادا نوێن، بۆیە ئەو پرۆگرامانەی بۆ چاودێری بەسەر داتاگەی SSD دا بەرهەم هاتوون زۆر کەمن.

پرۆگرامی Abelssoft SSD Fresh یەکێکە لەو پرۆگرامە بەهێزانەی کە چاودێری ورد دەکا بەسەر داتاگەی جۆری SSD.



بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە تەمەنی هاردی SSD زیاتر دەبێ، چونکە هارددیسکی جۆری SSD سنووردارن لە بەکارهێناندا تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە.

تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

دەتوانی راپۆرت و زانیاری ورد لەبارەی داتاگە لە پرۆگرامەکە وەربگری، بۆ نموونە دەتوانی لەسەر هاردەکە چەند شوێن ماوە و چەندە بەتاڵە.

بە سوودوەرگرتن لەو پرۆگرامە ئیدی پێویست بە یەکپارچەکردنی داتاگە نابێ، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی تەمەنی داتاگەکە زیاتر بێ.

# جوانی و سەرنجڕاکێشیی جەستەت بپارێزە



جوانیی لەشولارت هێمای جوانیتە، بۆ ئەوەی جەستەیەکی ناسك و سەرنجڕاکێشت هەبێت، پێویستە پارێزگاری لە جوانی و کێشیی خۆت بکەیت، بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەدا خانمان شۆخ و شەنگ و بە جەستەی باریك و لاواز بەناوبانگن، ڕیجیم و وەرزشکردن و کەمخواردن، هەنگاوی سەرکەوتوون بۆ کەمکردنەوەی کێشی جەستە، بەم چەشنە شێوەیەکی نایاب و جوانت بۆ درووست دەبێت، کەم خواردن ڕێگەیەکی بێ زیانە و سەرکەوتووانەیە بۆ ئەوەی جوانیی جەستەت بپارێزیت، واچاکە ڕۆژانە ژەمە خواردنەکانت لە کات و ساتی خۆیاندا بن، بەڵام هێندە پاڵەپەستۆ لەسەر خۆت دروست مەکە کە جەستەت لاواز بێت، هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی برسیکردنی خۆتەوە کێشت دابەزێنیت، بەتایبەت ژەمی بەیانیان کاتێك جەستەت برسی دەبێت، چەوری و ڤیتامینی زۆر لە دەست دەدەیت، بەم ڕێگەیە جەستەت خۆی لە کۆکردنەوەی چەورییەکان دەپارێزێت. هەروەها وەرزشکردنی ڕۆژانە، لە دەرەوە، یان لە ماڵدا، هۆکارێکی خێرایە بۆ کەمکردنەوەی کێشی جەستەت، خۆت لە خواردنی چەور بە دوور بگرە، چونکە کاتێك جلەکانی پێشووت لەبەر دەکەیت و بە بەرتەوە ناچن، دەبنە مایەی خەم و خەفەت و هەست دەکەیت کە قەڵەو بوویت، با هەمیشە جەستەت ڕێك و باریك بێت، جگە لەوەی جوان و سەرنجڕاکێشە، هەروەها هەموو جلێکیشی بۆ دەبێت.



## مۆد و شێوازی جلی بووکی هەڵبژێدراو بۆ ساڵی ٢٠٢٢

جلی خانمانی بووك بۆ ساڵی ٢٠٢٢
لە ئێستاوە لەلایەن پسپۆڕانی جوانکاری و جلوبەرگەوە دیزاینی بۆ دانراوە، بەهۆی ئەوەی ساڵی تازە هێندەی نەماوە، هەموو ساڵێك لە مانگەکانی ١١ و ١٢، شێوازی جلی ساڵی داهاتوو دروست و دیزاین دەکرێن، مارکەی (مینیماڵی) لە ئێستاوە ئەسپی خۆی تاو داوە، مۆدە تازەکانی جلی بووك، لە چەندین ڕووەوە لەلایەن دیزاینەرانەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوون، لەوانە: لە پێکهاتەی جلەکە، هەروەها شێوازی دیزاینی بەدلەی جلوبەرگە، پێشتر مۆدی کراسی پشتکراوە بەناوبانگ بوو، کەچی لە ئێستادا ئەو مۆدە باوی نەماوە، ئێستا بەدلەکان لە شێوەی تەسك و بەدی باون و لەلایەن خانمانەوە خواستی زیاتریان لەسەرە، مۆدی کراسەکانی میدی، لە دوا شێوازەکانیدا گرنگی بە کراسی درێژ و کراوەی بووك داوە، کە لە بەشی سەرەوەدا کراوەیە و لە بەشی خوارەوەش تەسك و باریك دەبێتەوە، بۆ ئەوانەی حەزیان بە جلی سەرەوە کراوە هەیە، کە بە ئۆف شۆڵدەر بێت لە شێوازی سەر دەست تەسك و بێ قۆڵ وشانەکان، کراسی کاپ درێژ، واتە لە بەشی خوارەوە درێژ دەبێتەوە، لە دوای بووکەوە دەخشێت، بەمەش مۆدێکی شاهانەی دەبێت. مۆدی کراسی بووکی ڕازاوە بە نەخشی گوڵ و ڕۆمانسی، مۆدێکی باوی دیکەیە، ئەو کراسانەی کە گرێ و گوڵ و نەخشی گەورە لە خۆ دەگرێت، کە لە بەشی کراسەکە جیاوازە، واتە لە پێکهاتەی کراسەکەدا نییە، کراسی بووك بە پەڕپەڕەوە، مۆدێکی دیکەیە کە بۆ ئەو وەرزە گونجاوە و لەگەڵ ستایلێکی قژی لووس و خاودا دەگونجێت. دواجار بۆ ساڵی ٢٠٢٢ مۆدی کراسی یەخە چوارگۆشەی بووك ناودارترین کراسی بووکی هەڵبژێردراوە.



# ئارایشتە بۆ ئەوخانمانەی قژیان تەنک و کورتە

بەشێکی زۆری خانمان بە دەست تەنکیی قژیانەوە دەناڵێنن و، حەز بە پڕیی قژیان دەکەن، بەڵام بە چەندین هۆکار قژیان تەنکە، بۆ ئەوانەش چەند چارەسەرێکی ئارایشتی هەن. ئەگەر پرچیشت تەنك و پڕ نەبێت، دەتوانی لە ڕێگەی ئەو چەند ئارایشتەوە چارەسەری ئەو گرفتە بکەیت: ئەگەر پرچت درێژە و تەنکە، دەتوانیت ئارایشتی جۆری پلەبەند بکەیت، واتە لە بەشی پێشەوەی سەر لە شێوەی شەپۆڵ بێت تا کۆتایی پرچەکە. شێوازی (پۆپ)یش هەیە بۆ ئەوانەی پرچیان کورتە. بۆ ئەوانەی پرچیان خاوە، دەتوانن شێوازی ئارایشتی پۆپی درێژ بکەن، یان ئەوانەی هەمیشە حەزیان بە پرچی ئوتۆکراوە، یان لووسە، دەتوانن شێوازی پۆپی شەپۆل بکەن (متدرج). شێوازی ئارایشتی تاڤگە (شلال)، بۆ ئەوەیە کە پرچت ببێتە بەشی پڕ پڕ و بە گەورەیی دەربکەوێت، ئەوانەی مەبەستیانە شێوازی شەپۆلی ناسك و لوول بۆ پرچیان دابین بکەن، دەتوانن شێوازی شەپۆلی (مدرج)ی سادە و ناسك و لوول بکەن، تا تەنکیی قژیان ون بکات، هەروەها شێوازە ئارایشتی (پیکسی)، بۆ ئەوانەی قژیان کورتە و دەتوانن بەو شێوازە تەنکیی پرچیان ون بکەن.





# بیبەری تیژ (توون) لە بۆشاییگەریدا


بۆ یەکەمین جار لە بۆشایی ئاسماندا توانرا بیبەری تیژ بە تۆو بچێندرێت و گەورە بێت و بەر بگرێت و، لە لەفەیەکی بەلەزەتیشدا بخورێت، تیمێك لە زانایانی ناو کەشتیی ئاسمانیی (ئای ئێس ئێس) کە تیایدا تاقیگەیەکی بچوکی چاندنی ڕووەکی تیدایە، توانیان تۆوی بیبەری توون بچێنن و پاش چاودێریکردنی بۆ ماوەی نزیکەی (١٢٠) ڕۆژ، کۆمەڵێك بیبەری جوان و ناسکی گرت و بەرهەمی هەبوو، ئەم جۆرە بیبەرە جیاوازە و لە بیبەری خۆمان ناچێت، بەهۆی ئەوەی بە تەواوی لە ژێر ڕۆشنایی زیاتر لە ١٨٠ لید و سێنسەری جیاوازدا، کە لە سەر زەوییەوە چاودێریی دەکرا بەرهەم هات، ئەم بەرهەمە تاکە ڕووەکە کە ڕۆشنایی خۆری بەر نەکەوتووە، ئەم بەرهەمەی زاناکان زۆر جێی دڵخۆشکەر بوو، کە بەشێکیان وەك نموونە هەڵگرت و بەشێکی دیکەشیان بۆ تاقیکردنەوە لە خوانێکی خۆشدا نۆش کرد و، لەفەیەکی بەلەزەتیان لێ ئامادە کرد.

# شەقامی غەزالی و شانزەلیـ

ئارامی و خۆشیی ژیان لە هەرێمی کوردستان وایکردووە کە خەڵك بە خۆشی و شادی ژیانی ڕۆژانە بەڕێ بکەن، کولتووری دەرچوونی شەوانە بۆ شوێنە گشتییەکان لەلایەن خەڵکەوە لە مێژێنەیە و، تا ئێستا چەندین شوێنی گشتیی شەوانە هەن، کە خەڵك ڕوویان تێ دەکەن، جگە لە مۆڵ و کافێی و ڕێستورانتەکان، هەروەها شوێنی میللی بۆ دانیشتن و چا نۆشکردن هەن، لە تەواوی شارەکانی کوردستان ئەو کولتوورە هەیە و خەڵك بە ئارامییەوە شەوانە ڕوو لەو شوێنانە دەکەن. یەکێك لە شەقامە چڕ و ئارامەکان شەقامی ئیسکانی هەولێرە، کە زیاتر ڕەگەزی نێر ڕووی تێ دەکەن، بەڵام هەر لە شاری هەولێر شوێنێکی دیکەش هەیە کە ماوەی ساڵێکە کراوەتەوە و، لە نێو خەڵکدا بە ئیسکانی کچان ناسراوە، کچانیش وەك کوڕان ئەو شوێنەیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە، ئەگەرچی کوڕانیش دەچن، بەڵام ڕێژەی خانمان زیاترن، ئەو شوێنە بە ناوی شەقامی











# وێنەگرێک
# کچان وەک ساڵۆن ڕازاوە دەکات

ئافرەتان بۆ کاری ڕازاندنەوە و جوانکاری هەمیشە ڕوو لە ساڵۆن و سەنتەرەکانی جوانکاری دەکەن، بەڵام ئەمجارەیان وێنەگرێک شوێنی ساڵۆنەکانی گرتووەتەوە، ئەویش هەڵساوە بە جوانکردنی خانمان. ئەو وێنەگرە بەریتانییەیە کە ناوی (کریسی سپارکس)ـە، تەمەنی (٣٣) ساڵە، بیرۆکەی خزمەتکردنە بەوانەی خۆیان پێی جوان نییە، یان خۆیان فەرامۆش کردووە، بە تایبەت ئەو خانمانەی کێشە و گرفتیان هەیە، یان خەریکی ئیش و کارن، ئەویش دوای جوانکاری و ڕازاندنەوە ئەنجا جەلسەیەکی وێنەگرتنیان بۆ دەکات، کارە ناوازەکەی کریسی لەوەدایە کە شێوە و ڕوخساری ئەو ئافرەتانە بە ڕادەیەکی زۆر دەگۆڕێت، تەنانەت جێگەی ناسینەوەش نابن.

## ـــــــزێی فەرەنسا

غەزالییە و دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی عەنکاوە، کە بریتیین لە کۆمەڵێك دوکان و کافێ و ڕیستۆرانت و شوێنی دانیشتن، کە بە بازاڕێکی مۆدێرن و سەردەمییانە دەناسرێت، هاوشێوەی شەقامی شانزیلیزەی فەرەنسا کە دەکەوێتە پاریسی پایتەخت و درێژییەکەی دوو کیلۆمەتر دەبێت، بەگشتی لەو شەقامەشدا شەوانە خەڵ چ وەك خێزان و چ وەك تاك ڕوو لەو شوێنە دەکەن بۆخواردنەوەی چای و قاوە و کات بەسەربردن و وێنەی یادگاری. ئەو شەقامە نزیکەی زیاتر لە ٣٠ کۆفیشۆپ و ڕیستۆرانت لە خۆدەگرێت، هەروەها چێشتخانەی هەڵواسراو چێشتخانەی فرۆکەش دوو جوانترین و مۆدێرینترین چێشتخانەن، کە لەو شوێنەدا بەدی دەکرێت، درێژیی شەقامەکە کیلۆمەترێك دەبێت، جگە لەوەی شوێنێکە بۆ دانیشتن گونجاوە، هەروەها بۆ پیاسە و ڕۆیشتن لەو شەقامەدا هەنگاوێکە بۆ وەرزش و هەوا گۆڕین.








## کاریکاتێر

لـەم کاریکاتێرەدا، بـاس لـە دوبەرەیـی خەڵکـی جیهـان دەکـەن، ئەوانـەی بڕوایـان بـە خۆپارێـزی بـە دەمامـك و ماسـکەکانەوە هەیـە، کـە هۆشـیاریی بـە کەسـانی دیکـە دەدەن، بـۆ ئـەوەی خۆیـان بپارێـزن لـە ڤایـرۆس و دەردەکانـەوە.





## ئۆتۆمبێل لە ژووری نووستن


ئەو گەنجە ناوی (ڕاندی گالیل)ـە، لە شاری (بۆرت سانت لۆس)ی فلۆریدا ی ئەمریکا دەژی، لە ترسی ڕەشەبا و زریانەکانی (ماتیۆ) کە دواجار لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکیی داوە، ئەویش بەهـۆی خۆشەویسـتیی بـۆ ئوتۆمبێلە کـۆن و ناوازەکـەی، جێگـەی پارککردنـی لـە نێـو ژووره دژه ئاوەکـەی خۆیـدا بـۆ دانـاوە، وەك ئـەوەی کەسـێکی نزیکـی بێـت. هۆکارێکـی دیکـەش ئـەو ئوتۆمبێلـە کـە لـە براندی (بی ئیم دەبلیو)ـە، تەنیـا دوو لـەم جـۆره ئوتۆمبێلـە لـە ئەمریـکادا ماوەتـەوە، بۆیـە ئەویـش ئەوەنـدە بـە پەرۆشـە بـۆ پاراسـتنی لـە ڕەشـەبا و زریـان.




## شازادە شێوازی سێیەم، ئەستێرەی ڕۆمانسی
## The Princess Switch 3: Romancing the Star




فیلمێکـی ڕۆمانسـی و کۆمێدییـە، بـاس لـە دزینـی پاشـماوە بێنرخەکانـی سـەری سـاڵ دەکات، دواتـر لەلایـەن (مارگەرێـت و ستەیسـی) کـە دوو خانمە ماجیك و سیحراوی پڕ جەماوەرن، خۆیان لـە شـێوەی فیۆنـای ڕزگارکـەر نیشـان دەدەن، بـۆ ئـەوەی بـەدوای دۆزینـەوەی پاشماوەکانەوە بـن، مـاوەی فیلمەکـە یـەك کاتژمێر و (٤٦) خولەکـە، لـە دەرهێنانـی (مایـکل ڕۆهـل) و لـە نووسـینی لـی هاکسـالی و، لـە نواندنـی ڕیمـی هیـل و ڤانیشـیان هودگێنـس و سام پالادیـۆ و میـا لویـدە.



## نـــوکتـــە

جارێکیان کەسێك تووشی نەخۆشی بیرچوونەوە بوو بوو، دوای ئەوەی دەچێتە لای دکتۆر و دەڵێت: دکتۆر حاڵەتێکم هەیە شت لە بیر دەکەم؟ دکتۆریش دەڵێت: لە کەیەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بووی؟.

ئەویش دەڵێ: نەخۆشی چ و کام نەخۆشی !

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمـڕۆ ڕەنگـە بـە کاتێکـی قورسـدا تێپەڕێـت، ئەگـەر کەسـێك هـات و ئامۆژگاریـی کردیـت، ئـەوە لـە پێنـاو چاکـەی تۆدایـە و بـە باشـی گوێـی لـێ بگـرە، لـە لایەنـی سـۆزدارییەوە خۆشەویسـتەکەت زۆر ئاشـقتە و، بـە تـەواوی هۆگـرت بـووە، بۆیـە پارێـزگاری لـە پەیوەندیەکەتـان بکـە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمـڕۆ ئـاگاداری کاتەکانتبـە و پـلان بـۆ تـەواوی ڕۆژەکـەت دابنـێ، ڕەنگـە کەمێـك قـورس بێـت کـە بتوانیـت هەندێـك پشـوو وەربگریـت، بـەڵام ئەگـەر سەرنجیشت لای کارەکانت بێت، زوتر بە ئامانجەکەت دەگەیـت، ئـەم چەنـد ڕۆژە هیـچ کاتێکـت بـۆ خـۆت تەرخـان نەکـردووە، پێویسـتە زیاتـر گرنگـی بـە خـۆت بدەیـت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕۆژێکـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی کار بـۆ ئـەو ئامانجە بکەیـت کـە ماوەیەکـی زۆره پلانـت بـۆ دانـاوە، سـەرنجت لەسـەر هەنگاوەکانـت بێـت و بـە وریایـی کاری لەسـەر بکـە، وا باشـترە لـە سـەرەتادا ئامانجەکانـت بـە هیـچ کەسـێك نەڵێیـت، تـا کاتـی گونجاودێت، وەرزش کـردن لەکێشـە تەندروسـتییەکان دورت دەخاتــەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەگـەڵ هەرکەسـێکدا بـە قەبارە خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ بکـە و، دووربکـەوە لـەوەی خـۆت بـە بچـوك بزانیـت و، بەهـای خۆتـت بپارێـزە، بـە زویـی بڕیـار لەسـەر کەسـانی چواردەورت مـەدە، خۆشەویسـتەکەت دەیەوێـت بانگهێشـتت بـکات بـۆ خوانێـك، ڕەتـی مەکـەرەوە چێـژ لـە کاتەکانتـان وەربگـرن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمـڕۆ کاتـی ئـەوەت دەبێـت کـە گـوێ بـۆ کێشـەی کەسـانی دیکـە بگریـت و یارمەتییـان بدەیـت، بـەم شـێوەیە لـە لایەنـی دەروونییـەوە هەست بە ئاسـودەیی دەکەیـت، هەرگیـز بیـر لـەوە مەکـەرەوە لەگـەڵ هـاوڕێ نزیکەکانتدا بگـۆڕێیت، ئەوەی لـە کۆتاییـدا لەگـەڵتدا دەمێنێتـەوە هـاوڕێ دڵسـۆزەکانتن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمـڕۆ لـە کۆتایـی ڕۆژەکەتـدا هەندێـك کاتـی زیـادەت دەبێـت، دەتوانیـت لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەت بەسـەری بەریـت، هەندێـك بیرۆکـەی نوێـت دەربـارەی کارەکـەت هەیـە، بـەڵام ئێسـتا کاتـی گونجاونییـە بـۆ دەرخسـتنیان، لـەم وەرزەدا ئـاگات لـە تەندروسـتیت بێـت و خـۆت فەرامـۆش مەکـە.

## بۆ زانیاریت

# پرۆژەی تویژاڵی neuralink

تویژاڵی neuralink لە داهاتوو بە تەواوی دەگۆڕێت، ئەم تویژاڵانە لە مێشك دەبەسترێن و کەسیش نازانێت کە بەستراوە، تویژاڵەکان هەموو شتێکی نێو مێشك دەخوێنێتەوە، هەموو کردارەکان جێبەجێ دەکات، وەك پێشبینیکردن و شیکردنەوە و پلاندانان و چارەسەرکردنی کێشەکان، شوێنی چاندنی تویژاڵەکان بە جۆرێکە کە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەستەوەرەکانی بینین و بیستن یادەوەری و، چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکان و تەنانەت ئالوودەبوون بکات، لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانەوە وەکو مۆبایل، یان ئۆتۆمبێلی تێسلا دەتوانیت پەیوەندی بە تویژاڵەکانەوە ببەستیت، کە دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر یادەورەیەکان و، تەنانەت خەونەکانیش داو، لە شوێنی فایلەکان زەخیرەی بکات، ئەگەر هەستت بە خەم و دڵتەنگی کرد، ئەوا ئەو یادەوەریانەت بیر دەخاتەوە کە دڵخۆشت دەکەن، پرۆژەکە شتێك دەبێت بەناوی (توانا سەروو سرووشتییەکان) لێرەدا خانەکانی مرۆڤ بەهێزتر دەبن بەراورد بە هەر سەردەمێکی پێشووتر، توانای بینینی زۆر دوور لەگەڵ توانایەکی بیستنی بەهێز، سەرپشك دەبێت لە بەکارخستنی هەستەوەرەکان و کارکردنیان، یان کارنەکردنی، ئەم پرۆژەیە قبوڵکراوە و تاقیکراوەتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەردەست دەبێت.





## پەند و وتە

ئان کارسۆن، نووسەر و شاعیری کەنەدی، هەروەها وتارنووس و وەرگێڕ، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨١ تا ئێستا وانەبێژە لە زانکۆی میشیڵ لە کەنەدا، دەربارەی وشە لە کاتی گوتن و نووسیندا دەڵێت: ئەو وشانەی لە کاتی قسەکردن و نووسیندا دەمانەوێت بیگەینین، گوزارشت لەو مانایە ناکات کە دەمانەوێت بیڵێین، ئەو مرۆڤانەی بە دڵمانن، هەمیشە ئەوانە نین کە دەمانەوێن، بۆیە ئێمە تاك و تەنیان لە ناخی خۆماندا.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا شوێنێك هەیە، هەوڵ بدە بزانیت ئاراستەی پلیکانەکان لە سەرەوە بەرەو خوارەوەیە، یان بە پێچەوانەوە، هەروەها شوێنی وینەگرتنەکەش ئاشکرا بکە، کە ئاخۆ لە سەرەوە، یان خوارەوەی ئەو شوێنەوە وێنەکەی گیراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمرۆ بە تەواوی چەند شتێکی جیاواز تاقی دەکەیتەوە، کە پێشتر ئەنجامت نەداون، ئەمەش هەستێکی خۆشت پێ دەبەخشێت، ژیانت بۆ بیرکردنەوە لە گرفتەکانت تەرخان کردوە و چێژ لە ساتەکانت نابینیت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەرونت دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتەکانی ئەمرۆت بە سوودبینین بە خوێندنەوەوە بەسەر بەرە، هێندە دژی هاوپیشەکان مەوەستە، هەوڵ بدە خۆت لەگەڵ بارودۆخەکانی ئەم ڕۆژانە بگونجێنیت، ئەمرۆ دەرفەتی ئەوەت دەبێت ئەو کێشکانەت چارەسەر بکەیت، کە ماوەیەکی زۆرە بیریان لێ دەکەیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمرۆ کاتی ئەوە نییە خۆت بە خەیاڵکردنەوە سەرقاڵ بکەیت، هێندە خۆت مەخەڵەتێنە، ڕاستییەکان وەکویان خۆی قبووڵ بکە و لێیان ڕا مەکە، ڕووبەڕووی کێشەکانت بوەستە و بەهێز بە، هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت دەست بە ئەنجامدانی پلانەکانت بکەیت، تەنیا متمانەت بە تواناکانت هەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمرۆ ڕۆژێکی باشە بۆ ئەوەی کەسایەتییە نەرم و نیانەکەت نیشانی خەڵکی بدەیت، هەوڵ بدە ئەمرۆت بە پێکەنین و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانت بەسەر ببەیت، چێژ لەو کاتانەت وەربگرە کە لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەت بەسەری دەبەیت، هەندێك کاتیش بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ئەم ماوەیە کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ درکاندنی ئەو نهێنییانەی ماوەیەکی زۆرە شاردوتەتەوە، ئەمرۆ ئەزمونێکی نوێ تاقی دەکەیتەوە و زۆر شتی لێوە فێر دەبیت، خۆشەویستەکەت دەیەوێت هەندێك گفتوگۆت لەگەڵ بکات دەربارەی داهاتوتان، بە هێمنی گوێی بۆ بگرە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك یاسات بۆ خۆت داناوە و کۆمەڵێك سنوورت دروست کردوە، پێتوایە بەزاندنیان کارێکی باش نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو سنوورانە لەزۆر چێژوەرگرتنی ژیان دووریان خستویتەتەوە، واباشترە پێداچونەوەیەك بۆ پلانی ئەمرۆت بکەیت، کات بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکەیت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

# TimeNet Company.Ltd

time net

Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626